# WARVIN.ORG





خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر. لەنجە عەبدوڵلا Lanjaebdulla@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر. تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین. بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com

سکرتێری نووسین. ئەرسەلان رەحمان arsalan.rahman@yahoo.com

راوێژکاری یاسایی. فەوزیە فەقێ رەشید

راوێژکاری دەروونی. د. توانا عەبدولڕەحمان

ئامەد: دیلار سەولەدار   قامیشلۆ: لاڤە خالید

بەغدا: حەلا ناسر   دوبەی: سەنا کوردی

بەڕێوەبەری کارگێڕی
ڕێباز عەبدوڵلا
07504624506

ناونیشان:
هەولێر – عەنکاوە/ گەڕەکی حەدیاب



بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:
mob: 07504624506
Normal: 0662647813
07507460824



warvin.press@yahoo.com

## نەقشبەندی نهێنی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی بۆ وارڤین ئاشکرا دەکات

# ئێران لە پشت لادانی منە



مەریوان نەقشبەندی

فۆتۆ: رەفیق شوکری

**وارڤین – تایبەت:**

**گوتەبێژی پێشووی وەزارەتی ئەوقاف دوای ئەوەی بەفەرمانی وەزیر دەسەڵاتی قسەکردنی بەناوی وزارەتەوە لێسەندرایەوە لەگفتوگۆیەکی تایبەت لەگەڵ وارڤین هۆکاری وەرگرتنەوەی ئەو دەسەڵاتەی ئاشکرا کرد و رەخنەشی لەبێدەنگی حکوومەت گرت و رەوشی ئێستای کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستانی بەفەوزا و مەترسیدار وەسفکردو نیگەرانییشی بەرامبەر بەسیاسەتەکانی وەزیری ئەوقاف پیشاندا و رایگەیاند»ئەو باکگراوندێکی ئایینی هەیەو هیچ بایەخ بەپرسی نەتەوەیی نادات و لەتەمەنی یەکساڵی وەزیریدا رێگەی بەدروستکردنی ٥٠٠ مزگەوت داوە لەکاتێکدا لەچوار ساڵی کابینەی پێشوودا تەنیا ٣٥ مزگەوت دروستکراون».**

**وارڤین: ئەو جۆرە شڵەژاوی و گرفتانەی لەواقیعی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان دروستبوونە ئایا مێژووەکەیان بۆ گوتاری رۆژی هەینی ١٧ی دیسەمبەر دەگەڕێتەوە یان پێشتر؟**

مەریوان: پێموایە ئەم پرسە تەنیا کێشەیەکی ناوخۆیی نییە وەک ئەوەی هەندێککەس وایبۆدەچن و وا پیشانیدەدەن، کە ئەمە تەنیا کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ناوخۆییەو هیچ باکگراوندێکی سیاسی نییە، بەڵام زۆر دەمێکە ئاگام لەوەیە کە هەوڵێکی ئیقلیمی هەیە بۆ شێواندنی رەوشی ئایینی هەرێمی کوردستان و ئەو دەستکەوتانەی، ژنان لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایی بەدەستیانهێناوە دەیانەوێت لەرێگەی بەکارهێنانی ئایینەوە بیانشێوێنن و هەندێک مامۆستای ئایینی بۆ ئەو مەبەستە بەکار بهێنن. ئەو دەستە دەیەوێ هەرێمی کوردستان لەرێگەی مینبەری مزگەوتەکانەوە سەقامگیری ئایینی لەدەستبدات، فەوزای فەتوا لە هەرێم دروستبێ و ئەمەش وادەکات، رەوشی سیاسی هەرێم تێکبدات و دامەزراوە یاساییەکانی بکەونەبەر مەترسی. هەستیش دەکەم رۆژ لەدوای رۆژ بەتایبەتی لە ١٧ی١٢ەوە ئەو بارودۆخە بەرەو هەڵچوون بڕوات.

**وارڤین: مەبەستت لەدەستێوەردانی دەرەکی چییەو کام لایەنی ئیقلیمی لەپشت ئەو کارانەوەیە؟**

مەریوان: دەتوانم بڵێم بەوردی لایەنێکی ئیقلیمی دەرەکییە، ئەو لایەنە کاریگەری هەیە لەسەر کۆمەڵێک لایەنی دیاریکراو لەکوردستان و بەتایبەتی ئیسلامییەکان کە لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا نەیانتوانیوە دەنگی خەڵک بەدەستبهێنن و دەیانەوێ لەرێگەی مینبەری مزگەوتەکانەوە دەنگی خەڵک بەدەستبهێنن و بگەڕێنەوە بۆناو خەڵک. بۆیە دەبینیین ئەو گوتارو داواکارییانەی لە ١٢/١٧ باسکرا هەمان ئەو داواکاری و گوتارانەیە کە نوێنەری حزبە ئیسلامییەکان لەکەناڵەکانی خۆیان و لەپەرلەمانیش باسیانکردووە. ئەوەی لە١٧ی دیسەمبەریش روویدا ئامادەکاری بۆکرابوو، لەرێگەی بڵاوکراوەیەکی گوماناوییەوە ئەو بیرۆکانەیان گەیاندبووە هەندێک لەمامۆستایانی ئایینی و تەنیا دابەشیشیان کردبوو بەسەر ئەو مزگەوتانەی سەر بەگروپێکی ئیسلامی سیاسی دیاریکراون، ئەمانە هەموو بەڵگەن بۆ ئەوەی بڵێن دەستێکی دەرەکی هەیە لەپاڵ راگەیاندنی هەندێک لەحزبە ئیسلامییەکان و مینبەری مزگەوتەکانەوە بەیەکەوە کاردەکەن بۆ تێکدانی رەوشی هەرێم و فەتوا دژی ژنان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەر بکەن.

**وارڤین: بۆچی ئەو فەوزایە لەهەولێرە، ئایا مزگەوت تەنیا لەهەولێر هەیە؟**

مەریوان: ئەگەر لەبیرتان بێت پێش

www.netewe.com

چەندمانگێک یەکێک لەکونسوڵخانەی وڵاتانی دراوسێ بەیاننامەیەکی ڕێبەری شۆڕشی ئێران عەلی خامەنەئی بڵاو کردەوە، ئەوکاتە وەک ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف مەترسی ئەو کارەم ڕاگەیاند و ناڕەزایەتی خۆمان دەربڕی، لەو بەیاننامەیەدا تەحریزی ڕوونی تێدابوو. ئەگەرچی کونسوڵی ئێران ئەوەی ڕەتنەکردووەتەوە. زۆریش سەیرە، حکوومەتی خۆمان و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە هیچ کاردانەوەیەکیان پیشاننەداو لەوکاتەوە هەستمکردووە، جموجۆڵ هەیەو هەستیشکراوە ئەو جموجۆڵە لەوەوە ڕێگەی بۆخۆش بووە کە وەزارەتی ئەوقاف و دامەزراوەکانی بەرەولاواز بوون دەڕوات و خەریکە کۆنترۆڵی زۆربەی مزگەوتەکان لەدەستدەدات.

**وارڤین: باست لەوەکرد، لەوەزارەتی ئەوقافدا فەوزا هەیە هۆکاری ئەوە چییە، لەدوای بیست ساڵ لەحوکمڕانی تازە بەتازە وەزارەتێکی حکوومەتی هەرێم کۆنترۆڵ لەدەستدەدات؟**

مەریوان: ئێستا وەزارەتی ئەوقاف دراوەتە کەسێک کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی لایەنێکی ئیسلامییە، ئەو حزبە ئیسلامییە حەتمەن ئەجێندای خۆی هەیە، هەرچەندە پێویستە وەزارەت بەرنامەو پلانی خۆی هەبێت و بەگۆڕینی وەزیر ئەو بەرنامەو پلانە تێکنەچێت، بەڵام ئەوەی دەبینین وانییە، ئەو فەوزایەی دوای ١٢/١٧ ڕوویدا لەوێدا بینیمان کۆمەڵێک شت ڕوونبووەوە. بۆنموونە: کاتێک وەزیر سووربوو لەسەرئەوەی وشەی جێندەر خراپە، من بە وەزیرم گوت»ڕاستە تۆ لەناو حزبێکی ئیسلامییەوە هاتووی، حزبە ئیسلامییەکان لەناو پەرلەماندا هەموو دژی وشەی جێندەر بوون، بەڵام لەبەرئەوەی لەپەرلەمان ئەو وشەیە پەسەندکراوە، ئێمە وەک حکوومەت پێویستە ڕای زۆرینە جێبەجێ بکەین، نابێ تۆ لێرە لەوەزارەت پشتیوانی لەبۆچوونی حزبەکەت بکەیت«. ئەمە کارەساتە لەناو وەزارەتدا بەوشێوەیە بیربکرێتەوە، بۆیە لەبەرئەوەی وەزیری ئەوقاف کەسایەتییەکی ئایینییەو پێیوایە پێگەو کەسایەتی ئەوان زیاتر لەناو مزگەوتەکاندایە پێی باش نییە، یان بەکارێکی هەڵەی دەزانێ ئەو مامۆستایانەی لەڕێنماییەکانی ئەوقاف لایانداوە پێیانبڵێ کاکە تۆ لەبەرئەوەی لاتداوە هێڵی سوورت بەزاندووە، نابێت گوتار بخوێنیتەوە ئەمە ڕێوشوێنێکی ئیدارییەو هیچ سووکایەتیی نییە بۆ مامۆستایانی ئایینی، نەبوونی ئەمانە وایکردووە، مامۆستایانی ئایینی دڵنیابوون لەوە کە لێپرسینەوە نییەو هەرچی دەڵێن پێیان ئاساییەو تەنانەت وایلێهاتووە، ئامادەنین سکاڵایان لەدژ تۆمار بکرێت و بانگی دادگا بکرێن، بەڵام ئەمانە هەندێکن و هەموو مامۆستایانی ئایینی بەوجۆرە هەڵسووکەوت ناکەن، یاسای وەزارەتی ئەوقافیش، کەلە ٢٠٠٧ دەرچووە یەکێکە لەگرفتە هەرە سەرەکییەکان بۆ ئەوەی لەم دۆخەدا مامۆستاکان زیاتر دەستکراوە بن.

**وارڤین: گرفتەکە لەچیدایە؟**

مەریوان: ئەوەیە کە دەڵێ تەنیا وەزیری ئەوقاف مافی هەیە لێپرسینەوە بەرامبەر بەمامۆستای ئایینی بکات، واتە ئەگەر مامۆستایەک لە کەلار ٢٠ کەس تەکفیر بکات، ئەوە بەڕێوبەری ئەوقافی کەلار ناتوانێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، دەبێ نووسراو بکات بۆ وەزارەت و تا دەگاتەوە وەزیر لەوانەیە لێپرسینەوەکەش نەکات، بەڵگەش بۆ ئەوە لەماوەی تەمەنی یەک ساڵی کابینەی شەشەمدا یەک مامۆستای ئایینی لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکراوە، لەکۆی ٢ هەزار و ٨٠٠ مزگەوت کە گوتاری تێدا دەخوێندرێتەوە. هەروەها گرفتەکە تەنیا لەوەزیر نییە ئێمە کۆمەڵێک بەرپرسمان هەیە لەوەزارەت، وەک ڕاوێژکار و بەڕێوبەری گشتی، لەبەرئەوەی سەرقاڵی کاری ئیدارین، سیاسەتی حکوومەتییان بیرچووەتەوە، دەسەڵاتی خۆیان بەکارناهێنن و لەبەرامبەر وەزیر قسە ناکەن. ئەمە لەکاتێکدایە پێویستە ئەوانە قسەیان هەبێ لەکاتی پێویستدا و لەپاڵ ئەو گرفتانەشدا دەستێکی دیکە هەیە، پێیدەگوترێت یەکێتی زانایان، بەڕاستی پێشبینیم نەدەکرد لەم بارودۆخە ئەوانیش بەوشێوە دەربکەون و ئەگەر بەگشتی سەیری بەرنامەو کار و گوتاری ئەو یەکێتییە بکەین دەبینین ئەوانیش هاوڕێن لەگەڵ ئەو ڕەوشەی کە هەیە، بەشێوەیەک لەشێوەکان لەگەڵ لایەنە ئیسلامییەکاندا بەدوو هێڵی تەریب دەڕۆن ئەگەرچی لێرەولەوێ هەندێک جیاوازییان پیشاندابێت، بەڵگەش بۆ ئەوە

## وەزارەتی ئەوقاف خەریکە کۆنترۆڵی مزگەوتەکان لەدەست دەدات

تائێستا یەکێتی زانایان بەڕوونی ئیدانەی یەک مامۆستای نەکردووە ئەمە لەکاتێکدایە ئەوان ٥ تا ٦ هەزار ئەندامییان هەیە، یانی ماقووڵ نییە ئەو هەموو فەوزایە هەیە ئیدانەی تەنیا یەک مامۆستا نەکەی، ئەمانەش بەڵگەن بۆئەوەی کە گرفتێکی گەورە لەناو دامەزراوەی ئایینی هەرێمدا هەیەو ئەگەر ئەوەش بەردەوام بێت ئەوا ئەو پیلانە دەرەکییەی کە بۆ تێکدانی ڕەوشی ئایینی هەیە سەربگرێت.

**وارڤین: لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی وەزیر تایبەت بەکێشەی جێندەر وەزیر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، پێویستە گوێ لەگوتارەکان بگیردرێتەوە ئینجا لێپرسینەوە بکات، ئەمە ئاماژە نییە بۆ نەبوونی نیەتی لێپرسینەوە لە مامۆستایان؟**

مەریوان: من چەندجارێک تکام لەوەزیر کردووە، ئەو مامۆستایانەی ئەو فەوزایەیان دروستکردووەو ژمارەیان لەپەنجەکانی دەست تێپەڕ نابێت، یەک دانەیان لەمزگەوتێکەوە بگوازەوە بۆ مزگەوتێکی دیکە، ئەو کێشەیە چارەسەردەبێت، بەڵام ڕێوشوێنی نەگرتەبەر. وەزیر مەبەستی ئیجرائاتی نییەو تەنیا دەیەوێت لەڕێگەی ئەو قسانەوە کاتی زۆرتر بەدەستبهێنێت.

**وارڤین: سەرۆکایەتی هەرێم، حکوومەت و پەرلەمان بۆ لەو ڕەوشە بێدەنگن؟**

مەریوان نەقشبەندی: ئێمە ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێممان هەیە بۆ کاروباری ئایینی. ئەو پێشتر وەزیری ئەوقاف بووەو زۆرباش شارەزای ئەو کێشانەیە، لەسەردەمی ئەودا کێشەی ئایینی هەر نەبووە، پێموایە

www.netewe.com

راوێژکاری سەرۆکی هەرێم لەمکاتەدا پێویستە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، پێشبینیش دەکەم ئەو لەو پرسە بێدەنگ نەبێت، چونکە ئەو کێشەیە گەیشتووەتە دەرەوەو لەئاستی ناوخۆش چووەتە هەموو ماڵێکەوەو ئەمەش بووەتە حاڵەتێ کە ئیدی پێویستی بەچارەسەر هەیە . نایشارمەوە لێتان، حکوومەت هەندێک ڕێوشوێنی گرتووەتەبەر، هەندێک ڕێوشوێنی زۆر مەترسیدار کە بڕیاربوو لەوەزارەتی ئەوقافەوە ڕێگەیان پێبدرێت ڕایگرتووە .

**وارڤین: وەک چی؟**

مەریوان: وەک کردنەوەی پەیمانگە ئاینییەکان و قوتابخانەی ئایینی وەزیر بەبێئەوەی وێنەی نووسراو بۆ ئەنجومەن بنێرێت دەسەڵاتی خۆی بەکار هێنابوو، بەڵام سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەشێوەی ڕەسمی بڕیاری دەرکردووە بۆ ئەوەی کار بەو فەرمانەی وەزیری ئەوقاف نەکرێت. نموونەیەکی دیکە لەهەموو وەزارەتەکانی حکوومەتدا لە ٢٠١٠ دامەزراندن هەبووە، بەڵام لەسەر داوای وەزیری ئەوقاف لەماوەی هەموو ئەو ساڵەدا یەک کەس دانەمەزراوە، وەزیریش لەچەند شوێنێک ئەو گلەییەی کردووە .ئەمە بەڵگەیە کە حکوومەت حەزەری هەیەو دەزانێ سیاسەتی گشتی حکوومەت جێبەجێ ناکرێت.

دەمەوێ ئەوەش بڵێم یەکێک لەگرفتە سەرەکییەکانی ئەو هەندە مامۆستایەی لە ١٢/١٧ خولقاندییان تەنیا پرسی جێندەر نەبوو، بەڵکو بەوکارەیان ناوبانگی کۆمەڵگای کوردییان لەکەدار و ناشیرین کردووە، کاتێکیش بۆیاندەرکەوت وانییە، هیچ داوای لێبوردنیان نەکرد.

**وارڤین: لەوڵاتانی جیهانی ئیسلامی حکوومەت یان وەزارەتی ئەوقاف گوتاری سەرجەم مزگەوتەکانی ڕێکخستووە، یەک گوتار دەخوێندرێتەوە، لێرە بۆچی حکوومەت مینبەری ئازاد کردووە؟**

مەریوان: ئەوە پرۆژەیەکەو پێشکەشکراوە، حەزدەکەم واقیعی بین، ڕەنگە ئەو شێوازە ئەگەر نەڵێم محاڵە ئەوا زۆر زەحمەتە جێبەجێ بکرێت، پێشتر مامۆستایان بەوشێوەیە بوون، ئێمە دەمانویست چونکە وەزیری ئەوقاف هەڵگری ئایدۆلۆژیای دینییەو بایەخ بەلایەنی نەتەوەیی نادات، لەوماوەیەی کە کاک

# وەزیر نایەوێ لێپێچینەوە لە مەلاکان بکات

کامیلی حاجی عەلی وەزیری ئەوقاف بووە، ٥٠٠ مزگەوت دروستکراوە، بەڵام بەدرێژای چوار ساڵی وەزیری شێخ محەممەد شاکەلی ژمارەی ئەو مزگەوتانەی کە لەکوردستان دروستکراون ناگاتە ٣٥ مزگەوت، ئەو ٣٥ مزگەوتە هەمووی ناوی کوردی لێنراوە، بەڵام لەو ٥٠٠ مزگەوتە زیاتر لە ٤٠٠ مزگەوتیان ناوی عەرەبییە.

**وارڤین: پێشتر ڕێنمایی وەزارەتی ئەوقاف هەبوو کە ناوەکان بکرێنە کوردی؟**

مەریوان: بەڵێ ئەوە ڕێنمایی بوو، ئەوکاتە دروستکردنی مزگەوت بەمەرج بوو، ئێستا هیچ مەرجێکی ئەوتۆ نەماوە، بەتایبەتی مەرجی نەتەوەیی. کاتێک بەرگی نەتەوەییت لەدامەزراوەی ئایینی کردەوە، ئەوکاتە گرفتی گەورە دروستدەبێت. هەرچەندە سیاسەتی گشتی حکوومەت بە نەتەوەییکردنی دامەزراوە ئاینییەکانە.

**وارڤین: ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پارتی و یەکێتی لە هەولێر بۆچی لاواز بووە، بۆچی ڕاگەیاندنی هێزە عەلمانییەکان چۆکیانداداوەو ئەو پرسانە ناکەنە پرسی خۆیان؟**

مەریوان: پارتی و یەکێتی لەڕاگەیاندنەکانیاندا هەر زۆر شەرمنانەو ترسنۆکانە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسەدا دەکەن و هەرگیز پێشبینیشم نەدەکرد کە بگاتە ئەو ئاستە ڕاگەیاندنی ئەو دوو حزبە لەبۆنەیەکی ئاوادا بێدەنگ بێ و زۆرجار نەک هەر باسی پرەنسیپەکانی خۆیان ناکەن، بەڵکو موجامەلەش دەکەن و زۆرجار بینیومە پارتی و یەکێتی کۆمەڵێک مامۆستای توندڕەوییان هێناوەو ئەوانیان بردووەتە مزگەوتەکان تەنیا لەبەرخاتری ئەوەی یەکجار ناوی سەرۆک بهێنێ و بڵێ جەنابی سەرۆک وایە، لەپەنای ئەویشدا جوێن بدات بەهەرچی بەرپرس و ڕێکخراوەکانی سەر بەپارتی هەیە ئاساییە . ئەم حەقیقەتەشم پێگەیاندوون و بەس لەبەرخاتری ئەوەی لەسلێمانی بڵێن بەخوا هێرۆخان ژنی یەکەمی عێراقەو لەکوردستانیش کاک مەسعود سەرۆکی هەموو دنیایە، لەبەرامبەر ناوهێنانی ئەو دوو وشەیە هەزار و یەک قسە بەپەرلەمانتار و ڕۆشنبیرانی سەر بە هەردوولا بڵێن ئاساییە، ئەوە سیاسەتێکی زۆر هەڵەیە، چۆن چەندین مامۆستای سەلەفیان هێناوەتە پێشەوە هەندێک لەمزگەوت و هەندێک لەڕاگەیاندن، هەرچەند خۆشیان دەزانن ئەوانە زۆر جیاوازن و هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی چەقبەستوون و هەرگیز لەگەڵ کۆمەڵگای کوردی یەک ناگرێتەوەو ئێستا جێیانکردوونەتەوەو ئەم ڕاستیەشم بەراپۆرت داوەتە هەردوو سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی.

**وارڤین: ئێستا لەکەلار، دهۆک و هەندێک ناوچەی کوردستان ڕەوتی سەلەفی تادێت بەهێزتر دەبێت؟**

وارڤین: بۆ زانیاری ئێوە ئێستا لەدهۆک ٣٥ کەسی سەلەفی کە بڕوایان بەهیچ شتێکی ژن نییە لەسەر مینبەری مزگەوتەکانن و تەنانەت پێیاندروست نییە ژن بێتە دەرێ لەماڵەکەی. سڵاوکردن لە ئێزدی و مەسیحیش بەکوفر دەزانن. ئەمانەش هەمووی هەڵەی زەقن و تێدەپەڕن.

**وارڤین: تۆ دوانزەساڵە لەڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافی، بۆچی کتوپڕ بەوشێوەیەو لەمکاتەدا لە پۆستەکەت دوور خرایەوە؟**

مەریوان: لەو ٢٠١١/١/٥ وەزیر فەرمانێکی دەرکردووەو وێنەشی نەداوەتە ئەنجومەنی وەزیران، لەپاڵ فەرمانی یەکەم کە کاک عوسمان موفتی وەک گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف دەستنیشانکردووەو لەخوارەوە ٩ ڕێوشوێن و بڕیاری ئیداری دیکەی دەرکردووە کە هەموویان ئیدارین و تەنیا ئەوەی یەکەمیان سیاسییە، هیچ پەیوەندی بەئیدارییەوە نییە . چونکە بەگوێرەی یاسا گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف پۆست نییە، بەڵکو بەرێوبەری ڕاگەیاندنی وەزارەت بۆی هەیە لێدوان بۆ ڕایگشتی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بدات و وەزیر هاتووە ئەو دەسەڵاتەی منی لابردووەو

www.netewe.com



کردوویەتی بەپۆستێک.

**وارڤین: کەواتە تۆ هەر بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی؟**

مەریوان: بەڵێ، لەبەر کاریگەری ئەو ڕایەی کە من وەک گوتەبێژی وەزارەت گەیاندوومە، بۆیە بڕیاری لادانی منی داوە، ئەمەش یەکێکە لەئەڵقەی ئەو زنجیرە ڕووداوانەی، لەم ماوەیەدا ڕوویانداوە. لەلایەکی دیکەوە وەزیری ئەوقاف فشاری لەسەرەو تەکفیری من کراوەو هەمیشە ئەوە گوتراوە، تا من بمێنم مانای وایە وەزارەت هی بزووتنەوە نییە، مزگەوتەکان لاواز دەکرێن، وەزیریش بەخێرایی بەدەمیانەوەهات. دووهەمیش لەبارەی پرسی جێندەرەوە، لەپاڵ وەزیردا ئەو بۆچوونەی وەزیرم ڕەتکردەوە، کە گوتی»جێندەر یانی بێئەخلاقی و شزوزی جنسی» و گوتم ئەوە تەنیا ڕای وەزیر خۆیەتی و ڕای وەزارەت نییە، ئەمەش باو نییە لەهەرێم فەرمانبەری وەزارەت بێت و ڕای پێچەوانەی وەزیر بێ و ئەسڵیش وایە وەزیر لەو شتانەدا بەپرسوڕا کاربکات و یەکسەر بڕیارنەدات و نەچێتە پاڵ حزبەکەی.

یەکێک لەهۆکارەکانی دیکەش کە تارادەیەک شاراوەیە، ئەوەیە کاتێک ئێران بۆردومانی ناوچە سنوورییەکانی دەکرد، کونسوڵی ئێران سەردانی کردین، داوایکرد چالاکی هاوبەش بکەین و داوەتی ئێرانیشی کردین بۆ گەڕان، پێش ئەوەی وەزیر وەڵامبداتەوە من قسەم کرد و گوتم لەمدۆخەدا هیچ زەمینەیەک بۆ ئەوە نییە ئێمە سەردانی ئێران بکەین، کاتێک ئێوە بۆردوومانی ئێمە دەکەن و خەڵک ئەوەمان چۆن لێ قبوڵدەکات کە ئاوارەی تۆپبارانی ئێران بن و ئێمەش بچین بۆ گەشت، یان ئێمە چۆن بزانین کە لەو چالاکییە هاوبەشانەدا ئێوە نیازتان پاکە، ئێوە بەیاننامە بەناوی خامەنەئی بڵاو بکەنەوەو تەحریزی خەڵک بکەن، بەڕای من ئەوە داواکارییەکی ئێرانە، چونکە ئەوە کاریگەی هەیە لەسەر پەیوەندی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان و من بێدەنگی حکوومەتیش لەبارەی ئەو ڕێوشوێنەی وەزیر گرتوویەتەبەر بەرامبەرم بۆ ئەوەی دەگەڕێنمەوە، کە ئەم بژارەش یەکێک بێ لەهۆکارەکان، چونکە لەو ١٢ ساڵەدا یەکجار بەمنی نەگوتووە تۆ ئەو لێدوانەت هەڵەداوە.

هەروەها من زۆر دژی ئەوە بوومە ئەوقاف ببێتە دامەزراوەی فەتواوشەرع و گوتوومە ئەوقاف دامەزراوەیەکە پێویستە بۆ خزمەتی مامۆستایان بێت و مزگەوت و کڵێسە دروستبکات، بەپێچەوانەوە هەندێک ئەم ئاراستەیەیان پێ قبووڵ نییە.

**وارڤین: کەواتە حکوومەت ڕازییە؟**

مەریوان: تائێستا کە ٣ ڕۆژە ئەو فەرمانە دەرچووە یەک بەرپرسی حکوومی پەیوەندی بە منەوە نەکردووە بڵێ لەبەرچی ئەمە کراوە، بۆیە پێشبینیدەکەم بەجۆرێک لەجۆرەکان حکوومەت لەم بڕیارە ڕازییە یان ئەوەیە کەوتووەتەژێر کاریگەری حزبە ئیسلامییەکان و هەندێک لەمامۆستایانی ئایینی، ئەمەش دەمخاتە گومانەوە کە تەنیا وەزیر بڕیاری نەداوە، ڕەنگە دامەزراوەیەکی حکوومی یان لەحکوومیش باڵاتر و هەندێک لەدامەزراوەی حزبی لەپارتی و یەکێتی لەگەڵ ئەو بڕیارەدابن. ئەو بێدەنگییە حاڵەتێکی سەیرە، هەرچی ڕێکخراوی ژنان و کۆمەڵگای مەدەنی و ڕاگەیاندنە پەیوەندییان پێمەوە کردووە لەسەر هۆکاری ئەمە، زۆر سەیرە یەک کەسی ڕەسمی لە حکوومەت و حزب تائێستا پرسیاری نەکردووە. ئەمەش دوو حاڵەتی هەیە، یان ئەوەتا ڕازین، یان ئەوەیە کە ئاگاداری ئەو ڕەوشە نین کە ئێستا لەوەزارەتی ئەوقافدایە.

**وارڤین: بۆ قۆناغی ئێستا بۆ دەربازبوون لەوەی ناوت نا «فەوزای فەتوا» باشتر نییە هەرێمی کوردستان موفتییەکی دیاریکراوی هەبێت؟**

مەریوان نەقشبەندی: نەخێر، لەکابینەی پێشوودا جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەو پرۆژەیەی پێشنیاز کرد، ناردییە ئەوقاف تا تاوتوێ بکرێت، ئەگەر ئێستا مەلاکان تەنیا مینبەری مزگەوتەکانیان بەدەستەوەیە، ئەو فەوزایەیان دروستکردووە، ئەگەر یەکێکیان ببێتە موفتی، دەبێ چ کارەساتێک ڕووبدات، کاتێک یەکێک دەبێتە موفتی خۆی لەسەرووی سەرۆکی هەرێمیش لەقەڵەمدەدات، بۆیە ئەوە فیکرەیەکی هەڵەیە، باشترین ڕێگە ئەوەیە دەستەیەکی فەتوا هەبێت و ئەو دەستەیەش فەتواکانی یەکلاکەرەوە نییە، مامۆستاکان پابەند نابن بەفەتواکانییان و دەتوانم بڵێم لەسنووری ئیدارەی یەکێتی ئیعتراف بەم یەکێتی زانایانەی ئێرە ناکرێت چونکە لەوێ تەنیا لایەنە ئیسلامییەکان دەرچوون و زۆر کەم یەکێتیان تێدایەو گوێ بەفەتواکانی ئێرەش نادەن.

www.netewe.com

# هەندێک لە ئەندامانی کۆنگرە لەگەڵ ئەوە نەبوون ژن بچێتە سەرکردایەتییەوە



**وارڤین – تایبەت:**

**دوای تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر گرێدانی کۆنگرەی دوازدەهەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ٢٠١٠/١٢/١١ کۆنگرەی سێزدەهەمی خۆی گرێدا.**

چنار سەعد عەبدوڵڵا، یەکێکە لەو ژنانەی کە بەدەنگی خۆی گەیشتووەتە سەرکردایەتی پارتی. ئەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات جگە لەپرۆژەی هاوبەشی ئەوان وەک ژنانی سەرکردایەتی، لەپەیڕەوی ناوخۆی پارتی بایەخێکی زۆر بەژن دراوە، گوتی **«دیارە پێدانی دەرفەت بەئافرەت بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی سەرکردایەتی نیشانەی هەبوونی پلانێکی تایبەتە بۆ خزمەتکردنی ئافرەتانی ئەندامی حزب و ئافرەتانی کورد بەگشتی»**.

ئەو گوتیشی **«لەکاری ڕێکخراوەییدا کەسەکانی ناو ئەو چوارچێوەیە مەرجە پابەندبن بەرامبەر ئەوکارو بەرنامەیەی کە ئۆرگانەکە پەسندی کردووە»**، لەبەشێکی دیکەی قسەکانی گوتی **«لەپرۆگرامی تازەی پارتیدا لەبڕگەیەکی سەربەخۆ، زۆر بەبایەخەوە ئاماژە بەڕۆڵ و پێگەی ئافرەت و بایەخدان بەماف و پێگەیاندنی ئەو ڕەگەزە کراوە، ئەمەش لەگەڵ بڕگەکانی دیکەی پرۆگرامی حزب بەرنامەی کارکردنی ئێمەش پێکدەهێنێت»**.

## « ٥ ژن بۆ سەرکردایەتی زۆر کەمە»

لەبارەی ئەو ٥ ژنەی لەکۆنگرە چوونەتە سەرکردایەتی و ڕێژەی ١٠٪ سەرکردایەتی پێکدەهێنن، ئەووەک ژنێک لەو سەرکردایەتییە ئەو ڕێژەیە بە «کەم» دەزانێت، ڕایوایە

کارکردنی ژنان بەبەردەوامی لەو بوارە دەبێتە هۆیەک بۆ ئەوەی ژنان بەرێژەیەکی زیاتر بێنە ناو ئەو بوارەوە، چنار دەڵێ **«ئەگەر بەراووردی ئەو رێژەیە بکەین لەگەڵ رێژەی ئافرەت لەکۆمەڵگای کوردستاندا، وەک لەئامارەکان بەدیارکەوتووە، رێژەی پیاو زیاترە. هەروەها بەبەراوورد لەگەڵ رێژەی ئەو ئازارو مەینەتییەی کە ئافرەتی کورد هاوکات لەگەڵ پیاواندا لەگشت قۆناغەکاندا کێشاویەتی، هەروەها بەبەراووردیش لەگەڵ رادەی بەشداری ئەمڕۆی ئافرەتان لەبەڕێوەبردنی زۆربەی دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێم رێژەی بەشداریکردنی کارای ئافرەتان لەپرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنەکاندا، وەک رێژە زۆر کەمە»**.

گوتیشی **«هەرچەند رێژەکە کەمە، بەڵام بۆ ئەم قۆناغەی هەرێم، بەهۆی زاڵبوونی کەلتووری باوکسالاری، کە بووەتە هۆی ئەوەی متمانەیەکی ئەوتۆ بەتوانستی ئافرەت نەبێت لەبواری کاری سیاسی و سەرکردایەتیدا، لەهەمانکاتیشدا بەهۆی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی، هاندەر نەبووە، تاکو زۆرینەی ئافرەتانیش وەکو پێویست بایەخ بەپەروەردەکردن و رۆشنبیرکردنی خۆیان بدەن، ئەو هۆکارانە هەمووی بەیەکەوە ناچارمان دەکەن، بۆ ئەو قۆناغە لەسەر ئەو رێژەیە رازی ببین، بەڵام بۆ قۆناغەکانی داهاتوو کارو چالاکییەکانی ئێمە مەرجە ئەو رێژەیە بگۆڕێت وبەرزتری بکاتەوە»**.

## ژنان رێگربوون

وەک یەکێک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێشووی پارتی بەر لەکۆنگرە بە وارڤینی راگەیاندبوو چناریش ئەو راستییە دووپاتدەکاتەوە کە پرسی ژنان بۆ سەرکردایەتی پارتی تا گرێدانی کۆنگرە بەهەڵواسراوی مابووەوە. رایەک هەبوو دەوترا ٪٢٠ دەبێ، هەندێکیش ٪١٦ دواجار ٪١٠ بوو. چنار، ئاشکرای دەکات بەر لەدەستپێکردنی کۆنگرە سەرکردایەتی پارتی و تەنانەت سەرۆکی پارتیش لەگەڵ رێژەیەکی بەرزبووە، چنار، ئاماژە بەوە دەدات، کە باس لەرێژەی ٪٢٥ کراوە، ئەو بەنیگەرانییەوە گوتی **«بەرلەدەستپێکردنی کۆنگرە زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی و خودی بارزانیش بۆ هەبوونی رێژەیەکی بەرچاو لەئافرەت لەناو سەرکردایەتی پارتیدا پشتیوان بوون، تەنانەت قسە لەسەر رێژەی ٪٢٥ لەسەدا دەکرا، کەچی لەناو کۆنگرەدا رەوتی جیاواز و بۆچوونی جیاواز پەیدابوون، هەندێکیان بەبیانووی رێگرتن لەچوونە سەرکردایەتی ئافرەتی لاواز، هەندێکیش بەهۆی بەرژەوەندی تایبەت، هەندێکیش هەر باوەڕیان بەوە نەبوو، کە بوونی ئافرەت لەسەرکردایەتیدا پێویستییە، دژی ئەو بیرۆکەیە راوەستان و لەئەنجامدا پاش مشتوومڕێکی زۆر رێژەکە کرا بە ٪١٠»**.

ئەندامێکی سەرکردایەتی پێشووی پارتی لە لێدوانێکدا بۆ وارڤین کە لەژمارە ٣٢ی گۆڤارەکە بڵاو کرایەوە روونیکردەوە، زۆرکات ژنان خۆیان رێگرن لەبەردەم چوونیان بۆ سەرکردایەتی و وەرگرتنی پلەو پۆستی بەرز. ئەگەرچی ژنان ئەوە رەتدەکەنەوە، بەڵام چنار، باس لەوحاڵەتە دەکات، کە لەکۆنگرەی سێزدەهەمیش دووبارە بۆتەوە، گوتی **«رێژەیەکی زۆر لەئافرەتانی ناو کۆنگرە دژی هەبوونی کۆتا، یاخود رێژەیەکی بەرز بوون بۆ ژنان بێگومان ئەوانیش پاساوی خۆیان هەبوو بۆ ئەو مەسەلەیە»**.


## قۆناغێکی کۆمەڵایەتییە

ئەگەرچی ٥ ژن لە سەرکردایەتی پارتین، بەڵام تەنیا **(چنار سەعد عەبدوڵا، بەیان سامی عەبدولڕەحمان)**، بەدەنگی خۆیان گەیشتنە سەرکردایەتی، سێیەکەی دیکە بەکۆتا بوون. لەگەڵ ئەوەی بەر لەدەستپێکردنی کۆنگرە خودی ژنان کۆتایان رەتکردۆتەوە، چنار ئەو بارۆدۆخە دەگەڕێنێتەوە بۆ بوارە کۆمەڵایەتیەکە، گوتی **«ئەو دۆخە ئەوەندەی مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییەو پەیوەستە بەجۆری فەرهەنگی باو لەو کۆمەڵگایەدا، پەیوەندی تەنیا بەپارتییەوە نییە»**.

چنار، رایوایە بەشێکی زۆری پارتە سیاسیەکان تووشی قەیران هاتوون لەپرسی بەشداری ژن لەناوەندی بڕیارو کارکردن، گوتی **«دڵنیام، زۆربەی پارتە سیاسییەکانی هەرێم، تەنانەت عێراقیش لە پرسی ئافرەتدا تووشی قەیران هاتوون. ئەمە قۆناغێکی کۆمەڵایەتییەو دەبێ تێیبپەڕێنین»**.

گوتیشی **«وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانیش بەشێوەیەک لەشێوەکان بەهەمان قەیراندا تێپەڕبوونە، بەڵام بێگومان پێویستی بەکار و بەرنامەی جدی هەیە»**.

پارتی دیموکراتی کوردستان ٦٤ ساڵە دامەزراوەو لەماوەی ئەو تەمەنە درێژەیدا تابەستنی کۆنگرەی ١٣هەمی خۆی لەهەولێر تەنیا ٣ ژن توانیویانە بچنە ناو سەرکردایەتی ئەو حزبەوەو ژنانی ئەو حزبە خۆیان دانبەوەدا دەنێن کە نوێنەرایەتی ئەوان لەسەرکردایەتی لەئاستی پێویستدا نییەو بەگوتەی دکتۆر چنار عەبدوڵای ئەندامی سەرکردایەتی نوێی پارتی هێشتا هەندێک لەناو پارتیدا هەن بڕوایان بەوە نییە ژن بچێتە سەرکردایەتییەوە.



ئاڤان فارس جاف

www.netewe.com



# راهێنەرێکی بواری جێندەر:
# شەمشەمەکوێرەکان لە روناکی دەترسن

**وارڤین – تایبەت: بەڕێوەبەری بەرنامەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵ، لەرێکخراوی ئێن پی ئەی نەرویجی عالیە رەشید، لەدیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ وارڤیندا هێرشکردنی مەلاکان بۆ سەر رێکخراوەکانی ژنان و چەمکی جەندەر بە «دەستی دەرەکی یان تێنەگەیشتنی خودی مەلاکان» دەزانێ و دەڵێ، پێویستە رێکخراوەکانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو هەڵەیە راستبکەنەوە.**

**وارڤین: پێناسەو مفهومی جەندەر چییە؟**

– **عالیە:** (Gender) یان جۆری کۆمەڵایەتی کە زۆر جیاوازە لەمانای رەگەز (Sex). ئەو چەمکەیە کە باس لەجیاکارییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان هەردوو رەگەزی نێرو مێ دەکات کە داتاشراون لەجیاوازییە بایۆلۆجیەکان. بەکارهێنانی جێندەر هەرگیز واتای رەگەز نییە کە دەکرێت رەگەز بۆ هەر جۆرە ستاستیکێک بەکاربێت. جێندەر، بۆ شیکردنەوەی رۆڵ و بەرپرسیارێتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەردوو رەگەز لەشوێن و کات و دۆخی کۆمەڵایەتی جیاوازدا بەکاردێت. ئەو رۆڵ، بەرپرسیارێتی و پەیوەندییە جێندەرییانەش لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکیتر و لەکۆمەڵگەو کەلتوورێکەوە بۆ کۆمەڵگاو کەلتوورێکیتر دەگۆڕێت. ئەمەش جیاوازییەکیترە لەگەڵ رەگەز کە جێگیر و نەگۆڕە لەهەر کاتوشوێن و دۆخێکدا بێت.

**وارڤین: واتای یەکسانی جەندەری چییە؟**

– **عالیە:** مامەڵەکردنی یەکسان لەگەڵ هەردوو رەگەزی نێر ومێ لە ماف و بەرپرسیارێتی، رۆڵ و دەرفەت لەسەر بنەمای رێزو شکۆداری بۆ هەردووکیان وەک مرۆڤ. لەبەرچاوگرتنی پێداویستییە تایبەتیەکانیان لەگەڵ پشتبەستن بەیەکسانی لەماف، ئەرک، بەرپرسیارێتی، دەستکەوت، دەرفەت و ئازادییەکان.

**وارڤین: سەرەتای سەرهەڵدانی چەمکی جەندەرلەکوێ بووە؟**

– **عالیە:** سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم چەمکە بۆ ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە کە (ان اوکلی) و هاوکارەکانی ئەم زاراوەیان بۆ وەسفکردنی تایبەتمەندییە دیاریکراوە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان نێر و مێ بەرامبەر بەتایبەتمەندییە بایۆلۆجیەکان دانا. لەهەشتاکانەوە بەشێوەیەکی فراوانتر بەکارهێنراوە.

**بەڕاستی من گومانم لەبەیاسایی‌کردنی هەربابەتێک هەیە چونکە نموونەکان وایلێکردووین کە بەگومان بین**

**وارڤین: هەندێک دەڵێن، جەندەر کەلتوورو هاوردەی ژنانی رۆژئاوایەو ناکرێ لێرە پەیڕەو بکرێت تۆ چی دەڵێی؟**

– **عالیە:** ناکرێت بڵێین جێندەر هاوردەی ژنانی رۆژئاوا یان هەرگروپێکیترە، بەڵکو چەمک و زانستێکی کۆمەڵایەتییە، راستە لەرۆژئاواوە سەریهەڵداوە، هەر وەک زۆربەی چەمکەکانیتر کەلە شوێنیترەوە دەستیانپێکردووەو بەهەموو جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. گەر بڵێین چەمکی جێندەر ناکرێ لێرە پەیڕەو بکرێت کەواتە چەمکەکانیتری وەک دیموکراسی، لیبراڵی و سۆسیالیستی.. هتد ناکرێت پەیڕەو بکرێن. چونکە ئەوانیش هەڵقوڵاوی کۆمەڵگای ئێمە نین و لەکەلتوور و بیرکردنەوەی ئێمەوە دوورن.

**وارڤین: ئایا مفهومی جەندەر پێچەوانەی ئایینە بەتایبەت ئایینی ئیسلام؟ یان بۆ قۆناغی ئێستای هەرێمی کوردستان پێویستە ئەو بنەمایە لەیاساکاندا جێگیر بکرێت؟**

– **عالیە:** من هیچ پێچەوانەیەک نابینم

بۆ مەفهومی جێندەر لەگەڵ ئایین وئیسلامدا، چونکە بنەمایەکی سەرەکی ئایین و بەتایبەت ئایینی ئیسلام جەخت لەدادپەروەری دەکاتەوە. شتێکی زۆر باشە گەر ئەم بنەمایە بەیاسا رێکبخرێت بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەگەر بێینەسەر ئێستای هەرێمەکەمان و قسەی لەسەربکەین، ئەوا بەدوو ئاراستەدا دەڕۆین، یەکەم ئەو هەرێمەی بەقسە باسی دەکەین و دەیرازێنینەوە، دووهەم ئەو هەرێمەی سەر ئەرزی واقع. بەڕاستی من گومانم لەبەیاساییکردنی هەربابەتێک هەیە چونکە نموونەکان وایلێکردووین کە بەگومان بین. ئەوە یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان، یاسای رۆژنامەوانی، قسەکردن لەسەر هەموارکردنی یاسای باری کەسی...هتد. دواتر لەلایەن کێوە ئەم بابەتانە یاسایی دەکرێت؟ بێگومان ئەمە ئەرکی «پەرلەمان»ە. بەڵام بەچاوی خۆمان دەبینین پەرلەمان چۆن و بەچی ئاراستەیەک گفتوگۆ لەسەر بابەتەکان دەکەن. چۆن و لەسەرچ بنەمایەک دەنگ بەیاسا دەدەن. لەکاتی هێنانەئارای بابەتێکی دیاریکراو بۆ ناو پەرلەمان دەبینین ئەوەندەی سەیری لایەنی پێشنیازکەری بابەتە دەکرێت، ئەوەندە سەیری ناوەرۆکی خودی بابەتەکەناکرێت.

**وارڤین: رۆژی هەینی رابردوو کۆمەڵێک مەلا لەچەندین مزگەوتی شاری هەولێر، کەوتنە هێرشکردن بۆسەر چەمکی جەندەر، بەهۆیەوە لەلای هەندێ خەڵک مانای جێندەر شێوێندراوە. هەندێک پێیانوایە جەندەر تەنیا لە «هاوسەرگیری هاورەگەزان»داکۆبووەتەوە؟**

- **عالیە:** لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ ئەو بەشەی لە «مەلاکان»و ماموستایانی ئایین دەپرسم ئایا خۆیان چەند لەچەمکی جێندەر تێگەیشتوون؟ بۆ بابەتێکی لەمجۆرە من بیرم بەلای دووشتدا دەڕوات یان ئەو «مەلایانە» پێانگووتراوە بەو ئاراستەیە قسەلەسەر جێندەر بکەن. ئەوەش بۆ مەبەستێکی دیاریکراوە یان تێنەگەیشتن و راگەیاندنی ئیفلاسی خۆیانە. هەرچەندە من زیاتر بۆخاڵی یەکەمیان دەچم. چونکە جۆرێک لەکەلتوور هەبووەو هەیە، لە وڵاتی

# ئەو «مەلایانە» پێانگووتراوە بەو ئاراستەیە قسەلەسەر جێندەر بکەن

ئێمەو هاوشێوەیە ئێمە ئەویش کاتێک دەسەڵاتداران بیانەوێ سەر لەخەڵکی بشێوێنن بۆ دۆخێکی دیاریکراو جا ئەگەر ئەو دۆخە خولقابێت یا بیخولقێنن ئەوە بابەتێک دەورووژێنن وخەڵکی پێوە مەشغوڵ دەکەن، بۆ ئەوەی واقعی ئەو دۆخە دیاریکراوەی کە خۆیان مەبەستیانە کەمبێتەوە. ئاشکرایە کە ئێستا زۆر بابەتی هەستیار و گرنگی گەرموگوڕ هەیە وەک (رۆڵی داهاتووی کورد لەحکوومەتی ناوەندی عێراق، دابەشکردنی پۆست، بودجە، دەرئەنجامی گۆنگرەی پارتە سیاسیەکان و کفتوگۆکانی ناو پەرلەمان.. هتد). باشترە بۆ هەندێک بابەتێکیتر هەبێت و قسەی لەسەر بکرێت، ببێتە باسوخواسی خەڵکی. ورووژاندنی جێندەر بۆ ئەو مەبەستە بەباش زانراوە.

**وارڤین: لەگەڵ ئەوەی ئیسلام یەک بەرنامەیە، هەندێک رەوتی ئیسلامی سیاسی یان پارتە ئیسلامییەکان بەتەواوی دژی جەندەرن و بەپێچەوانەوە هەندێکیان مامەڵەیەکی بژێردراوی لەگەڵ دەکەن. ئەوە بۆچی بەگەرێتەوە؟**

- **عالیە:** ئەگەر خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ رەوت، پارت و بزووتنەوە سیاسییەکانی لای خۆمان بکەین، جا ئیسلامی بێ یان لیبراڵی، دیموکراسی، قەومی، شیوعی یان هەر ئایدۆلۆجیایەکیتر، دەبینین لە بەرنامە گشتیەکانیاندا تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوەن، جگە لەئیسلامی و شیوعی نەبێ، بەڵام لە پەیڕەوکردنی ئەو بەرنامانەدا، زۆر جیاوازی دەبینین تەنانەت لەگەڵ یەکتر و دژبەیەکتریش. ئەمەش بەگوێرەی کات پێویستی خۆیان لەکوێ و لەچ کاتێکدا پێویستیان بەچییە؟ بۆ پارتە ئیسلامییەکانیش هەمان دۆخە.

**وارڤین: هەندێک دەڵێن، یەکسانی جەندەری لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئێمەدا ناگونجێ، گوایە مەترسی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیخەڵکەیە؟**

- **عالیە:** بەڕای من ئەو (هەندەی) دەڵێن یان لەپشتی ئەو هەندەوەن مەترسی لەسەر ژیانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی ئەوان هەیە نەک خەڵک، بەڵام بۆ ئێمەی زۆرینەی کۆمەڵ چ جۆرە مەترسییەکە؟ ئەگەر هەردوو رەگەز وەک یەک دەرفەت وەرگرن و مافیان هەبێ و رۆڵبیبن و بەرپرسیارێتی هەڵگرن لەپێناو بەشداریکردن، پێگەیشتن، کارکردن بەرەوپێشکەوتنی وڵات، خزمەتکردن، بنیاتنانی کۆمەڵگا، پەروەردەکردنی نەوەی نوێ، بەمەدەنیکردن، نەهێشتنی پێشێلکاری دژ بەمرۆڤایەتی...هتد مەترسییە؟ من خۆم ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک لەم شتانەی سەرەوەدا دەبینم و لەوە زیاتر نازانم مانای چییە؟ یان ئەمە ترسی شەمشەمە کوێرەیە لەڕووناکی؟

**وارڤین: پێتوانییە ئەرکی رێکخراوی بواری کۆمەڵگای مەدەنییە، ئەو تێگەیشتنە ناڕاستە چاکبکەنەوە؟**

- **عالیە:** بێگومان ئەرکی سەرەکییان بریتییە لە: هەوڵدان بۆ بەمەدەنیکردنی کۆمەڵ و ئاراستەکردنی خەڵکیش بۆ راستکردنەوەی ئەو (سوئتەفاهومانە) یەکێکە لەئەرکەکانی رێکخراوەکان.

پرۆفایل:
*چالاکوانی سیاسی و شارەزای بواری کۆمەڵگەی مەدەنی
*راهێنەر لەبواری یەکسانی جەندەری و راوێژکاری خۆبەخش
* بەکالوریوس لەزمانی ئینگلیزی

www.netewe.com

# ئافرەت و بەشداری سیاسی



عەدالەت عومەر

## بەشی دووهەم

کێشە سەرەکییەکانی ئافرەتان لەئاستی جیهان بەگشتی و لەهەرێمی کوردستان بەتایبەتی هەر لەسەرەتای دروستبوونی، خۆی لەسی تەوەری سەرەکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا خستەڕوو. ئەم کێشانە خۆیان لەم چوارچێوانەدا نواند: مافی خوێندن و کار، کەمی کرێی کار، بەشداری لەبەڕێوەبردنی دەسەڵات، ئازادی بیروڕا، یەکسانی نێرو مێ لەئەرک، ماف و هەروەها دادپەروەری کۆمەڵایەتی. ئەم داواکارییانەش بوونەتە هۆکاری چەندین شۆڕشی هزری، رۆشنبیری، دروستبوونی دەیان حزب و رێکخراو بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئافرەتان لەدژی نایەکسانییەکان و لەهەمانکات بەدەستهێنانی مافەکانیان لەوانەش قوتابخانەی فیمینیزم کە خۆی وەک بیروباوەڕ چەندین لقی لێبووەتەوە. هۆکاری هەریەک لەم کێشانە دەگەڕێتەوە بۆ دابەشبوونی دەسەڵات بەشێوەی نابەرابەر لەکۆمەڵگاو عەقڵیەتی زاڵی پیاوسالاری. ئەو سیستەمە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەسەڵات و پێگەی ژنان لەکۆمەڵگادا. بۆیەش لەسەرەتا گۆڕینی ئەو سیستەمە نامۆیە یەکێک لەگرنگترین شتەکانە کە رێگای بەشداری سیاسی ئافرەتان خۆشدەکات و دەبێتەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگاو رێگرتن لەتوندوتیژی، بۆ ئەوەی سیستەمی یەکسانی جێی بگرێتەوە، بەو مانایەی هەموومان بانگەشەی مرۆڤسالاری بکەین، لەجیاتی پیاوسالاری و ژنسالاری».

یەکێکیتر لەرێگرەکانی بەشداری سیاسی ئافرەتان «رەگەزییە» دەتوانین بڵێین لە وڵاتە هەرەپێشکەوتووەکانیش تائێستا سیاسەت بەکاروباری پیاوان دەژمێردرێت و ئافرەتان تێیدا پەراوێزخراون. ئاماژەیەکی خێرا بەژمارەی سەرۆککۆماری ئافرەت یان سەرۆکوەزیران و ئەندامانی پەرلەمان و کاربەدەستانی بەڕێوەبەر لەپلەی بەرز لەئاستی دونیادا نیشاندەری ئەو راستییانەن. پەیکەری سیاسی نادیموکراتیک لەسیستەمی سیاسی ناوەندخواز ئیستبدادی و دیکتاتۆری لەگرنگترین رێگرەکانی بەشداری سیاسی ئافرەتانە لەمجۆرە سیستەمانەو دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسیی لەنێوان نێرو مێ، بوونی نییە.

وەک دەزانن بەشداری سیاسی یەکێک لەبەرزترین جموجۆڵەکانی کۆمەڵایەتییەو بەبناغەی ژیانی کۆمەڵایەتی دێتە هەژماردن. ئاساییە کە بەشداری سیاسی مافی هەر کەسێکەو بەشداری ژنان لەسیاسەت دەبێتەهۆی کەمکردنەوە یان لەناوبردنی نادادپەروەری، نابەرابەری و بایەخێکی زۆری هەیەو رێڕەوێکی شیاوە. لێرەدا پێویستە سەبارەت بەکارکردن و بەشداری کۆمەڵایەتی ئافرەتان دان بەراستییەکی تاڵدا بێنین. راستە ئافرەت وەک کرێکار یان فەرمانبەر لەئاستی بەرز و نزم لەدامودەزگای حکوومی و ناحکوومی کاردەکەن، بەڵام لەگرووپەکانی کار (**وۆرک تیم**) بەشێوەی بیروڕا و هزرو هێزێکی بەتوانا رۆڵی پێنادرێت. جاری وا هەیە، خودی ئافرەتان دەبنەهۆی لەدەستدانی متمانەی رەگەزی بەرامبەریان. بەدرێژایی مێژوو تائێستا کۆمەڵگای کورد لەژێرگاریگەری گۆڕانکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری جیهان دووچاری گۆڕانکاری بووەتەوە، لەم ناوەندەشدا ئافرەتان وەک زۆرینەی کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان دووچاری زۆر لەکێشەوگیروگرفتی کورتخایەن و درێژخایەن بوون و قوربانی زیاتریان لەم پێناوەدا داوە. بوونەتە چڵەپوپەی نەهامەتییەکان و شوێنەواری نێگەتیڤی زۆری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و دەروونی ئەوان جێهێشتووە. هەرچەند ناتوانین نکوڵی لەداواکارییەکان و هەوڵەکانی ئەمڕۆی خەڵک سەبارەت بەدامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی، پێشکەوتنی سیاسی، یەکسانی رەگەزی و ئابووری باشتر کە ریشەی لەشۆڕشەکانی دیموکراتیک لەسەد ساڵی رابردودا هەیە بکەین.

ژن چ مەبەستێکیان لەبەشداری سیاسی هەیە؟ بۆ دەیانەوێ لەدانانی پرۆگرامە ستراتیژییەکان و بەڕێوەبردنی دەسەڵات رۆڵی کارایان هەبێت و شانبەشانی پیاوان هەنگاو بێنن؟ بەڕای من مەبەست ئەوەیە ئافرەتان چیتر خوازیارنین تەنیا وەک کارێکتەرێک و ئەکتەرێکی پشتپەردە سەیربکرێن، وەک ئەوەی لە شۆڕشەکانی رابردوو ناویان هاتووە. دەیانەوێ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی رەگەزی مسۆگەر بکەن و نایانەوێت چیدی وەک پاشکۆی پیاوان سەیر بکرێن. سەرەڕای ئەوەی هەمووما‌ن دەزانین ئامادەبوونی ئافرەتان لەگۆڕەپانی سیاسی بەردەوام زۆر خاوبووەو بەهەنگاوی بچووک بەرەوپێشچووە، لەمناوەندەدا تەنیا ئافرەتان لەوڵاتانی پێشکەوتوو کە دیموکراسی ماوەیەکی درێژخایەن لەوێ دروستبوو کەمێک لەپێشترن، دەنا زۆربەی هەرەزۆری ئافرەتان لەباقی جیهان بەتایبەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا حاڵیان جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، نەخشەوپلانی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لەجیهان سەبارەت بەپێشکەوتنی مرۆیی و ئاوەدانکردنەوە کە بەشداری سیاسی ئافرەتان یەکێک لەپلانەکانیان بووە نەیتوانیوە ئەوەندە کاریگەر بێت لەگۆڕانی رەوتەکەدا، ئەوەتا لەساڵی ٢٠٠٨ گۆڕانکارییەکان لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان بەشێوەی داتاو خشتە نیشاندرا، سەرەڕای هەڵکشانی بەشداری ژنان لەسیاست لەدەستپێکی پرۆگرامەکانیان لەوڵاتانی جیهانی سێهەم و ئامادەبوونی ژنان لەپەرلەمانەکانی دونیادا بەگوێرەی سیستەمی کۆتای ٢٥٪ لەساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٨ (٢٪) لەماوەی سێ ساڵ بەرزبۆتەوە، ئەم بەرزبوونەوەیە لەبەشداری ئافرەتان زۆر کەمترە لەم رێژەییە، ئەگەر بمانەوێ یەکسانی رەگەزی لەئاستی جیهان بەدەست بێنین، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە پیاوان رێگربوونە لەپێگەیشتنی ئافرەتان.

لەبەندی ٢ی مادەی (٢١)ی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا هاتووە «**هەر کەسێک مافی هەیە بەمەرجی یەکسان کارێک بۆ خۆی هەڵبژێرێت**». ئەم بەندە زۆر راشکاوانە هەرجۆرە جیاوازی سیاسی، بیروڕا، رەگەزی، تایفی، ئایینی، چینایەتی و پۆلینکردن رەتدەکاتەوە.

www.nefewe.com

# ٦٠٪ی پێکهاتەی دانیشتوانی عێراق ژنن، بەڵام یەک ژن لە کابینەی حکوومەتدا نییە

## ژنە پەرلەمانتارێک: هەڵوێستی کوتلەکان مایەی نیگەرانی و پێکەنینە

وارڤین – بەغداد: ژنە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەکوتلەی هاوپەیمانی کوردستان ئامینە سەعید رایگەیاند، بەرپرسانی هەندێک کوتلەی سیاسی لەپێناو بەرژەوەندی بەرتەسکی خۆیان ژنیان لەوەرگرتنی پۆستە وەزارییەکان بێبەشکرد. هاوکات ژنە نوێنەرێکی دیکەش دەڵێ «کوتلەکان نیگەرانی دەردەبڕن بەرامبەر بێبەشبوونی ژنان ئەمەش مایەی پێکەنین و پەژارەیە لەیەککاتدا».

لەپرسی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراقدا ژنان زیانمەندی سەرەکی بوون بەهۆی ئەوەی هیچ پۆستێکی وەزاری کارایان پێنەدراو ئەمەش ناڕەزایەتییەکی زۆری ئەو ژنانەی لێکەوتەوە، کە لەبواری مافەکانی ژنان چالاکی ئەنجامدەدەن و هەندێک لەو ژنانەش هەڕەشەی ئەوەیان کرد، ئەو پرسە دەبەنە بەردەم دادگای فیدراڵی بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی، ئەگەر بێت و ژنان بەشدارییەکی کارایان لەکابینەی حکوومەتی سەرۆکوەزیران نوری مالکی پێنەکرێت.

لەدوای راگەیاندنی کابینەی حکوومەتەکەی نوری مالکی، ژمارەیەک لەو چالاکوانانەی ژنان روویانکردە بارەگای سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران بەمەبەستی دروستکردنی فشار لەسەر کابینەی مالکی بۆئەوەی لەو پۆستە وەزارییانەی ماوە بەگوێرەی ئەوەی لەدەستوری عێراقدا ماف دراوەتە ژنان پۆست وەربگرن.

بەگوێرەی دەستوور رێژەی ٢٥ لەسەدی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ ژنان تەرخانکراوە.

لەسەر ئەو بنەمایە لەئێستادا ٨٢ ژن لەئەنجومەنی نوێنەران ئەندامن، لەکۆی ٣٢٥ نوێنەر، بەڵام لەپێکهاتەی نوێی حکوومەتدا، کە لە ٤٢ وەزارەت پێکهاتووە هیچ ژنێک پۆستی وەزارەتی کارای پێنەبەخشراوە.

لەوبارەیەوە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کوتلەی هاوپەیمانی کوردستان ئامینە سەعید دەڵێ «بێبەشکردنی ژنان لەوەرگرتنی پۆستە وەزارییەکان مایەی نیگەرانی زۆری ئێمەیەو بەخشینی تەنیا وەزارەتێک بەکاروباری ژنان لەگەڵ ئاستی خواست و داواکانی ژنانی عێراق یەکناگرێتەوە».

گوتیشی «هەندێک لەبەرپرسان لەپێناو بەرژەوەندی بەرتەسکی خۆیان رێگرییان لەوە کردووە، ژنان پۆستی وەزاری بەدەستبهێنن و بگەن بەمافەکانی خۆیان».

گوتیشی «ئێمە وەک ژنانی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران هەوڵەکانمان خستووەتەگەڕ لەپێناو گێڕانەوەی ئەو مافەی ژنان و رێبەرانی سیاسی وڵاتمان لەوە ئاگادار کردووەتەوە کە پێویستە پۆستی وەزاری بۆ ژنان تەرخانبکرێت و ئەو رەوشە هەروا نەمێنێتەوە».

ئاماژەشی بۆ ئەوەکرد، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاڵا تاڵەبانی گوتبووی با وەزارەتی ژنانیش بدرێت بە پیاوێک، لەو بارەیەوە گوتیشی «ژنە پەرلەمانتارەکان ناوبەناو کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی پرۆژەو بەرنامەی کاری داهاتووی خۆیان دەستنیشانبکەن و هەموویان بەیەکەوە روانگەیەکی هاوبەشیان لەبارەی پرۆسەی سیاسی عێراقەوە بۆدروست ببێت».

ئەو گوتیشی «ئەو هەڵوێستەمان پەیوەندی بەوەوە نییە کە تەنیا داخوازی لەبەدەستهێنانی پۆستی سیادی دەکەین، بەڵکو ئەو هەڵوێستە بەرگریکردنە لەمافی ژنانی عێراق، کە لەئێستادا زیاتر لەیەک ملیۆن ژن هەن کە هاوسەریان لەدەستداوە. ئێمە وەک داکۆکیکردنێک لەمافی ئەو ژنانە بەپێویستی دەزانین ژنان لەپۆستە باڵاکاندا بوونییان هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانرێت خزمەتی زیاتری ژنان بکرێت، ئەمە لەکاتێکدایە، لەسەدا ٦٠ی دانیشتوانی عێراق لەژنان پێکهاتووە».

هەر لەوبارەیەوە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەکوتلەی عێراقییە، عەتاب ئەلدوری بۆ وارڤین گوتی «ئێمە وەک ژنان بەتوندی ئیدانەی شێوازی دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکانی کابینەی حکوومەتی مالکی دەکەین، چونکە لە دابەشکردنی پۆستەکاندا هیچ رەچاوی پرسی ژنان نەکراوەو مافی ژن نەدراوە».

گوتیشی «ئەو شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ ژناندا پیشانیدەدات کە ئەوان هیچ بڕوایان بەتوانای ژنان نییە».

هەروەها گوتی «ئەگەر ژنان ناتواناو ناکارابووان ئەوە چۆن دەگەیشتنە ئەنجومەنی نوێنەران ئەمە لەکاتێکدایە زۆربەی ژنان بەتواناو لێهاتوویی خۆیان لەدەرەوەی سیستەمی کۆتا، بەڵکو بەدەنگی خۆیان گەیشتوونەتە ئەنجومەنی نوێنەران».

هەر لەو چوارچێوەیەدا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران عامرە ئەلبەلداوی لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ وارڤین داوایکرد، ژنانی ئەنجومەنی نوێنەران پەلەبکەن لەکاراکردنی کوتلەی ژنان لەئەنجومەنداو بە پێویستیشیزانی ئەو کوتلەیە هەوڵەکانی بخاتەگەڕ لەپێناو بەدەستهێنانی پۆستی وەزاری لەکابینەی حکومەتدا.

ئەو نوێنەرە گوتی «کابینەی حکوومەتی نوێ ژنانی بێهیوا کردووەو ژنان دەستبەرداری ئەو مافەی خۆیان نابن و لەرێگەی کۆکردنەوەی واژۆ و ئەنجامدانی کۆڕو کۆنگرەی رۆژنامەوانییەوە بەئاشکرا ئەو خواستەی خۆیان راگەیاندووە».

ئەو ئاماژەشی بۆ ئەوەکرد، هەموو کوتلەکان بەپەژارەوە باس لەبێبەشبوونی ژنان لەوەرگرتنی پۆستە وەزارییەکان دەکەن و نیگەرانی دەردەبڕن، ئەوەش جێگەی نیگەرانی و پێکەنینە لە یەک کاتدا، چونکە ئەگەر ئەوان نیگەرانن، ئەی کێ هۆکاری ئەو بێبەشبوونەیە.

**حەلا رۆستەم**



www.netewe.com

# با ژینگە نەتۆرێنین



شەرمین حەمەد خۆشناو

هەر لەئەزەلەوە مرۆڤایەتی خواستی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی و لەمێشکیدا چەکەرە دەکات و لەگەڵ گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی ئەم ویستە لەلایەن مرۆڤەوە رۆژبەڕۆژ رووەو هەڵکشانە. ئەگەر خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی لەژیان لەلایەن مرۆڤەوە بووبێتە ئامانج و هەوڵ و تێکۆشانەکانی سەرجەم مرۆڤایەتی بەهەموو ئاراستە جیاوازییەکانیەوە لەم پێناوەدابێت، ئەوا حاڵەتێکی لای مرۆڤ دروستکردووە کە خۆی بەخاوەنی هەموو پێکهاتەکانی گۆی زەوی بزانێت. لەمبارەدا لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی، مرۆڤ شتگەلێکی زۆری کردووەتە قوربانی حەزە لەبننەهاتووەکانی. ئەگەر بەوردبینییەوە سەیری مێژووی سەرهەڵدانی مرۆڤایەتی بکەین لەسەر گۆی زەوی ئەوا دەبینین ئەم حەزەی مرۆڤ لەئەنجامدا بووەتە حەزێکی ماڵوێرانکارو سەرهەڵدانی کێشەو گرفتی ئەوتۆ کە لەکۆتاییدا بەشەڕی گەورەی وەک جەنگە جیهانییەکانی یەکەم و دووهەم کۆتایی هاتووە. کەواتە مرۆڤ لەپێناوی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی هەموو سنوورەکانی رێزگرتنە لەبوونەوەرەکانی دیکەی گۆی زەوی دەبەزێنێت، جگە لەقوربانیبوونی مرۆڤ سەرجەم پێکهاتەکانی ژینگەش قوربانی دەستی ئەم ململانێیە توندوتیژەن، کەواتە ئێمەی مرۆڤ لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆمان و باڵادەستبوونمان، بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بووینە کە هەموو شتێک بکەینە قوربانی خۆمان.

ژینگە ئەو دایکە میهرەبانەو ئامێزە گەرم و بەخشندەیەیە، کە بەبەردەوامی هەوڵیداوە بەرگەی ئەم دڵە رەقەی مرۆڤ بگرێ. لەئێستادا ژینگە وردەوردە لەسەرتاسەری جیهاندا شەکەتبوون و ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیارە. بۆیە سەیر دەکەین لێرەو لەوێ بەتوڕەییەکی زۆرەوە دەیەوێ پێمان بڵێ: ئیدی لەتوانا و تەحەمولیدا نەماوە، چیتر بەرگەی ئەو هەموو دەستدرێژی و زیادەڕۆیە ناگرێ کە دەکرێتەسەری.

مرۆڤایەتی بەگشتی و بەتایبەتی وڵاتانی گەورەی جیهانی لەئێستادا لەبەردەم بەرپرسیارێتییەکی گەورەی مێژوویی و ئەخلاقیدان لەپێناوی چۆنیەتی دەستگرتن و پاراستنی ژینگەی گۆی زەوی. چونکە لەئێستادا بەحەققەت ئەوەی کە دەگوترێ ژینگە لەمەترسیدایە بووەتە راستییەکی حاشاهەڵنەگرو بووەتە هۆکارێک بۆ روودانی چەندین کارەساتی سروشتی وەک: تسۆنامی و دیاردەی بەبیابانبوونی رێژەیەکی زۆری زەوی و وشکەساڵی و کەمبارانی و هەروەها بەرزبوونەوەی رێژەی بوومەلەرزەو پیسبوونی بەرگە هەواییەکان بەسەرجەم گازە پیسکەرەکان.

ئێمەی دانیشتووی هەرێمی کوردستان لەعێراق ئەگەر لەئاست بەرفرەوانی گۆی زەوی و پانتایی بەرفرەوانی ژینگە کونجێکی بچووکمان گرتبێت، بەڵام لەگەڵ بچووکی ئەم کونجە بەرامبەر بەسەرجەم مرۆڤایەتی و ژینگەی گەردوون بەرپرسیاریەتێکی گەورەمان لەئەستۆدایە. بەداخەوە بەهۆی دەسەڵاتدارانی پێشوو ئەم هەرێمە زۆر بێبەزەییانە کەوتبووەبەر شاڵاوی شەڕ و جەنگی یەک لەدوای یەک، بەشێوەیەک رژێمی بەعس زۆر دڵڕەقانەو بێبێبەزەییانە هاووڵاتیانی عێراق و ژینگەی خستەبەر رەحمەتی باروت و چەکی کۆکوژ و کیمیایی کە تائێستاش شوێنەواری زام و ناسۆری ئەو ستەمە گەورەی رژێمی بەعس بەجەستەی مرۆڤی عێراقی و ژینگەکەیەوە دیارە. بەڵام ئەوەی زیاتر ژان دەخاتە دڵی مرۆڤەوە لەپڕۆسەی بونیادنانی دەوڵەتی عێراق لە ٢٠٠٣ەوە دووبارە ژینگە کەوتووەتەبەر رەحمەتی رق و کینەکانی مرۆڤ و لەخەیاڵدان و زهنی دەسەڵاتداران و سیاسەتمەدارانی عێراق ژینگە کونجێکی بچووکیشی نەگرتووەتەوە. بۆیە من لێرە لەم سەکۆیە رووی داواو تکام دەکەمە سەرجەم مرۆڤایەتی و هاووڵاتیانی عێراقی بەتایبەت دەسەڵاتداران و سیاسەتمەداران و دەڵێم باچیتر ژینگە نەکرێتە کاڵایەکی سیاسیانەی بێ نرخ تەنیا لەپرۆپاگەندەو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەکاربهێنرێت. با لەمەودوا پاراستنی ژینگەو ژینگەپارێزی بکەینە بنەمای ئەخلاقیاتی مرۆڤایەتی و بەویژدان و بەبەرپرسیارێتیەوە دایکە میهرەبانەکەمان بپارێزین و دڵسۆزبین بۆ میهرەبانی ئەو.

www.netewe.com

# ناپاکی هاوسەری
# هەڕەشە لە ئاسایشی خێزان دەکات

وارڤین — کەرکوک:

دوای ئەوەی سکاڵای لەلایەن مێردەکەیەوە لەسەر تۆمارکراوە، ژنێک بەتاوانی ناپاکی هاوسەرگیری و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لەلایەن دادگاوە بە شەش ساڵ زیندانی حوکمدراوە. ئەو ژنە دەڵێ «هاوسەرەکەم لەگەڵم خراپ بوو و هەموو رۆژێک شەڕمان دەکردو کوڕی پوورەکەم لەبەرامبەر ناساندنی کەسێک پێم داوای کاری سێکسی لەگەڵ کردم و منیش رازیبووم». توێژەرێکی دەروونیش هۆکاری ئەو کردەوەیە دەگێڕێتەوە بۆ پەروەردەو قۆناغی منداڵی ئەو ژنە.

(ن.ع) ژنێکی باڵا بەرزی سوورو سپییەو ئێستا لەبەڕێوبەرایەتی چاکسازی کەرکوک ماوەی یاسایی حوکمەکەی دەگوزەرێنێت. لەبارەی بەسەرهاتی خۆیەوە دەڵێ «دانیشتووی گەڕەکی (ع.س) ماڵی باوکیشم دانیشتووی گەڕەکی قەسابخانەن، شوومکردوەو خاوەنی منداڵێکم، کە تەمەنی نزیکەی دوو ساڵ و نیو دەبێت».

ئەو لەبارەی ژیانی هاوسەری خۆی و مێردەکەیەوە گوتی «سەرەتا هیچ کێشەیەکمان نەبوو، بەڵام دواتر تووشی ناخوشی بووین، هەموو رۆژێک هاوسەرەکەم دەهاتەوە تووشی شەڕ دەبووین».

هەروەها گوتی «بەهۆی ئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەم دڵمان لەیەک شکا بوو، من حەزم لە کوڕێک کرد بەناوی (ع.ت) کە هاوڕێ کوڕی پورم بوو، کاتێک لەڕێگەی پورزاکەم ویستم بیناسم پورزاکەم گوتی من بەمەرجێک پێتی دەناسێنم، کە لەگەڵم کاری سێکسی ئەنجامبدەیت، منیش بۆ ئەوەی بەو کوڕە بگەم، بەو کارە رازیبووم».

ئەو ژنەو پورزاکەی بەمەبەستی ئەنجامدانی کارێکی سێکسی روودەکەنە ماڵی مامێکیان و چۆڵی ئەو ماڵە بەدەرفەت دەزانن بۆ ئەوەی بتوانن بەیەکەوە بن «چووین لەماڵی مامێکم کەچۆڵ بوو، بۆ یەکەمجار لە پشت پیاوەکەمەوە ئەمکارەم ئەنجامدا».

دوای ئەوەی ئەو ژنە سێکسی لەگەڵ پورزای خۆی ئەنجامداوە، لەبەرامبەردا ئەویش ئەو کوڕەی پێناساندووە، کە خۆشیویستووە «پاشان من (ع.ت)م ناسی و ئەویش پاش ئەوەی ماوەیەک بەیەکەو بووین بەڵێنیدا بمخوازێ، هەمان داواکاری لێکردم. منیش چونکە ئەوم خۆشدەویست رازیبووم. سێکسم لەگەڵی کرد لەماڵی هاوڕێیەکی کە ماڵیان رۆیشتبوو بۆ میوانی، لەو ماوەیەدا دووجار سێکسم لەگەڵ (ع.ت) ئەنجامداوەو یەکجاریش لەگەڵ پورزاکەم». لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کەرکوک عەقید خورشید حەمید، گوتی «ئەو ئافرەتە بەدوو تاوان سزا دراوە، یەکەم تاوانی ئەنجامدانی ناپاکی هاوسەرگیرییە، کە بەدانپێدانانی خۆی لەگەڵ دوو کەس ئەوکارەی ئەنجامداوە، ئەوی دیکەشیان بەکارهێنانی مادەی بێهۆشکەرە».

ئەو ژنە هەروەها ئێستا زۆر لەو کارانەی پەشیمانە. ئەو دەڵێ: «راستە من هەڵە بووم، بەڵام هاوسەرەکەشم هۆکار بوو. من پەشیمانم و لێرەش زۆر بێتاقەتم. من بەهەموو ئەو ژنانە دەڵێم کە مێردیان کردووە ئاگایان لەخۆیان و لەهەڵووکەوتیان هەبێت. هەروەها داوا لە پیاوەکانیش دەکەم، لەسەر شتی پڕوپوچ و بێبەها بیانوو بە ژنەکانیان نەگرن، بەڵکو لەگەڵیان باش بن و رێزیان لێبگرن».

ئەو بەڕێوەبەرەی پۆلیس لەبارەی تاوانی دووهەمەوە گوتی «ئەو ژنە ماددەی هۆشبەری بەکارهێناوەو پیاوەکەی پێ بێهۆشکردوەو پاشان چووە لەگەڵ کەسانی دیکە کاری سێکسی ئەنجامداوە، هاوسەرەکەشی سکاڵای لەدژ تۆمارکردووەو ئێستاش بەگوێرەی یاسای سزادانی عێراقی مادەی٣٧٧ بۆ ماوەی شەش ساڵ سزای بەسەردا سەپاوە».

سەبارەت بەهۆکاری ئەنجامدانی ناپاکی هاوسەرگیری لەلایەن هاوسەرانەوە نەرمین نەجمەدین پسپۆڕی دەروونی گوتی «باری دەروونی، ژینگە و پەروەردە رۆڵێکی سەرەکییان هەیە لەبەلاڕێدابردنی تاکەکان و پەنابردنیان بۆ ناپاکی هاوسەرگیری».

گوتیشی «هەندێکجار منداڵ دەیەوێ کارێک بکات یان کارێک دەبینێ لەرێگای کەناڵێکی تەلەفزیۆنی یان دایک و باوکی یان کەسانی دەوروپشتی، بەڵام پێیناکرێت، ئەوە تامەزۆری دەبێت، بەڵام کاتێک گەورە دەبێت و ژن دەهێنێت یان شوو دەکات، چاوی تێر نابێت و زۆر هەوڵی ئەوە دەدات ئەو حەزەی بێنێتە دی، لەوەوە تووشی لادان دەبێت».

جێگری راگری کۆلیژی یاسای کەرکوک و شارەزا لەبواری یاسای تایبەت زانا ئیسماعیل، تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن هاوسەرانەوە بەکارێکی دروستدەزانێت و لەوبڕوایەدایە رێگەی شایستە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشانە لەبری پەنابردنەبەر کوشتن و توندوتیژی گرتنەبەری رێگەی دادگایە.

ئەو گوتی «کاری ئەو پیاوە زۆر بەکارێکی باش دەزانم لەبەرئەوەی هەوڵیداوە، لەرێگەی یاساوە کێشەکەی چارەسەر بکات». گوتیشی «ناپاکی هاوسەرگیری هەر لایەک بیکات چ ژن بێ یان پیاو کارێکی نامرۆڤانەیەو لەبەرژەوەندی ژیانی هاوسەریدا نییە. ناپاکی هاوسەرگیری هەڕەشەیەکی جدییە بۆسەر ژیانی هاوسەرگیری و پێویستە هەردوولا بەشێوەیەکی یاسایی مامەڵە لەگەڵ یەک بکەن و ناکرێ ژنێک هێشتا لەهاوسەرەکەی جیانەبووەتەوە، پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە دروستبکات و بە پێچەوانەشەوە راستەو پێویستە هاوسەران تا ئەوپەڕی رادە پارێزگاری لە ژیان و ئاسوودەیی خێزانەکانیان بکەن».

ئا: لەکە تەنیا



www.netewe.com


# «حیجاب مۆرکی کوردی پێوە نییە»

## جەمال نەبەز بۆ وارڤین:
## ئیسلامیستەکان هەموو بەرنامەیەکیان بۆ دژایەتیکردنی ژنان پێیە

**وارڤین: لەگەڵ ئەوەی دەگوترێ «حیجاب و عابا کەلتووری کورد نین» دیاردەی حیجاب لەهەرێمی کوردستان بەرەو زێدەبوون دەچێت. بەڕای ئێوە هۆکارەکان چین؟**

– **جەمال نەبەز:** نەک هەر پێچەو رووداپۆشین و عابا، بەڵکو گەلێک شتی دیکەش هەن کە کەلتووری کوردنین و کەچی لەمسالانەی دواییدا بەرەوفرەبوون دەچن. وەک: گەندەڵی و بەرتیلخۆری، تەمەڵی، مشەخۆری، ژنکوژی، لەشفرۆشی مێینە، پارەپەرستی و ساختەکاری، لەپاڵ کزبوونی هەستی نیشتمانپەروەری و تێکشکانی کەسایەتی کورد و لەنێوبردنی ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردستان. ئەمە لەکاتێکدا کە هێندەک کەلتووری رەسەنی کورد هەن، بەرەونەمان دەچن، وەک رێزگرتنی مافی دراوسێتی، رێسای میوانداریێتی، گیانی هەرەوەزی و بەدەنگەوەهاتنی لێقەوماوان، فەرهەنگ و بەرهەمی گوندنشینی و.... هتد. هەرچی وشەی «حیجاب»ە، ئەوە هەفتجار لەقورئاندا نێوی هاتووە. هەرهەفتجارەکەش بەمانای «پەرێزگرتن» و «خۆدوورخستنەوە» دێ. نەک بەمانای «روو» یان «سەرودەموچاوی خۆ»داپۆشین.

لەبارەی ئەوەوە کە پێچەو رووداپۆش (برقع) لەکەیەوەو لەکوێوە داهاتووە، چەند تیۆرییەک هەیە. لەهەموویان بەهێزتر و جێی باوەرتر ئەمەیە کەلە فارسەکانەوە داهاتبێ. چونکە لەکۆمەڵگەی عەرەبی پێش ئیسلامەتیدا، ژن پێچەو رووپێداپۆشی نەبووە، بەڵام جۆرە سەرپۆشێکیان هەبووە کە لەگەرمای بەتینی هاوینی دورگەی عارەبستان و خۆڵ و تۆزو لمی ئەوێ پاراستوونی. ژنان، دەموچاو و تەنانەت بەرۆکیان (شوێنی نێوان هەردوو مەمک، بەعارەبی جلابیب) بەدەرەوەبووە (دوایی پەیامبەری موسڵمانان (محەممەد) ئەوەی رێبەندکرد، پاش ئەوەی پیاوێک هێندە سەیری بەرۆکی... ژنێکی کردبوو، خۆی کێشابوو بەدارێکداو برینداربووبوو. کابرا



www.netewe.com

چووەلای پەیامبەروباسی رووداوەکەی کرد بۆی. ئەوجا ئایەتێک هاتەخوارەوە کە دەبێ ژنان بەسەرپۆشی سەریان ئەوشوێنەبگرن.

ژنانی عەرەب لەسەردەمی «نەزانی»دا کەبە «جاهلیەت» نێوبراوە سەربەستییان لەهێندێک شتدا هەبووە، توانیویانە لەهێندێک بۆنەدا بەکۆمەڵ وبەڕووتی خۆیان پێشانبدەن. بەتایبەتی لەکاتێکدا کەپیاوانی هۆزەکەیان چووبن بۆشەڕ دژبەهۆزێکی دی، ژنەکانیان لەوبۆنەیەدا بەرووتی هەڵپەڕیون وگۆرانییەکیان گوتووە کە ماناکەی ئەمەیە: «ئەگەر ئێوەبردتانەوە، ئەوالەشی ئێمە بۆ ئێوەیە. خۆ ئەگەر دوژمن بردییەوە، ئەوالەشی ئێمە دەبێتەماڵی دوژمن».

فارسەکان پاش ئیسلامبوونیان، کارکردێکی گەورەیان هەبووە لەسەر کۆمەڵگەی عارەب، بەتایبەتی لەسەردەمی عەباسیەکانداو لەوپێوەندییەو، ئەوجا بەهۆی بەشدارییان لەئاینزای شیعەیەتیدا، عەرەبەکان پێچەو رووداپۆشیان (برقع) لەفارسەکانەوە وەرگرتووە. زۆر رێی تێدەچێ کەوشەی «برقع» وشەیەکی ئێرانی بێ.

لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا پێچەو رووداپۆش و عەبا نەبووە، بەهێزترین بەڵگەش ئەوەیەکە ژنە لادێیەکان لەکوردستاندا هەتا ئەوڕۆش نەپێچە دەگرنەوەو نەعەبا دەپۆشن. راستە پێش دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران، پێچە و رووداپۆش لەوشوێنانەی کوردستاندا کەلەژێر دەستی عارەب وفارسدا بوون هەبووە، بەڵام پێچەو عەبا بەمفرەییەی ئەوڕۆ نەبووە. ئەمە کارکردی کۆماری ئیسلامی ئێرانەو، ئەنجامی ئەو ترس و تۆقاندنەیە کە دەسکەلاکانی رژێمی ئاخوندەکانی ئێران لەکوردستاندا خستوویانەتە دڵی خەڵک و کۆڵکە مەلاکانی کوردستان، لەسێبەری نەبوونی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی و نەبوونی زانایانی گەورەی وەک مەلا محەممەدی کۆیی ومەلابچکۆلی هەولێری و مەلا محەممەدی قزلجی تورجانی ومەردۆخی کوردستانی و مەلاجەمیلی رۆژبەیانی و شێخ محەممەدی خاڵ و سەعیدی نەورسی وماشووقی خەزنەوی و، بەسوودوەرگرتن لەبوودەڵەیی دەسەڵاتی گەندەڵی کاربەدەستانی هەرێم، رێکراوەتەوە بۆ ئەمانە، بەچەپوڕاستدا کۆمەڵگەیکوردابڕژێنن.

**وارڤین: ئایا لەکوردستاندا «حیجاب» مۆرکێکی ئایینی هەیە یان پێوەندی بەهاتنی ئایدیۆلۆژیاو ئیسلامی رامیارییەوە هیە؟**

– **جەمال نەبەز:** پێچەو رووداپۆش لەکوردستاندا نە مۆرکێکی ئایینی کوردی هەیەو نە مۆرکێکی رێسایی کوردی. لەو شوێنانەدا ئەبێ کە لەژێر دەسەڵاتی عارەب، فارس و ئەوجا تورکدا بوون، وەک شارەکان. بەڵام–وەک لەمەوبەر گوتم– لەوشوێنانەدا کە ئەو دەسەڵاتە بیانییە داگیرکەرانەیەی نەیگەیشتووەتێ، وەک گوندەکان، ئەو مۆرکە بەدیناکرێ. عەباو رووپۆشیش رێسایینین. دیارە، ئەو ئیسلامەتییەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران و چەند دەوڵەتێکی دیکتاتۆریی دیکەی وەک حیجاز و سۆدان کردوویانە بەئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتدارییەکەیان کارکردێکی بەهێزی هەیە بۆ سەپاندنی رووپۆش و عەبا بەسەر ژناندا. چونکە ئیسلامیستەکان، بەداخەوە، هەموو بەرنامەکەیان هاتووەتەسەر ئەوەی ئازادیی ژنان نەهێڵن کە ئەمەشیان بەتەواوی پێنەکرێ، زەوروزۆنگ و توندوتیژی بەکاردەبەن و بەنێوی ئایینەوە پیاوان هاندەدەن کە ژنان کەنەفتبکەن. ئەوەتا دەبینین لەمساڵانەی دواییدا ژنکوشتن گەیشتووەتە رادەیەک کە بەڕاستی بووەتە پەڵەیەکی یەکجار رەش بەنێوچاوانی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە. چونکە ئەوانن کە بەرپرسن لە پاراستنی ژیان و سەربەستی خەڵکەکەی ئەوێ. ئەمەش مەترسییەکی گەورەی دروستکردووە بۆ شێواندنی فەرهەنگی کوردو ناشیرینکردنی رووی کورد بەرامبەردەرەوە. هەر ئەمەشە کە ئەرکی راپەرینێکی رۆشنبیرانەی نەتەوەیی خستووەتەسەر شانی ژنانی کوردستان کە بە بەرنامەیەکی رامیاری وجڤاکی گشتگرەوە بۆ هەموو کۆمەڵگا، واتە بۆ پیاوانیش، بەڵام لەباری سەرنجی ژنێتی و هزری مێینەوە، بێنە گۆڕەپانی رکەبەرێتی و، فەرمانیشیداوە بەویژدانی هەموو پیاوێکی سەربەرزو رۆشنبیری کورد، لەوانەی کە نامووسی خۆیان لەلەشی ژناندانابینن، بەڵکوناموسی خۆیان لەئازادی خۆیان و ژنانی نەتەوەکەیاندا دەبینن کە بەشێوەیەکی جەماوەرانە پشتی ئازادی ژنان بگرن و رووی ئەوانە رەشکەن کە دەیانەوێ بە فڕوفێڵ وکەڵەک، فەرهەنگی بیانی سەردەمی بەرد بەسەر نەتەوەی کورددابسەپێنن.

ئەوانەی کە ئەو رێیە چەوتەیان گرتووە، دەبێ باشبزانن کە هەر زیان بەکورد ناگەیەنن بەڵکو بەخۆشیان دەگەیەنن. زوو یان درەنگ خۆیان لەبەرچاوی نەتەوەی کورد سووک وریسوا دەکەن. ئەوەی سەرنجدابێ بەدرێژای ساڵان و هەرلەکۆنەوە هۆشیاریمدابێ و پێشبینیم کردبێ، چارەنووسی کۆمۆنیستەکان بوو. ئەو هەڵانەی کۆمۆنیستەکان کردیان هەر لەدەرویشیتیەوە بۆ رژێمی تیرۆریست و کوردکوژ و دژبە ئازادی سۆڤیت، ئەوجا دەروێشی بۆ ملهۆڕەکانی چین و ئەلبانیاو هەرلە کاوێژکردنی قسەکانی لینین، ستالین، ماوی خەرفاو و ئەنوەری خواجاوە بیگرە، تا دەگاتە بەگژداچوونی هەموو بیرو بۆچونێک کە لەبیرو بۆچوونی کۆنەپەرستانەی خۆیان نەچێ، ئەوەبوو ئەوکوێرەوەرییەیان بەسەرهات کە پاش هەرەسهێنانی رژێمی گەندەڵی سۆڤێت (**کە ملوێنێک کورد لەسۆڤێت بێبەشبوون لەدامەزراندنی کۆمارێک بۆ خۆیان، بەپێچەوانەی گەلەکانی دیکەی سۆڤێتەوە**) سەریان لەماڵی پارتی دەرهێنا. ئەوڕۆش دەبینین حزبە ئیسلامییەکانی کوردستانیش هەر بەو لارێ ترسناکەدا دەڕۆن و لەوشوێنەوە دەستپێدەکەن کە کۆمۆنیستەکان چەقیان تێدابەست و سەریانکرد بەماڵی پارتی دا.

**وارڤین: تاچەند زیادکردنی کۆتوبەندەکان و بەستنەوەی ژن بەحیجاب و ئایینەوە هۆکاری گەڕاندنەوەی ژنە بۆ چوار چێوەی ماڵ؟**



www.netewe.com

– **جەمال نەبەز:** ماڵ وماڵداری، لەبنەڕەتەوە هەر بۆ ژن نییە بەڵکو بۆ پیاویشە. لەکۆمەڵگایەکی تەندروستدا ژن و پیاو ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵ و زارۆکانیان ومیوانەکانیان پێکەوە دەکەن یان لەنێو خۆیاندا خۆویستانەو دادپەروەرانە بەشدەکەن. بەڵام کوێرەوەرییەکە لە کۆمەڵگا دواکەوتووە پیاوەفەرمانییکاندایە کە ژن بەزۆر دەخزێندرێتە ماڵ و کاری چێشتخانەو سەرپەرشتیکردنی منداڵ و خزمەتی مێردو میوان دەدرێن بەسەریداو،ڕێی چوونە دەرەوەو کارکردن و ژیانێکی ئاسایی دەگیرێ لێی. دیارە ژن لەکۆمەڵگای پیاوفەرمانیدا ئەگەر رووپۆش یان سەرپێچیش نەگرێتەوە هەر مەترسی ئەم کەنەفتکردنەی لەسەر دەبێ، بەڵام رووپۆش و «**حیجاب**» کۆتوبەندی کەنەفتێکەی توندتر جەڕەبابە دەداو، ئەوە دەخاتەبەرچاوی ژنەکە کە «**تۆ چۆنکە مێیینەیت مافی ئەوەت نییە، تەنانەت سەرودەموچاوی خۆت پێشانی خەڵک بدەیت**». ئەمەش بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ رێگرتنە لە چوونەدەرەوە لەماڵ و پێوەندینەبەستن بەدەرەوە، وەک ئەوەی لەگرتووخانەیەکی تاکەکەسیدابێ. واتە: نەچوون بۆ گەڕان، چایخانەو میوانی بەتەنێ. هەروەها نەچوون بۆ کارکردن یان خوێندن، ئەگەرهاتوو قوتابخانەکە تێکەڵ بوو. بەکورتی: ناچارکردنی ژن بەژیانبردنەسەر بەپارەی مێرد. کە ئەمەش مانای بەندبوونە بەئارەزووی مێردەکەوە کە نانبدەیەو ژنیش نانوەرگرە. لەهەر شوێنێکیشدا نانبدە کێبوو هەر ئەو کەسەیە کەقسەی دەخوا.

ئەم زۆرداریەش بەرامبەر بەژن بەبیانووی ئایینەوە دەسەپێندرێ بەسەریدا. مەلاکانیش کە خۆیان کردووە بەدەمڕاستی ئایین و نوێنەرانی ئێزدان لەسەر زەوی، هیچ کاتێک ئامادەنەبوون و نین رێبدەن بەوتووێژێکی بابەتانەی زانستانە لەوبارەیەوە. خۆ ئەگەر کەوتیتە قسەکردن لەگەڵیان و بۆڕتدان و بیانووت بەدەستەوەنەهێشتن، ئەوا دەکەونە ئەوەی تۆمەتی کافربوون بخەنەملت و هەڕەشەکردن لێت. هەڕەشکردنێکیش کەلە ئەنجامی کەوڵبوونەوە هاتبێ، نیشانەی نابووتێتیە لەبەڵگە پێشاندانداا. لەبەرئەوە، دەبێ ئایین ورامیاری لەیەکجیابکرێنەوە. ئایین باوەڕەو بەهیچ تەرازوویەک ناکێشرێ و بەهیچ پێوانەیەکیش ناپێورێ و، راستی و ناڕاستی بەهیچ بەڵگەیەک ساخناکرێتەوە،لێ، رامیاری زانست و تەکنیکە کە سەنگ و تەرازووی خۆیان هەیەو وتووێژ دەکرێ لەسەریان و درۆ وراستییان تاقیدەکرێتەوە. لەبەر ئەم دووشتە. ئایین ورامیاری، زۆر لەیەکجیاوازن و تێکەڵ بەیەکناکرێن. بەڵام دەتوانن لەتەنیشت یەکەوە هەبن و هەریەکەیان رێزی خۆی پێبدرێت. بۆ وێنە: بالەفەرمانگەیەکدا زانستکاران نەخشەی وزەی کارەباو ئابووری کشتوکاڵی بەپێی بڕی بارانبارین بکێشن، لەسەرشەقامیش باوەڕداران بەفریشتەی باران وتڕەتووشی کە بەزمانی کوردی ئاڤێستایی تشتیریا (**تووشی وتەڕی**) بووە، نوێژەبارانەی خۆیان بکەن کەمەلاکان لەنەزانینەوە ئەم رێسا کۆنەی کوردیان بەستووە بەئایینی ئیسلامەوە.

وارڤین: **کاریگەری «حیجاب» و بەندبوونی ژن پێوەی، تاچەند وا لە ژن دەکات کە لەلایەن بیرکردنەوەوە بۆ هەندێک پرسی خۆشگوزەرانی کۆیلەبێ؟**

– **جەمال نەبەز:** کۆیلەکردنی ژن شتێک نییە هەر پێوەندی بەگەلێک و وڵاتێکەوەهەبێ، بەڵکو سیستەمێکی هزری ورەوانی جیهانییەو، بێناموسییەک و رەوشتنزمییەکی نێونەتەوەییە، بەڵام لەهەر وڵاتە بەشێوەیەکی دیکەو بیانوویەکی دیکە دەخرێتەکار. ئەوپەروەردە گەندەڵەی کە بەدرێژایی هەزاران ساڵە بەکاردەبرێ، جۆرە خۆناسینێکی تایبەتی ناسروشتی بەژنان داوە کە ژن بەزۆری وایلێهاتووەخۆی بەبەرپرسیار ئەزانێ بۆ دابینکردنی تێچووی بژێو و ئەرکی نانپەیداکردنی. بۆیە دەبینین لەهێندێک لەوڵاتە رۆژهەڵاتییەکاندا ژنی رووپۆش یان حیجابدار، حیجابەکەی کە گوایەنیشانەی شەرمکردنی لەپیاوانە، ئەوە دەکاتە بیانوو بۆ ئەوەی بیرلەکاری دەرەوەو زەحمەتکێشان نەکاتەوە، بەڵکوچاوی لەپیاوەکەی یان لەباوکی یان لە براکەی بێ. خۆ ئەگەر باری ئابووری مێردەکەی باش بوو،جلکی جوان و زێڕی زۆری بۆ کڕی ئەوا بەهەموو جۆرە کۆیلەیەتییەک رازی دەبێ. ئەمەش هەژاریی رۆشنبیرییە.

بەکورتی: دەبێ لەگۆڕەپانی پەروەردەدا شۆرشێک رووبدا کە سیستەمی کۆن لەبنەڕەتەوە بگۆڕێ. دیارە ئەو گۆڕینە زەحمەتەو پێویستی بەکات و خەباتە، بەڵام ژنان دەتوانن ئەو گۆڕینە بهێننەدی لەڕێی ئەو بەرنامەیەوەکە لەمەبەر، پەنجەم راکێشابۆی.

وارڤین: **ئایا پێچە بەنموونە کە لەئاکرێ و زاخۆ و هەندێک ناوچەی دی کوردستان هەیە، دەکرێ بڵێین حیجابە یان ئەوە نەرێتێکی پێشینەی کوردەواری بووە؟ پۆشینی حیجاب مەترسی چی لێدەکەوێتەوە. ئیسلامی سیاسی تا چەند هۆکاری پۆشینی حیجابە. ئایا مەبەست لێی خزمەتی ئایینە یان مەبەستێکی سیاسییە؟ ئایا حیجاب بەمانای سڕینەوەی کەلتووری کوردی دی؟**

– **جەمال نەبەز:** هیچ جۆرە پێچەو عەبایەکی ژنانە لەکوردستاندا مێژووی نەبووە، بەشێک نەبووە لەکەلتووری کورد. وەک لەمەوبەرگوتم، ئەو کوردانەی دووربوون لەفەرهەنگی داگیرکەران، وەک ژنە گوندییەکان، ئەوەتا هەتا ئەوڕۆش پێچەو عابایان نییە. بەڵکو جۆرە سەرپێچێکیان هەبووە کە بۆ جوانی بووەو لەگەڵ جلکە کوردیەکەیان رێکەوتووەوەسەریشی پاراستوون، کاتێک مەنجەڵە ماست و شتی قورسیان خستووەتەسەریان. پیاوانی کوردیش ئەو سەرپێچەیان بەشێوەی مشکیوشەدەوجامانە هەبووەو هەیە. ئێستە کچانی کورد هەن کە جلکی کوردی دەپۆشن، لەباتی سەرپێچە کۆنەکە پارچەیەکی تەنک، بەرەنگەکوردییەکان سۆروزەردو کەسک، بۆجوانی دەبەستن بەنێو چاوانیانەوە. ژیانی کورد چ لەباری کارکردنەوە لەکێڵگەکاندا و چ لەباری بەرگرییەوە لەوڵات لەگەڵ پێچەگرتنەوەو عابا ناگونجێ. ئەوەی لەهێندێک نێوچەی بادینان هەیە، هیچ رێسایەکی کۆن نییە.



www.netewe.com

ئەو نیگارانەی کە گەشتیارە ئەوروپاییەکان کێشـــاویانەو ئەووێنانــەی گرتوویانــە لەسەتەکانی رابوردوودا ئەوەدەردەخەن کە ئەو جۆرە پێچەیــە مێژوویەکی کۆنی نییە. شــایەنی باســە، ژنانی بادینان پتر لەژێر گوشاری پاشــکەوتخوازیدان، وەک لەژنانی نێوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان.

پۆشینی پێچە، مانای بەکەم تەماشاکردنی ژن و بەیەکســان تەماشــانەکردنێتی. ئەمەش بەبیانووی پاراســتنی ناموسەوە. ناموس کە وشــەیەکی یۆنانییە (**نۆمۆس**) و بەمانــای رەوشــت و رێســا دێ، هیــچ پێوەندییەکی بەجۆری جلک و پۆشــاکەوە نییــە: بەپێچەوانــەوە، کــوردی کۆن زۆر دژی سەرپۆشــین بوون، ئەوەنییە پەندێکی پێشــینان دەبێژێ: «**ئەوی سەردەپۆشێ، ژێری دەفرۆشــێ**» ئەوە قســەی من نییە، بەڵکو پەندیپێشــینانەو کەلتووری کوردە. ناموســی هەر کەســێکیش، بەکەســەکە خۆیەوەبەنــدەو لە لەشــی هیچ کەســێکی دیکەدا نییە. بوونی ناموس، مانای بوونی ئــازادی مرۆڤە. دیــارە هەمــوو مرۆڤێکی ئازاد مافی ئەوەی هەیــە بەرگری لەئازادی خۆی بــکاو، کۆمەڵگاش ئەگــەر ئازادبوو پشــتگیری بکات.راســتە، هەموو مرۆڤێک پێویســتە لەســەری رێزی بیروڕای گشتی بگرێ. لێ کۆمەڵگاش پێویســتە لەسەری، رێزی هەڵســووکەوتی تاکەکەس بگرێ. کە ئــەز دەبێژم رێزگرتن لەپەســەندکردن جیا دەکەمــەوە. بۆ وێنە: ئەگەر لەهیندســتان بژیامایە،رێــزی ئەوکەســانەم دەگــرت کە گا دەپەرســتن، واتــە قســەی ناشــیرین ورووشێنەرم پێنەدەگوتن: بەڵام گاپەرستیم پەســەند نەدەکردو،چاوم نەدەپۆشی لێی و هەوڵمدەدا خەڵک بێنمە ســەرئەو باوەرەی کە گاپەرستی لەهۆشــیارییەوە دوورە. ئەو کچە کــوردەش کە پێچە دەگرێتەوە، ئەگەر بەراســتی و بەئارەزووی دڵــی خۆی بێ و لەباوەڕەوە ئەوەی کردبێ ولەترســی باوک، دایک، مێرد، برا یان لەترســی سەرزەنشتی خەلک نەبــێ، ئەوا رێزی دەگــرم و ئەگەر دەمــم بیگاتێ تێیدەگەیەنــم کەوێ، ئەگەر خــۆی بەناموس بێ، ئەوا بەپێچەو بێپێچە هەر بەناموســە. بۆچی دەبێ خۆی لەپیاو بەکەمتر بزانێ. خۆ ئەگــەر هەوڵیدا بەزۆر یان بەفێڵ، پێچە بەکچێکی هاورێی بگرێتەوە ئەوا لەدژی ئەوکارەی دەوەستم،چۆنکە وێ هەرهێندە ئازادە کە نەبێتە هۆی نەهێشتنی ئازادی.

ئیســلام، وەک کۆمۆنیــزم و هەمــوو ئایدۆلۆژیایەکــی دی، بــەزۆری دارێ ودەستوەشــاندن وخەڵکتۆقانــدن و توندوتیژی نەک هەرپەرەناســتێنێ، بەڵکو گەورەترین زیانی بەردەکەوێ. چی بەســەر کۆمۆنیزم هات، ئەمەش بەسەر ئیسلام دێ ئەگــەر بێت و بکەونەســەر رێیتوندوێیژی. ئیسلامیســتە تەنگەتیلکــەکان، بالــەوە خەڕۆنەبن کە لەمســاڵانەی دواییدا ژمارەی نوێژکــەران وحاجیــان بەرێــژە زۆر بووە. ئەوەی وای لەوکەسانەکردووە کە رووبکەنە نوێــژوڕۆژوو حــەج، رووڵــە نابووتیکردنی سیســتەمی ســەرمایەدارییە کــە بووەتە هــۆی بێــکاری و هــەژاری لەنێوریزەکانی وڵاتە ســەرمایەدارەکاندا. ئــەم رووکردنە ئیسلامە، لەرکی سەرمایەداری و لەئەنجامی پرۆپاگەنــدەی رژێمــی ئێرانەوەیە، لەگەڵ بەخشــینی بەملیــارد پــارە. ئەمــەش مۆدەیەکــەو،وەک مۆدەی کۆمۆنیســتێتی کە ســەردەمێک بوو بەدەگمەن کەســێکت دەدی، خۆی بەمارکســی نەزانــێ. هەموو مۆدەیەکیش لەماوەیەکی سنووردار بەولاوە پتر نــاژێ. بەتایبەتی ئــەم هەموو خراپە کارییەی کــە رژێمی فارسپەرســتی ئێران ورژێمی ترکپەرستی ئەنقەرە لەژێر پەردەی ئیســلامەتیدا دژ بەکوردوژنــان دەیکەن و، مەلاکانی کوردستانیش بەرامبەر بەوکردەوانە کرو بێدەنگ، پێچەلەرووی ئەوانە لادەدا کە خۆیان بەدەمراستی خوا دەزانن. خوا گەلێک مەزنتر ودەســەڵاتدارترە لــەوەی رووبکاتە بەندەی خۆی و پێیی بێژێ: «**برۆ لەســەرم بکەرەوە، برۆ تۆڵەم بســتێنەرەوە**»...... نا کاکە، نا.....خــوا وا نا فەرموێ. ئەمە بوختانکردنە بەخوای ئافەرێنەری گەردوون. هــەر لەئەنجامی ئەمەشــەوەیە کە هەزاران موســڵمانی فارس، عارەب بوون بەدیان و بەهایی. خواپەرستی،ئاسنگەری و بەرگدروون نییە بکرێتە پیشە بۆ نانپەیداکردن. خزمەتی خوا دەبێ بێ پــارە وەرگرتن و توندوتیژی بــێ. ئالەم کاتــەدا کەبە ملیــۆن خەڵکی کوردســتان بەدەست برســێتی، بێکاری، نەخۆشــی و نەخوێندەوارییــەوە دەناڵێنن، کەچی بەهــەزاران کورد لەژێر پرۆپاگەندەی ئەم مەلایانەدا رووەدەکەنــە حیجاز وپارەی کورد دەبەن بۆ رژێمی دیکتاتۆری سەعوود. مەلا کوردەکانیش رۆژێک ئەیانگووت «**ئەرێ خەڵکینە، ئەوپارەیە بۆ لەوڵاتەکەی خۆتاندا بەختناکــەن بــۆ دامەزراندنــی قوتابخانە، نەخۆشــخانە، زانســتگە، پیشەســازیی بەرهەمهێنەر، یاریگە، شــوێنی حەسانەوەو خوێنــدکار پێگەیانــدن وکاردۆزینــەوە بۆ بێــکاران**» مــەلاکان، ئەمە ناکــەن بەڵام هێندێکیان هــەر خەریکی ئــەوەن پیاوان دژی ژنــان تێژ بکەن، ئەوەتا کوردســتان بووە بە وڵاتی ژنقران و لە ئەورووپاش نێوی کوردبووە بە «**ژنکوژ**».حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لەباتی ئەوەی فریای چاکسازی ئــەم بارە نالەبارە بکەوێ، کەچی ئەوســێ ستانەی کە بەدەستەوەیە، بوونەتە چێشتی مجێــور و هەر گەڕەکێک۱۰-۱۲ ماڵە عارەبی دەوڵەمەنــد هاتوونەتە نێــوی و خانوویان کرێــوەو زمانــی عارەبی بەســەر خەڵکی کوردســتاندا دەســەپێنن وبەرەبەرە، وەک عارەبەکانی هاوێژە (**کە کردیان بە حەوێجە**) ئەوانەی مەلیک فەیســەڵ هانینی بۆ ئەوێ، دەبنە «**عارەبی رەسەن**». بێجگە لەمەش، کاربەدەســتانی هەرێم دەیانەوێ دیانەکانی عێراق کــە ژمارەیان چەند ســەتهەزارێکە بگوێزنەوە کوردستان کە تەنانەت نوێنەرانی دیانەکان خۆیان، باوەڕیان بەسەرگرتنی ئەو جۆرە ورێنانە نییە. ئەوەشــمان بیرنەچێ، کاتی خۆی ســەرکردە دیانــەکان بوون کە دژی هاتنەکایەی کڵێسەی کوردیزمان بوون. خۆشــک و برا ئاشوورییەکانیش کە دەگەنە ئەورووپــا، دانێکــی خێر بەکــوردا نانێن. پاراســتن و خزمەتی لێقەومــاوان، ئەرکی سەرشــانی هەموو مرۆڤێکی مرۆڤدۆســتە، بەڵام بەبەرنامەو نەخشەی زانستانەوبەپێی توانســت وبــۆ هەژارودەســتکورت نــەک بۆدەوڵەمەنــدان وتێکدانــی دیمۆگرافیــای کوردستان.

www.netewe.com



فۆتۆ: وارڤین

## بە خانزادی میری سۆران سەرسامە

# ژنە پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو: لەماڵەوە میکیاژ دەکەم

www.netewe.com

وارڤین – تایبەت:

**لەدوای راپەڕینەوە چووەتە ناو کاری سیاسی و لەماوەی کەمتر لە ١٠ ساڵدا لە ئەندامێتی حزبەوە توانیویەتی بگاتە ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان. ئەو وێڕای باسکردنی بەسەرهاتەکانی منداڵی خۆی باسی ژیانی تایبەتی خۆیشی بۆ خوێنەرانی وارڤین دەخاتەڕوو.**

### «شیعرم دەنووسی»

هاوڕاز شێخ ئەحمەد حەمەد، چوارەم منداڵی خێزانەکەیان بووەو ٣برا و ٣ خوشکی هەیەو لەشەقڵاوە ١٩٧٠/١١/١ لەدایکبووە، دواتر هاتوونەتە هەولێر، لەپۆلی ٣ سەرەتاییەوە دەستی بە خوێندنەوە کردووە. ئەو دەڵێ: «زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکانم دەخوێندەوە، تەنانەت لاپەڕەیەکم نەدەپەڕاند». وەک گوتی براگەورەکەی هەموو گۆڤارو رۆژنامەکانی ئەوکاتی بۆ هێناوەتەوە ماڵەوەو ئەویش خوێندوویەتەوە. هەر لەقوناغی سەرەتایی زۆربەی شیعرەکانی دیوانی بێکەس و قانعی لەبەربووە، لەپێنجی سەرەتایی بووە کۆمەڵێک شیعری لەبارەی کوردەوە نووسیوە، لەقۆناغی ناوەندی هەستی نەتەوایەتی زیاتر بووە. هاوڕاز دەڵێ «لەهەموو بۆنەو ئاهەنگەکانی قوتابخانەدا هۆنراوەی نیشتمانیم خوێندووەتەوە، بەڵام هەندێکجار رێگەیان پێنەدەدام چونکە ئەو شیعرانە قەدەغەبوون». هاوڕاز، بیرەوەرییەکی هەیە کە قەت لەبیری ناچێتەوە. «رۆژێک لەگەڵ هاوڕێیەکم بەیانی زوو چووین بۆ قوتابخانەو لەسەر دیواری پۆلەکانمان دروشمی کوردایەتیمان نووسی وەک «یاکوردستان یان نەمان» و «بژی کوردستان» کە دەوام دەستیپێکرد بەڕێوەبەری قوتابخانەو مامۆستاکان زۆر تووڕەبوون، زۆر هەوڵیاندا ئاشکرای بکەن کێ نووسیوویەتی، هەرچەند زۆر دەترساین، بەڵام خۆمان ئاشکرا نەکرد، ئێستا ئەو رۆژە جێگەی خۆشحاڵییە بۆمان، بەڵام ئەوکات جێگەی ناڕەحەتی بوو».

هاوڕاز، قۆناغی دواناوەندی لەقوتابخانەی کچانی هەولێر بووە، لەو قۆناغەدا هەستی کوردایەتی بەهێزتر بووەو مامۆستایەک پشتیوانی لێکردووە «مامۆستا دیار ئەتروشی کەسێک بوو بەهەموو مانایەکەوە کورد بوو، کوردایەتییەکی زۆر پاک و بێگەردی دەکرد، پۆلی چوار بووم بەهۆی مامۆستا دیار، بەشداریم لەمیهرەجانێکی سەرتارسەری بۆ شیعر کرد، بەڵام وەزارەتی رۆشنبیری تێبینییان لەسەر شیعرەکان هەبوو، ئەگەر هەڵەیان تێدابوایە چاکیان دەکردەوە. تەنیا شیعرەکەی من هیچ هەڵەیەکی تێدا نەبوو. شیعرەکەم ناوی (نەفرەت لەئەهریمەن) بوو و لەهەولێر یەکەم دەرچوو. میهرەجانەکە لەشاری دهۆک ئەنجامدەدرا، نەیانهێشت ئەو شیعرەم بخوێنمەوە، چونکە تەنیا رێگەیان بەو شیعرانە دەدا ستایشتی رژێمی بەعسی دەکرد، ئەو شیعرەی من پێچەوانەی ئەوە بوو». ئەو لەپۆلی پێنج بووە کۆڕەوەکە دەستی پێکردووە. دوای گەڕانەوەیان بۆ هەولێر درێژەی بەخوێندن داوە، ئامادەیی تەواو کردووەو لەپەیمانگەی مامۆستایان وەرگیراوە «پەیمانگای مامۆستایان لەئاست هیواو ئارەزووەکانی مندا نەبوو، ئارەزووم بوو بچمە کولێژی ئەدەبیات و بەشی کوردی بخوێنم، بەنابەدڵی دووساڵی پەیمانگەم تەواوکرد».

### «دایکم هۆکاری سەرکەوتنمە»

ئەو لەبارەی خوشک و براکانیەوە دەڵێ **«پێش ئەوەی خوشک و برا بین هاوڕێینە، هەموو شتێک بۆ یەکتر باس دەکەین»**. گوتیشی **«باوکم بەهۆی ئەوەی باوکی و دوو برای بەیەکەوە شەهیدببوون، هەمووکات ترسێک لەدڵی هەبوو بەرامبەر بەژیانمان، جگە لەوەش بوونی ئێمە لەناو ژیانی سیاسی هەندێکجار باوکمی ناڕەحەت دەکرد، دایکیشم هەمان ترسی هەبوو، بەڵام کەسێکی زۆر تێگەیشتوو و بەهێزبوو، ئەوەی من ئێستا پێگەیشتووم هەمووی بۆ خۆڕاگری ئەو دەگەڕێتەوە، چونکە هەمووکات نەیدەهێشت بوونی ئێمە لەناو ژیانی سیاسی ببێتە هۆی دروستبوونی کێشەو هەمووکات باوکمی ئارامدەکردەوە، هەرچی بڵێم لەبارەی دایکم هەر تەواو نابێ، چونکە گەورەترین یارمەتیدەرە لە پێگەیاندنی من دایکم بووە»**.

### ژیانی سیاسی

دوای ڕاپەڕین بەهۆی ئەو کەشووهەوا حزبییەی لەهەرێمی کوردستان دروستبوو، بێلایەنی کارێکی ئەستەم بوو، ئەو کات هاوڕاز مەیلی بۆ یەکگرتووی ئیسلامی هەبووە. گوتی **«یەکگرتووی ئیسلامی نزیکترین حزب بوو لەبیروبۆچوونم، براکەشم ئاراستەیەکی ئیسلامی میانڕەوی هەبوو، ئەوەش کاریگەری هەبوو لەسەرم»**. هاوڕاز، باسی لەوە دەکرد جۆرێک لەناجێگیری لەژیانیان هەبوو بەهۆی ئەوەی ژیانێکی پڕ لەترس و کارکردنی نهێنی، ئەو ئازارانەی لەژیانی سیاسی ڕووبەڕووی بوونەتەوە زیاتر ئازاری دەروونی بوون **«٣ ناوەندیم تەواو کرد بڕیارمدا بچم بۆ پەیمانگای مامۆستایان، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەعسی نەبووم وەریاننەگرتم، پێیانگوتم ئەگەر ببیتە بەعسی وەرتدەگرین، ئەوکات پێمگوتن ئەگەر پەیمانگاکە بهێننە بەر دەرگامان نابمە بەعسی»**. ئەو لەڕیزەکانی یەکگرتوو دەستبەکار کردووەو لەماوەی کارکردنی لەناو ئەو حزبەدا چەندین پۆستی وەرگرتووە. لەوانە ٧ ساڵ بەرپرسی خوشکانی ئیسلامی لقی هەولێر بووە. ماوەیەکیش نوێنەری سکرتاریەتی خوشکان بووە، هەروەها بەرپرسی نووسینگەی سکرتاریەت بووە، لەدوایین کۆنگرەی خوشکانیش دووهەم دەنگی هێناوەتەوە، ئێستاش پەرلەمانتارەو ئەندامی لیژنەی تەندروستی پەرلەمانی کوردستانە.

### بۆچوونەکانی

بەبڕوای هاوڕاز جیاکاری لەنێوان پیاو و ژن زیانێکی گەورەی لە ژن داوە. ئەو باسی لەوەکرد بەگوێرەی ئیسلام جیاکاری لەنێوان ژن و پیاودا نییەو ئەرکەکان هاوبەشن بۆ هەردووکیان، بەڵام کومەڵگا هاتووە جیاکاری دروستکردووەو ڕۆڵی ژنی کەمکردۆتەوە **«ژن دەبێ ئیرادەی بەهێز بێ و خۆی پێبگەیەنێ و لەیەک بازنەدا نەخولێتەوە. دەبێ ژنان کزۆڵە نەبن و مافی خۆیان داوا بکەن، چونکە کەس نایەت بڵێ ئەوە مافی تۆیە»**.

لەبارەی ئەو ژنانەی ئێستا لەسیاسەت و ڕێکخراوەکانی ژنان کاردەکەن گوتی **«هەموو ئەو ژنانەی ئێستا کاردەکەن لەناو سیاسەت و ڕێکخراوەکانی ژنان ڕۆڵێکی باشیان هەبووە، بەڵام دەبێ جدیتر کاربکرێت و هەنگاوی باشتریان هەبێت»**.

### ئۆپۆزیسیون

هاوڕاز ئاماژەی بەوەدا هەر خولێکی پەرلەمان بەگوێرەی سیاسەت و پێکهاتەکەی ڕۆڵی خۆی هەبووە، بەڵام ئێستا بەهۆی کرانەوەی دیموکراتی و بوونی ئۆپۆزسیۆن ئەم خولەی پەرلەمان چالاکتر دەبێت لەخولەکانی دیکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بەدەر نییە لەجۆرێک لەتێکنەگەیشتنی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن، گوتی **«بۆ داهاتوو، ئەوەش دەبێتە شتێکی ئاسایی»**.

### ژیانی هاوسەرگیری


هاوڕاز ١٣ساڵە هاوسەرگیری کردووە. ئەوکاتەی هاوسەرگیری کردووە، لەناو ژیانی سیاسیدا بووە. هاوسەرگیرییەکەی بەرێکەوت بووە، مەرجی ئەوەی هەبووە بەردەوام بێ لەناو سیاسەت، هاوسەرەکەی ڕێگرنەبووە. ٣منداڵی هەیە، کچێک و دوو کوڕ، لەبارەی درووستکردنی هاوسەنگی لەنێوان ژیانی تایبەتی و سیاسی گوتی **«ئەرکی ئێمە قورسترەو ماندوویەتی زۆرتری تێدایەو دەبێ هاوسەرەکەم و منداڵەکانم ڕازی بکەم»**.

### ڕاگەیاندن

هاوڕاز، لەدوای ساڵی ١٩٩٤ لەراگەیاندن کاریکردووە، لەرادیۆی یەکگرتوو بەرنامەییەکی هەبووە بەناوی **«پەیامی خوشکان»**، بەڵام بەردەوام نەبووە. ماوەیەکیش بابەتی بەرنامەی ئامادەکردووە **«کاری ڕاگەیاندن ئێستا ئاسانترە، بەڵام ڕاگەیاندنی ئێستا نەیتوانیوە لەخزمەتکردنی کۆمەڵگادا بێ و نەیتوانیوە کێشەکانی کۆمەڵگا بەئاراستەی چارەسەرکردن بخاتەڕوو، تائێستاش زۆر ئەکادیمیانە نییە»**.

### سەوزی پێ جوانە

ئەو جلی کوردی زۆر پێ جوانە، ڕەنگی سەوز جوانترین ڕەنگە لای، گوتی **«ڕەنگی سەوز کاریگەری باشی لەسەر دەروون هەیە، چونکە ڕەنگی سروشتیشە، جگە لەوە پرتەقاڵیشم پێ جوانە»**. هاوڕاز، هەندێک کات مکیاژ تەنیا بۆ ماڵەوە بەکار دەهێنێت، بۆنیش بەگوێرەی پێویست بەکاردەهێنێت، بۆنی نێرگزی پێخۆشە. لەگەڵ ئەوەش گوڵی نێرگز جوانترین گوڵە لای. هەروەها مۆسیقای هێمنی پێخۆشەو ئەوکاتانە گوێ لەمۆسیقا دەگرێت کە بیر لەشتێک دەکاتەوە. چونکە هەستدەکات یارمەتیدەرە بۆی، زۆر کتێبی خوێندۆتەوە، بەڵام ئەوەی زۆر کاریگەری هەبووە لەسەری **«ژانی گەلی ئیبراهیم ئەحمەد، دیوانی نالی، روح دین ئەلئیسلامی و ئەلئیمان وئەلحەیات»**ە. ئەو سەرسامە بەکەسایەتی **«خانزادی میری سۆران»** و گوتی **«خانزاد، توانیویەتی ئەوە بسەلمێنێ کە ژن دەتوانێت هەموو شتێکی گەورە بکات، ئەگەر بیەوێت»**. هاوڕاز، کە منداڵ بووە پێیخۆش بووە ببێتە شاعیرێکی بەناوبانگ **«ئێستا شیعر نانووسم، بەڵام پێمخۆشە بۆم بخوێندرێتەوە»**. هەروەها نامیلکەیەکی شیعری بەناوی **«غوربەت»** بڵاوکردووتەوە.



ساکار ڕۆستەم

www.netewe.com

### ئۆپۆزسیۆن پشتیوانی دەکرد

# فراکسیۆنی کوردستانی پرۆژەیاسای ڕێگرتن لە لەشفرۆشی ڕەتکردەوە





**وارڤین- هەولێر:**
بەپاساوی نەبوونی دیاردەی لەشفرۆشی لەهەرێمی کوردستان و نەبوونی دەسەڵاتی هەموارکردنی یاساکانی عێراق فراکسیۆنی کوردستانی پرۆژەیاسای ڕێگرتن لەدیاردەی لەشفرۆشی ڕەتکردەوەو پەرلەمانتارێکی ئەو فراکسیۆنەش دەڵێ «ئەوان دەیانویست ئەو تاوانە بکەنە یەکێک لەتاوانە ئابڕووبەرەکان بۆیە ڕەتمانکردەوەو ناشمانەوێ قسەی لەسەر بکرێت». لەبەرامبەردا سەرگوڵ قەرەداغی پەرلەمانتاری کۆمەڵ دەڵێ «لیستی دەسەڵات زۆرجار بانگەشەی دیموکراتی و بەرگری لەمافی ژنان دەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی ئۆپۆزسیۆن پێشکەشیکردبوو، ئەو پرۆژەیان ڕەتکردەوە».

پرۆژەیاساکەی فراکسیۆنی کۆمەڵ بەپشتیوانی لیژنەی ژنانی پەرلەمان پێشکەشیکردبوو. لەوبارەیەوە سەرگوڵ قەرەداغی پەرلەمانتاری لیستی کۆمەڵ گوتی «ئێمە وەک فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی هەستمان کردبوو، کە ئەو یاسایەی پەیڕەودەکرێ بۆشاییەکی یاسایی تێدایە، بۆیە پێویستی بەهەموارکردنەوە هەبوو، لەوپێناوەدا پرۆژەیەکمان داڕشت بۆ زیادکردنی چەند بڕگەیەک بۆ یاساکە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کرد لەمانگی ئایاردا و لەمانگی حوزەیراندا، خرایە بەرنامەی کارو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا. پێشئەوەی بخرێتە بەرنامەی کارەوە زانیمان کە لیژنەی یاسایی ئەو بەرنامەیەی ڕەتکردووەتەوە بەچەندەها بیانوو. یەکێکیان ئەوە بوو کە دیاردەی لەشفرۆشی لەکوردستاندا بوونی نییە. خاڵی ئەو یاسایەی داوای هەموارکردنی دەکەین



www.nefewe.com

یاسایەکی عێراقیە وەک لایەنی یاسایی ناتوانین هەمواری بکەین».

دوای مشتومڕی پەرلەمانتاران لەبارەی پرۆژە یاساکەوە، بەدەنگی زۆرینەی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی کوردستانی سێشەممە ٢٧ی دیسەمبەری رابردوو پرۆژەکە رەتکرایەوە.

لەبارەی پاساوی رەتکردنەوەی پرۆژەکە سۆزان شەهاب، پەرلەمانتار لەفراکسیۆنی کوردستانی گوتی «بەدیل بۆ ئەو پرۆژەیە هەیەو حازریشەو لیژنەی ژنان و کۆمەڵایەتی دایانناوە، ئەوانەی پێشکەشیانکردووە تائێستاش نازانم بۆ پێشکەشیانکردووە، پێیانوابووە بەیاسا دەتوانی تۆ ڕێگری لەلەشفرۆشی بگری».

گوتیشی «ئەوانەی کە پرۆژەکەیان پێشکەشکردووە دەیانەوێ ببێتە یەکێک لە (تاوانە ئابووریەکان)، چونکە لەم ڕووانگەیەوە دایانناوە کە شەرەف هەر لەلای ژنە، بۆیە ئێمە رەتمانکردەوەو ناشمانەوێ قسەی لەسەر بکرێت، ناکرێ بەسەرپێی تۆ یاسایەک بۆ بابەتێک دەربکەی و لەگەڵ هەندێ بابەتیدیکە تێکەڵی بکەی کەلەیاساکانی عێراقدا دیاریکراوە».

ژنە پەرلەمانتارێکی گۆڕانیش پرۆژەکەی بەئەرێنی وەسفکردووەو لەوبڕوایەدابوو کە پێشنیازی باشی تێدابووە. ئاشتی عەزیز، پەرلەمانتاری گۆڕان گوتی «لەو پرۆژەیەدا تەنیا سێ برگە پێشنیاز کرابوو بۆ هەموارکردن، ئەو یاسایەی سزادانی عێراقی کۆمەڵێ برگەی تێدایە بۆ بڕیاری سزایی بۆ لەشفرۆشی چارەسەرێکی زۆری لەشفرۆشی کردووەو سزاکانی زۆر توندە. بەڵام لەبەرامبەردا نایەکسانیەکی تێدایە کەباس لە لەشکڕ ناکات، کەلایەنی دووهەمەو پیاوە».

گوتیشی «یەکێک لەزیادکراوە جوانەکانی ئەو پرۆژەیە ئەوەبوو وشەی لەشکڕی زیادکردبوو، مادەیەکی عیقابی بۆ ئەویش دانابوو، وەسفی خەڵکی لەشکڕیشی کردبوو چییە، هەرچەندە پرۆژەکە بێ کەموکوڕی نەبوو، بەڵام رەتکردنەوەی زیانی هەیە».

هەروەها گوتیشی «ئەگەر هەموومان بەیەکڕا یاسای سزادانی عێراقی هەموار بکەین ئەرکێکی گەورەیە، چونکە ڕاست نییە یاسایەکە لەساڵی ١٩٦٩دا دەرچووە ناتوانێ وەڵامی کێشەکانی ئەم سەردەمەش بداتەوە، ئومێدم وایە تایبەت پەرلەمانتارەکان بەعەقڵیەتێکی کراوەتر مامەڵە لەگەڵ هەموارکردنی پرۆژەکاندا بکەن چونکە هەمیشە هەموارکردنی پرۆژەی یاسا لەخزمەتی خەڵکدایە».


کوێستان محەمەد پەرلەمانتاری گۆڕان دەڵێ «لەگەڵ ئەوە بووم کە بەردەوام بین و هەمواری بکەین، ئەم بەڕێزانەی، دەیانویست رەتکرێتەوەو هەموارنەکرێت لەبەر ئەم هۆیانەبوو: یەکەم پێیانوابوو یاسای عێراقی چارەسەری ئەم کێشەیەی کردووە. دووهەم رایانوابوو کە لەهەرێمی کوردستان دیاردەی لەشفرۆشی نییەو کۆمەڵگاکەمان زۆرپاکەو ژنی کورد زۆر بەشەرەفە لەبەرئەوە پێویستی بەیاسای وانییە، بەڵام من یەکێک بووم لەوانەی پێمانوایە کە لەشفرۆشی دیاردەیەکی مەترسیدارە لەهەرێمی کوردستان و کاریگەری خراپی کۆمەڵایەتی و تەندروستی هەیە لەسەر کۆمەڵگەو یاسای عێراقی چارەسەری ئەم کێشەیەی نەکردووە، ئەگەر چارەسەریکردووە بۆ ڕۆژ بەڕۆژ بازرگانیکردن بەئافرەتان لەزیادبووندایە؟».

ئەو نیگەرانبوو لەوەی پرۆژەیاساکە رەتکرایەوەو گوتی «بەداخەوە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان رەتیانکردەوەو ئەگەر رەتنەکرابایەوە پێمابوو هەوڵێک بوو بۆکەمکردنەوەی دیاردەی لەشفرۆشی لەهەرێمی کوردستان و پاراستنی کۆمەڵگاکەمان لەو هەموو کێشە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەی، ئێستا وا ئاکامەکەی دیارەو وردەوردە دەردەکەوێت لەسەر کۆمەڵگاکەمان، تائێستا هیچ یاسایەکی بەدیلمان نییە بۆی».

سەرگوڵ قەرەداغی، باسی لەبیانووەکانی فراکسیۆنی کوردستانی کردو گوتیشی «ئێمە بەرگریمان لەپرۆژەکە کردو توانیمان وەڵامی ئەو دوو بیانووە بدەینەوە بەداتا، چونکە لامان ڕوونە دیاردەی لەشفرۆشی لەهەرێمی کوردستان ڕوو لەزیادبوونە، هەروەها لەڕووی یاساییەوە ئێمە دەتوانین هەمواری یاسایەکی عێراقی بکەین و لەخولی دووهەمی پەرلەماندا یاسای باری کەسێتی هەموارکرا، خۆئەویش یاسایەکی عێراقی بوو. بۆیە ئێمە لەگەڵ لیژنەی ژنان دوای ئەوەی کە زانیمان ئەوان پشتگیریمان دەکەن و چەند زیادکراوێکیان هەبوو بۆسەر پرۆژەکەو گفتوگۆمان کرد کاتێک کەلەناوخۆی پەرلەمان قسەمان کرد لەسەر پرۆژەکە پشتگیری ئەوانیشمان کرد داوای ئەوەیان کردبوو لەشکڕیش سزا بدرێن».

هەروەها گوتی «ئەو خاڵەی ئێمە زۆر پێداگربووین لەسەری ئەوەیە کەلەدەرەوەی هەرێم کەسانێک هەن دەهێنرێن بۆ لەشفرۆشی ئەوە دەچێتە خانەی بازرگانیکردن بەئافرەتەوەو ئەمە پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتەکانیشە بۆیە پێیانباش بوو ماددەیەک لەیاساکە بچەسپێ و باسی ئەوە بکات کە تاوانە».

سەبارەت بەهۆکاری رەتکردنەوەکەی قەرەداغی گوتی «هۆکاری رەتکردنەوەکەی جێی نیگەرانی ئێمە بوو، ئەو پرۆژانەی ئۆپۆزسیۆن پێشکەشیدەکات رەتدەکرێتەوە، بەڵام ئێمە بۆ خزمەتکردنی بەو بوارەو کە توندوتیژی دژی ژنان زۆر بووەو ئەمەش جۆرێکە لەتوندوتیژی پێمانوابوو رای زۆرینەی بەلای خۆیدا رادەکێشێ چونکە زۆرینەی پەرلەمانتارانی لیستی دەسەڵات زۆرجار بانگەشەی دیموکراتی و بەرگری لەمافی ئافرەتان دەکەن، بەڵام لەم پرۆژەدا دژی بیروڕای ئێمەبوون رەتیانکردەوە. کەواتە هۆکاری سیاسی بوو، چونکە ئۆپۆزسیۆن پێشکەشیکردبوو، پێموابوو کە ئەم یاسایە پەسەند بکرێت کاریگەری زۆرئەرێنی دەبوو لەسەر کەمکردنەوەی دیاردەکەو چاوترساندنی ئەوانەی کە دەیانەوێ بازرگانی بەئافرەتان بکەن و پەیڕەونەکردنیشی دەبێتە هۆی زیادبوونی لەشفرۆشی».



بەهرە سدیق

www.metewe.com

# چارەنووسی ژن لە هیندی کۆندا

## (١-٥)

لەهیندی کۆن ئەگەرچی ژن بوونەوەرێکی خوێنشیرین و لەبەردڵان بوو، بەڵام لەهەمانکاتدا بەسووک وبێفەڕ دەزانرا. ڕەنگە ئەم چیرۆکە کۆنەی هیندی کۆن کە ئاماژەی پێدەکەین ڕوونکەرەوەی ڕەگوڕیشەی ئەو بۆچوونە بێت.

لەسەرەتای ئافراندنی مرۆڤ کاتێک «خواوەندی خوڵقێنەر» (twashtri) خەریکی ئافراندنی ئافرەت بوو تێگەیشت کە کەرەستەو ئامرازەکانی کۆتایی پێهاتووەو بەتایبەت کەرەستەی سفت و تۆکمەی نەماوەو ناچاربوو، لەکەرەستەی شەق و شڕو پاشماوەی جیهانی داهێنراو ژنی بئافرێنێت (دروستی بکات).

هەروەها لەیاساو بۆچوونە کۆنەکانی هیند ئاماژەی پێکراوە «قەزاو بەلا، باو بۆران، مەرگ و نەمان، ئەشکەنجەی دۆزەخ، ژەهری مار و ئاگرو لافاو هیچکامیان لەژن بەدفەڕترو خراپتر نین. لەڕاستیدا بۆچوونی هیندی کۆن لەسەر ئەم بنەما هزرییە دامەزرابوو، هەر بەگوێرەی ئەم بۆچوون و بنەما هزرییە هەڵسووکەوت لەگەڵ ژن دەکرا، وایاندەزانی، ژن بوونەوەرێکی چەوتوچەوێل و سەربارو ڕەزاگرانە. بەگوێرەی ئەم تێگەیشتنە لەناواخن و دەقی یاسانامەی «مانۆ» کە لەیاسانامە کۆنەکانی هیندە باسی ئەفسانەو چیرۆکێکی کۆنی هۆزی مانۆا (manava) دەکرێت کە لەودا بەرهەمەنەکان (پیاوە ئایینیەکانی هیند) ڕاسپێردراون، بۆگەیشتن بەپلەی کەماڵ (کەمال) خۆیان دوور بگرن لەچێژی ئامێزی ژن.

ئایینی هیند ژنهێنانی بەئەرکێکی ناچاری زانیوەو هەر بەمپێیە بەسووکی لەگەڵ پیاوی بێ ژن مامەڵەو هەڵسووکەوتدەکرا، بەجۆریک کە پیاوی ڕەبەن هیچ پلەوپایەی کۆمەڵایەتی نەبوو، کچێنی کچانیش بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ پەسند نەدەکراو بەسووکی چاویان لەکچانی قەیرە دەکرد. هیندییەکانی ئەو سەردەمە بەئەرکی دایک و باوکیان دەزانی، پێش ئەوەی خونچەی حەزو خۆشەویستی کچان و کوڕانیان بپشکوێت، دەبووا کارئاسانی بکەن بۆ پڕۆسەی هاوسەرگیری منداڵەکانیان. لەیاسانامەی مانۆدا دەستەواژەی گاندهاروا (Gaand harva) بەجۆرێک لەهاوسەرگیری دەگوترێت، کە بەمەیلوخواستی هەردوولا سەریدەگرت، بەڵام ئەمجۆرە لەهاوسەرگیری بەبەرهەمی خۆشەویستی دەزانرا، ئەگەرچی ڕێگەی پێدرابوو، بەڵام پەسند نەبوو.

لەلایەکی دیکەوەوە، کەشوهەوای گەرم و تایبەتی هیند هۆیەک بوو بۆ زوو پێگەیشتنی کچان و ئەمەش ئاڵۆزی و پشێوی دەخستەناو سیستەمی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەوە، بۆیە هیندییەکان بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بەشوودانی پێشوەختیان هەڵدەبژارد بۆ کچەکانیان تابیبێتە بەربەست لەبەردەم جووتبوونی پێش هاوسەرگیرییان.

لەهیندی کۆن پرۆسەی هاوسەرگیری لەڕێگای جۆراجۆرەوە ئەنجامدەدرا، بەرفاندنی کچ و لەڕێگای زۆرەوە هاوسەرگیری ئەنجامی دەگرت، هەندێکجاریش لەڕێگای کڕینی کچەوە جێبەجێدەکرا، جاروباریش دڵی کچە دەرفێندراو پاش ڕەزامەندی کچەکە هاوسەرگیری سەریدەگرت، لەبەرئەوەی هاوسەرگیری لەڕێگای ڕەزامەندی هەردوو لاوە بەسووک هەڵدەسەنگێندرا، ژنان پێیانباشبوو بیانکڕن، ئەگەریش بڕفێندرابان زۆر باشتربوو لەلایان، چونکە دەبوو بەهۆی ناوبانگ دەرکردن.

یاسانامەی مانۆ، ئاماژە بۆ هەشتجۆر لەشێوازەکانی هاوسەرگیری باوی ئەوسەردەمە دەکات، کە لەنێوان ئەمجۆرە هاوسەرگیرییانەدا هاوسەرگیری لەڕێگای ڕفاندن، لەڕێگای خۆشەویستییەوە بەبێبایەخترین جۆری هاوسەرگیری دەژمێردرێت. ئەمە لەکاتێدایە، کە هاوسەرگیری لەڕێگای کڕینەوە بەباشترین جۆری هاوسەرگیری هاتووەتە هەژمارو یاسادانەری هیندی وا تێدەگات، کە لەدواڕۆژدا تەنیا ئەو هاوسەرگیرییە پتەو و بەردەوام دەبێت، لەسەر بنەمای ئابووری دامەزرابێت، تەنانەت لەقۆناغێکی تایبەت لەمێژووی هیندستان دەستەواژەی هاوسەرگیری بەمانای کڕینی ژن بووە.

یەکێک لەنووسەرانی ئەو سەردەمە باسی دیاردەیەکی سەرسووڕهێنەر لەکڕینی کچان دەکات»ئەو بنەماڵەیەی کە لەبەر نەداری نەیانتوانیبا کچەکەیان بەمێرد بدەن بەلێدانی تەبڵ و شەیپوور کچەکەی بەرەو گۆڕەپانی ناوەندی بازاڕ دەبردو خەڵکیان لەدەوری خۆ کۆدەکردەوەو هەر پیاوێک بهاتایەتە پێش، دوای بینینی کچە ئەگەر بەدڵی بوایەو ڕەزامەندی دەرببڕبایە بۆ کڕینی کچەکە، ئەوا بەگوێرەی دابوونەریت و مەرجی تایبەت کوڕە لەگەڵ کچە هاوسەرگیری دەکرد.

**هەژار هەورامی**

www.netewe.com

# لەنێوان سەرپۆشەکەی دایکم و قسەکانی مەلا فەرماندا



خانم رەحیم*

ئەستەم بوو ئەگەر بۆ ساتێکیش بوایە دایکمم ببینیایە بەبێ سەرپۆشە سپییەکەی سەری بەو دیو و قاپی دەرگاکە بکردایە. هەروەها ئەستەمیش بوو دایکم پێشوازی میوانێکی بکردایە بەبێ سەرپۆشەکەی، دایکم و سەرپۆشەکەی ببوون بە تەواوکەری یەکتر، بەڵام لەگەڵ ئەو بڕوایەشیدا هەرگیز نەمبینی بەهۆی سەر دانەپۆشینمەوە رووم لێ گرژبکات، نەمبینی قسەیەکی سووک و ناخۆش بەکەسێک بڵێ بەهۆی ئەوەی کە سەری دانەپۆشیوە. دایکم موسڵمانێکی خێرخوازو دایکێکی میهرەبان بوو، دراوسێیەکی دڵسۆزو ژنێکی خواناس بوو، دایکم موسڵمان بوو چونکە پەروەردەی دەستی ئەو ئاینزایانەبوو کە تاسەر ئێسک لەگوتەکانیاندا رێزیان بۆ بەرامبەر دائەنا. لەسەردەمی دایکمدا پیاوانی ئایینی لەریزی پێشەوەبوون بۆ نووسینی شیعر، پەخشانە شیعر و داکۆکیکار بوون لەمافی نەتەوەو خەڵک، ئەوان قسەزان، زاناو سەنگین بوون و داوایان لەخەڵک دەکرد، زمانپاک و دڵپاک و بیرکراوەبن. هەوڵیان دەدا حوجرەکان پڕبێ لە فەقێ تا خواناسی تێکەڵ بەزانست بکەن و خوێنەواری و چاوکراوەیی تێکەڵ بەرۆحیان بکەن و بەرۆحیشیان خواپەرستی بکەن، جاران دایکم ئاوا موسڵمانێتی وەرگرت، بۆیە ئیمانی ئاوا قایم بوو بەخۆی و ئاوا فێری خواپەرستی ببوو، ئەو هەمیشە ناوی پیاوچاکان و خواو پەیامبەری لەسەر زارو سەرپۆشەکەشی لەسەرسەر دانابوو بۆ ساتێکیش دڵی دانەئەخورپا لەمینبەری مزگەوتێکەوە سووکایەتی بەژنێتی بکرێت.

ئاخۆ ئێستا خەڵک بڵێن چی و چۆن لە ئیسلام بڕوانن کاتێک دەبینن هەندێک لەپیاوانی ئایینی تا رۆحیان پیاوسالارن بەناوی ئایینەوە دەیانەوێ ژنان بکەنە سووتەمەنی ژن بوونیان و وەک بوونەوەرێکی نوقسان و کەمهۆش بیانناسێنن! ئاخۆ دەبێت کچان و کوڕانی ئەم وڵاتە چۆن زمان و رۆحپاک بن لەکاتێکدا مامۆستایەکی ئایینی، لەنامیلکەیەکدا بە کیژێکی کورد بڵێ **«ئەو ئەزانێ ئەجهیزەی سیکسی چۆن بەکاردێت و ئەو ئەزانی تام وچێژی چۆنە»**. ئێستا دەبێت ئێمەی کچان و ژنانی ئەم وڵاتە لەترس و لەبەر شەرمی خوا سەرپۆش و لەچک بدەن بەسەریاناو وەک قەناعەتێکی ئایینی، یان لەترسی دەمی کە نەیانکەنە نیشانەو ناوزەندیان نەکەن و لەناوکۆمەڵدا ناشرینیان نەکەن. چ موسڵمانێک هەیە چیرۆکی ئەو ژن و پیاوە مسوڵمانەیان نەبیستبێت، کە لەحزوری پەیامبەردا چۆن باسی کێشە سێکسیەکانی خۆیان کردووەو چەند بەبوێری و ئازایانەوە کێشەکانی خۆیان لەزاری خۆیانەوە گەیاندۆتە پەیامبەرو لە کۆڕو دانیشتنی ئەودا بۆچوونەکانی خۆیان لەسەر پەیوەندی و ژیانی سیکسی خۆیان باسکردووە. ئاخۆ ئەو مەلایانەی کە ئێستا ئەیانەوێ زمانی ئێمە بەهۆی ژنبوونمانەوە دابخەن، خۆیان لەپەیامبەر بەگەورەتر و مسوڵمانتر و نزیکتر لەخوا دەزانن. ئەگەر وانییە بۆ ناتوانن گوێبگرن لەبۆچوونی ژنانی ئەم کۆمەڵگایەو لێگەڕێن بەئازایانەو بوێرانەوە باس لەکێشەکانی خۆیان بکەن، بۆ لێناگەرێن ژنانی ئەم وڵاتە وەک هاوبەش و هاوبەشی پیاوان باس لەئازارەکانی خۆیان بکەن. نیشاندانی ئایین تەنیا بەدیوێکدا کە هەر توندوتیژی بەرهەمبهێنێ و نیشاندانی وێنەی خودا تەنیا بەدڵرەقی، خزمەت بەئایین ناکات هێندەی ئەوەی ترس لەناو رۆحی مرۆڤەکاندا بچێنێت.

ئێستاش مادام هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین کە جیاوازی بایۆلۆجی لەنێوان پیاو و ژندا هەیە، ناکرێ ئێمە وەک مێینە بەوە رازیبین و بڕوا بەوە بکەین کە پیاوان لەبری ئێمە بیربکەنەوەو لەبری ئێمە بڕیاربدەن. چونکە ئاشکرایە پیاو پیاوە ژنیش ژن، ئێمەش شانازی بەوە دەکەین کە بەژنێتی خەڵق بووین، کاتێکیش ئەتوانین شانازی بەژنبوونی خۆمانەوە بکەین، کە رێگەنەدەین بەناوی ژنێتیەوە مافەکانمان زەوتبکرێت.

* **بەڕێوەبەری رێکخراوی ئاسوودە**

www.netewe.com

# شیلان حەمەنوری:

# پێویستە حکوومەت سازش لەسەر پرسی ژن نەکات

**وارڤین: ڕەوشی ژنان و هەوڵەکانی حکوومەت بۆ ڕێگرتن لەدیاردەی توندوتیژی دژبەژنان لە چ ئاستێکدان؟ ئەو ڕاپۆرت و ئامارانەی لەبارەی ڕەوشی ژنان و ڕێژەی توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان و دەرەوە بڵاودەکرێنەوە چەند ڕاستن؟ پێویستە حکوومەت چی بکات بۆ ئەوەی بتوانێت دیاردەی توندوتیژی کۆنترۆڵ بکات؟ وارڤین وەڵامی ئەو پرسیارانەی لەچالاکوانی بواری مافەکانی ژن لە سلێمانی و ڕاهێنەری جێندەری (شیلان حەمەنوری) وەرگرتووە.**



**وارڤین: چۆن دەڕواننە ڕەوشی ژنان، ئایا بەبەراوورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو ڕەوشەکە باشتر نەبووە؟**

- **شیلان:** ڕەوشی ژن لەئێستادا بەقۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت لەبەرئەوەی ئێستا ڕێژەیەکی زۆرتری ژن هۆشیارە بەمافەکانی خۆی. ئەمەش وایکردووە کە ڕێژەی توندوتیژییەکان بەرزتر بێتەوە. واتە لەچاو پێشووتردا ڕێژەی توندوتیژی زیاتر بووە، بەرزکردنەوەی سکاڵا لەسەر پرسی توندوتیژی زیاتربووە، هۆکاری ئەوەش زیاتر هاتنەناوەوەی تەکنۆلۆجیایە بەبێ بوونی هۆشیاری ئەمەش وادەکات دووهێندە ڕێژەی توندوتیژی زیاتربێت. جگە لەوەش لەم چەندساڵەی ڕابردوودا هەندێک لەو کەسانەی، توندوتیژیانکردووە بەرامبەر بەژنان، تائێستا بەسزای خۆیان نەگەیشتوون، ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە.

**وارڤین: ڕۆڵی حکوومەت لەبەرەنگاربونەوەی توندوتیژی، بەتایبەت پاش دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- **شیلان:** ڕۆڵی حکوومەت دوولایەنەیە. لەلایەکەوە حکوومەت (بەهەموو پارتە سیاسییەکانەوە کە پێکیانهێناوە) بانگەشە بۆ ئازادی ژن، دیموکراتی، یەکسانی ژن و پیاو دەکەن، بەڵام لەواقیعدا ئەم دروشمانە لەپراکتیکدا نابینرێن. تەنیا قسەی قەڵەو و بریقەدارە. بۆ نموونە: یەک ساڵ تێپەڕی بەسەر دروستبوونی کابینەی شەشەمی حکوومەتی هەرێمدا، بەڵام تائێستا بەبیانووی جۆراوجۆر «ئەنجوومەنی خانمان» دروستنەبووە. بێگومان پرسی یەکسانی ژن و پیاو لەوڵاتدا، ئەوەندە هەستیارە، دەبوایە بەشێکی تەواوی بودجەی بۆ دابنرایە تاکاری لەسەر بکرێت. لەلایەکی دیکەوە حکوومەت تاوانبارانی توندوتیژی بەسزا ناگەیەنێت و چاوپۆشی لەتاوانەکانیان دەکات. بۆ نموونە: لەجەژندا کە فەرمانی لێبوردن بۆ ٢٠٧ زیندانی دەرچوو، تێیاندا هەیە تاوانی توندوتیژی دژبەژنانی ئەنجامداوە، ئەمەش وادەکات توندوتیژی بەلای خەڵکەوە ئاسایی ببێتەوە. یەکێکی دیکە لەو خاڵانە دەبینین پرسی ژن لەناو پەرلەماندا پرسێکی گرنگ نییە. بۆ نموونە: ٢ ساڵ ٣ساڵ بەسەر پێشکەشکردنی یاسای توندوتیژی خێزانیدا تێپەڕی، بەڵام تائێستا تەنیا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە. هەروەها پرسی نەهێشتنی خەتەنەکردنی ژنان کە پەرلەمانتاران دانەنیشتن بۆی و پێیان شەرمبوو قسەی لەسەر بکەن.

**وارڤین: لەدەرەوە زۆر ڕاپۆرت لەبارەی ڕەوشی ژنان لەهەرێم خراونەتەڕوو. ئەو ڕاپۆرتانە باس لەخراپی ڕەوشی ژن دەکەن.**

www.netewe.com

# حکوومەت تائێستا نەیتوانیوە ئەو تاوانبارانەی توندوتیژی ئەنجامدەدەن بگرێت و سزایان بدات

**ئێوە چـۆن دەڕواننە ئەو راپۆرتانە. تاچەند لە حەقیقەتەوە نزیکن؟**

– **شیلان:** ناتوانم بڵێم حەقیقەتن و ناشتوانم رەتیانبکەمەوە. چونکە نازانم شێوازی ئەو توێژینەوانە چۆن بووە، یاخود بڵێین کۆکردنەوەی ئامارەکان بەچ سیستەمێک کراوە، بەڵام ئاگادارم، رەوشی ژن لێرە زۆر هەستیارەو توندوتیژیش زۆرە. ئەگەر ئێمە بەراوورد بکەین لەگەڵ ئەو هەموو ساڵە خەباتەی کە رێکخراوەکان کردوویانەو هەندێ یاساش گۆراوە، بەڵام دەبینین توندوتیژی زۆرە.

**وارڤین: پێویستە حکومەت چ پلانێکی هەبێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان؟**


– **شیلان:** هیوادارم بەزووترین کات یاسایەک لەپەرلەمانی کوردستان دەربچێت و تێیدا بڕیاری ئەوە بدرێت، ئەو کەسانەی تاوانی کوشتنی ژنان ئەنجامدەدەن بەهیچ شێوەیەک لێبوردنی گشتی و تایبەت نەیانگرێتەوەو وەکو مادەکانی تایبەت بەمادده هۆشبەرەکان و تیرۆر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. داواکارم حکومەت بەزووترین کات پێداچوونەوە بکات بۆ کارەکانی خۆی و زیاتر بایەخ بە پرسی توندوتیژی دژبەژنان بدات. پێویستە بڕیار بدات چیدی سازش لەسەر پرسی ژن نەکات و پرسی ژن وەک پرسە سیاسییەکانی دیکە بەگرنگ سەیر بکرێت و ئەو پرسە نەبێتە هاوشێوەی پرسە سیاسییەکان و سازشی لەسەر بکرێت.

**وارڤین: هۆکارە سەرەکییەکانی توندوتیژی لەهەرێمدا چین؟**

– **شیلان:** نەبوونی هۆشیارییە لەبارەی ئەرک و مافەوە. کەلتووری ئێمە پڕبووە لەکۆمەڵێک دابوونەریتی نەویست کە خەڵکەکەمان پەیڕەوی دەکەن، یەکێک لەوانە پرسی کوشتنە لەسەر شەرەف. ئەگەرچی هەندێک دەیخەنە ئەستۆی لایەنی ئایینی، بەڵام پێمواننییە ئایین رۆڵی تێداهەبێت. بەڵکو ئەمە کەلتوورێکی کۆمەڵایەتییەو بووەتە بەشێک لەدابوونەریتە باوەکان. نەبوونی هۆشیاری وادەکات خەڵکی بەبەردەوامی ئەو کەلتوورە بەرهەمبهێننەوە. یەکێکی دیکە لەهۆکارەکان پرسی سستی و لاوازی رۆڵی راگەیاندنەکانە کە ناتوانن لەناو خەڵکدا هۆشیارییەکی تەواو دروستبکەن. هۆکارێکیتر، سستی و لاوازی رۆڵی حکوومەتە سەبارەت بەتاوانبارانی توندوتیژی، یاخود سەبارەت بەخودی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان. حکوومەت تائێستا نەیتوانیوە ئەو تاوانبارانەی توندوتیژی ئەنجامدەدەن بگرێت و سزایان بدات.

**وارڤین: ئێوە وەک چالاکوانانی بواری مافەکانی ژن لەهەرێمی کوردستان، تاچەند بەدواداچوونتان بۆ ئەو راپۆرتە نێودەوڵەتییانە کردووە، کە لەسەر رەوشی ژنان بڵاودەکرێتەوە؟**

– **شیلان:** ئێمە ناتوانین بەدواداچوونێکی ئەوتۆی بۆ بکەین. بۆ نموونە: دوایین راپۆرت کە لەنیۆیۆرک تایمزو دواتریش لە شەرقولئەوسەت بڵاوکرایەوە، ئامارێکی تێدایە دەڵێ ١٢٠٠٠ هەزار ژن لەساڵی ١٩٩١ تاساڵی ٢٠٠٧ کوژراوە. ئەو ئامارە لەمیدیاکانەوە بەروونی بڵاونەکراتەوە، بەچ شێوازێک ئەو ئامارە کۆکراوەتەوە، داتاکان چۆن وەرگیراون، جگە لەوەش لەهەرێمی کوردستاندا بەداخەوە تائێستا ئامارێکی برواپێکراومان نییە تا بتوانین پشتی پێببەستین. تەنیا ئاماری بەڕێوبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی هەیە کە تارادەیەک دەتوانرێ پشتی پێ ببەسترێت کە بۆ خۆی کێشەی هەیە. بۆ نموونە: ئەمساڵ لە مانگی حوزەیرانی رابردوودا کاتێک ئاماری شەش مانگی نیوەی یەکەمی ئەمساڵی بڵاوکردەوە، لەلایەن رێکخراوەکانەوە رووبەڕووی کۆمەڵێک رەخنە بووەوە. کەواتە ئامارێکی راست و دروست نییە. ئامادەکردنی ئاماریش کارێکی زەحمەتەو ئەستەمە بزانی چەند ژن دەکوژرێن. لێرەولەوێ ژن دەکوژرێ دەکرێتە ژێر گڵەوە، بەنهێنی دەشاردرێتەوە. هەروەها ژنان لە ماڵەوەو لەلایەن خێزانەکانیانەوە رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، تەنیا ئەوانەیان دەگاتە دەست ئێمە کە سکاڵایان تۆمار کردووە. بەداخەوە ئەو پرسە نەبووەتە خەمی وەزارەتی پلاندانان، یاخود ئەو شوێنانەی کە تایبەتن بەو ئامارە، یاخود رێکخراوەکان، چونکە رێکخراوەکانیش گرفتیان هەیەو بودجەیەکی وایان نییە تا بتوانن ئامارێکی گشتگیر ئامادە بکەن. پێویستە حکومەت بودجەیەک دابینبکات بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تا توێژینەوەیەکی بێسانسۆری سیاسی و ئامارێکی تەندروست ئامادەبکەن و ئەوکات لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە دەبێ پلان دابنێرێت و لەجێبەجێکردنی پلانەکەشدا سەرجەم وەزارەتەکان بەشداربن. گرنگە حکومەت ستراتیژی کارکردنی هەبێ بۆ رێگرتن لەتوندوتیژی پلانی کورتخایەن و درێژخایەنی هەبێ بۆ گەیشتن پێی. گرنگە رێکخراوەکانی ژن خۆیان بەشداربن راستەوخۆ لەدانانی ئەو ستراتیژەداو پاشان بەهەردوولا کاربکەن بۆ گەیشتن بەئامانجەکان. لەبەر نەبوونی ستراتیژ و پلانێکی لەوجۆرە لەماوەی ١٩ ساڵی رابردوودا ئەوکارانەی کە کراوە لەپێناو بەدیهێنانی مافی یەکسانی بۆ ژن تائێستا بەرهەمێکی ئەوتۆی نەبووەو بەڵکو تاکڕەوانەو لێرەولەوێی کار کراوەو زۆرجاریش کاری پێچەوانە دروست بووە.



تازیا شڤان

www.netewe.com

# لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر:
# بەناوی خوازبێنییەوە قۆڵی ١٦ کچی بڕیوە

**وارڤین — هەولێر:**
**کوڕێک لەهەولێرو سلێمانی لەژێرناوی خوازبێنی، بڕێکی زۆر زێڕی لەکچان وەردەگرێت کە هەندێک لەو کچانە مامۆستای زانکۆ و کچی بەرپرسانن. ئەو کوڕە زێڕەکانی بەبێ وەسڵ و کەفیل بە ٣ زێڕینگر فرۆشتووەو لەئێستادا هەشت کچ سکاڵایان لەدژی تۆمارکردووە.**

هونەر، لەدایکبووی ١٩٧٤، دانیشتووی سلێمانییە، ماوەیەک بەر لەئێستا لەوێ زیندانیکراوەو دوای ئازادکردنی هاتووەتە هەولێر. هونەر ئێستا بەتۆمەتی «فێڵکردن» دەستگیرکراوە. یەکێک لەو کچانەی سکاڵای لەدژی تۆمارکردووە هێرۆیە. ئەو ٢٩ ساڵەو دانیشتووی هەولێرە، یەکێکە لەو کچانەی لەلایەن هونەرەوە، ٥١ مسقاڵ زێڕی لێوەرگیراوە. رۆژی ٢٠١٠/٩/١٦ هێرۆ، لەدەوام بووە، هونەر چووەتە لای و خۆی پێناساندووە، گوایە ئەندازیارەو لەئەنجوومەنی وەزیران کاردەکات، خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە. گوتی «**ئەو بەناوی کارساس، کەکوڕی بنەماڵەیەکی دیاری سلێمانیە خۆی پێناساندم**»، هێرۆ هەوڵیداوە بەدواداچوون بۆ قسەکانی بکات، بۆیە لەرێگەی کوڕە پورێکی پرسیاریکردووەو بۆی دەرکەوتووە کە قسەکانی راستن.

## بەڵێنی هاوسەرگیری پێداون

هێرۆ گوتیشی «**قسەی لەگەڵ کردم، پێیگوتم بیرت لەوە نەکردۆتەوە بچیتە ماڵی خۆت**»، لەوەڵامدا هێرۆ پێیدەڵێ ناتوانم لەبەردەمی خەڵک قسەت لەگەڵ بکەم، هونەر داوای ژمارەکەی لێدەکات، ئەویش ژمارەی دایکی دەداتێ، ئەو رۆژە کاتژمێر ٤ هونەر تەلەفۆنی بۆ هێرۆ کردووە، دوای ئەو ناسینە سەردانیکردووە، هێرۆ گوتی «**هاتەلام بۆ فەرمانگە، داوام لەهاوڕێیەکم کرد لەگەڵمان بێت، هونەر لەگەڵ هاوڕێکەم باسی کەسانی گرنگی دەکرد، بەشێوازێک قسەی دەکرد، وای لەو هاوڕێیەم کرد، متمانەی پێبکات، ئەو هاوڕێیەم پێیگوتم لەدەست خۆتی مەدە**». هێرۆ سەرسام بووە بەقسەکانی هونەر و هیچ گومانێکی لەبارەی راستی و ناڕاستی قسەکانی هونەر بۆ دروستنەبووە. گوتی «**قسەی زۆر سەیری دەکرد**». لەماوەی یەک هەفتەدا بەتەلەفۆن قسەیان کردووەو هێرۆ لەگەڵی چووەتە دەرەوەو هونەریش چووەتە ماڵیان و هونەر لەبارەی خواستنی هێرۆ لەگەڵ دایکی رێککەوتووە، گوتیشی «**پرسیاری ئەوەی لێدەکردم مووچەکەم بەچیداوە، بەڵام ئەوکات بیرم لەوە نەکردەوە، بۆ لێمدەپرسێت و زۆر بەئاسایی وەرمگرت، نەمزانی ئەو کەسێکی فێڵبازو درۆزنە**».
هونەر دوای ئەوەی دایکی هێرۆی رازیکردووە، بەیەکەوە بڕیاریانداوە لەگەڵ خاڵیشی قسە بکات، ژمارەکەی وەرگرتووە هەر ئەو رۆژەی لەماڵیان بووە تەلەفۆنی بۆ خاڵی کردووەو کاتێکیان دیاریکردووە تایەکتر ببینن.
ئەو رۆژەی بڕیار بووە هونەر خاڵی هێرۆ ببینێت، بەیانییەکەی ٥١ مسقاڵ زێڕی لەهێرۆ وەرگرتووە. هێرۆ گوتی «**سەر لەبەیانی رۆژی پێنجشەممە ٢٠١٠/٩/٢٣ بوو زێڕەکانی لێوەرگرتم بەفێڵی ئەوەی بەخوشکەکانی پێشاندەدات بۆ ئەوە لەرۆژی مارەییم هەمان زێڕم بۆ نەهێنێتەوەو بڕیاربوو شەممە ٩/٢٥ بێت بۆ مارەکردنم**». گوتیشی «**رۆژێک پێشتر پێیگووتم دەمەوێ وێنەت بەخوشکەکانم پیشانبدەم، منیش چوار وێنەم پێدا**».
بەگوتەی هێرۆ، ئێوارەی پێنجشەممە بڕیاربووە هونەر خاڵی هێرۆ ببینێت، هونەر خۆی وندەکات و یەکێک لە دوو ژمارە مۆبایلەکانی دادەخات، ژمارەی دووهەمیشی هێرۆ زۆر تەلەفۆنی بۆ دەکات، کوڕێک وەڵامدەداتەوەو پێیدەڵێت ٣ رۆژە ئەو ژمارەیەی کڕیووەو نازانێت بەناوی کێیە، ئەمە لەکاتێکدایە کە یەک رۆژ پێشتر هێرۆ بەو ژمارەیە قسەی لەگەڵ هونەر کردووە.
هێرۆ، پەیوەندی بەو بنەماڵەیەوە دەکات کە هونەر خۆی بەکوڕی ئەوان ناساندووە، ئەوانیش نکۆڵی لەوەدەکەن کوڕی وایانهەبێت و دواتر لەگەڵ هاوڕێیەکی دەچێتە شاری خەونەکان بۆ دۆزینەوەی ماڵی هونەر، لەوێ پرسیار دەکات و پێیدەڵێن هیچ کەسێک بەو ناوە خانووی نییەو ئەو ژمارەیەی باسی دەکات هێشتا نەکراوە بەخانوو. دواتر هێرۆ لە٢٠١٠/٩/٢٦ سکاڵا تۆمار دەکات.
سارا ٣٠ ساڵ، مامۆستای زانکۆ، یەکێکی دیکەیە لەو کچانەی هونەر زێڕی لێوەرگرتووە، ئەو گوتی «**٢٠ مسقاڵ زیو و ٣٠مسقاڵ زێڕی لێبردووم، پێیگوتم شتێکت بۆ دەهێنم زۆر بەنرخ بێت**». ئەو گوتیشی «**هاتەلای براو باوکم و خوازبێنی کردم**».

## تۆڵەی لەژنان کردووەتەوە؟

هونەر، باسی لەوەدەکرد «**گرێیەکی دەروونی**» بۆ پەیدابووە بەرامبەر بەژنان «**من کچێکم خۆشدەویست، پارەی زۆرم لێخەرجکردبوو، چوومە داوای شووی پێنەکردم، منیش وەک تۆڵەسەندنەوە زێڕو پارەم بەرەزامەندی خۆیان لێوەرگرتوون**». ئەو گوتی «**لەسلێمانی زێڕم لەچوار کچ وەرگرتووەو زۆر کەم پارەم لێوەرگرتوون، بەڵام دیاریشم بۆ کڕیوون**». ئەو باسی لەوەکرد کە هەندێکیان کچی بەرپرسەکان بوون، دەسەڵاتی زۆریان هەبوو، بەقسەی خۆی بەو کچانەی گوتووە «**نەخۆشم پێویستم بەپارەیە**» و خۆی هەژارکردووەو قەناعەتی پێکردوون پێویستی بەپارەیە ئەوانیش بەرەزامەندی خۆیان پارەکەیان پێداوە. ئەو کوڕە لەمانگی ئابی ٢٠١٠ هاتووەتە هەولێر «**فێڵی**» لە١٢ کچ کردووەو زێڕو پارەی لێوەرگرتوون بەبیانووی ئەوەی

www.netewe.com



دەچێتە داوایان «لەگەڵ کەسووکاری هەموو کچەکان قسەم نەکردووە، بەڵام شەوان تا بەیانی قسەم لەگەڵ ئەو کچانە کردووەو بەناوی خۆم چوومەتە لایان». ئەو دان بەوەدادەنێ کە هەڵەی کردووە. «هەڵەم کردووە، هەڵەکەم درۆکردنە، ئەوان باسی ئەوە دەکەن شتم لێوەرگرتوون، بەڵام باسی ئەوە ناکەن دیاریم پێداون». ئەو گوتیشی «جگە لەو کچانە، شتم لەچەند بەرپرسێکیش وەرگرتووە». ئەو گوتیشی «دەمەوێت پارەی کچەکان بدەمەوە، خزم و کەسم هەیە، داوای یارمەتیان لێدەکەم».

## بێ وەسڵ زێڕیان لێکڕیوە

هونەر ئەو زێڕەی لەکچەکانی وەرگرتووە بە ٣ زێڕینگری فرۆشتووەتەوە، بەگوتەی خۆی یەکێک لەزێڕینگرەکان زۆر هاوڕێی بووە، ناوی سیروانە. ئەوان پێکەوە شەوانە چوونە دەرەوەیان هەبووە. بەڵام سیروانی زێڕینگر رەتیدەکاتەوە کە هاوڕێیەتی لەگەڵ هونەر هەبووبێ «تەنیا لەرێگەی زێڕکڕینەوە ئەو کوڕەم ناسیوە، هیچ هاوڕێیەتیم لەگەڵیدا نییە». کەسێکیش لەناو بازاری زێڕینگران نەیویست ناوی بهێنرێت گوتی «سیروان هاوڕێی هونەر بوو، شەوانە بەیەکەوە بوون». هونەر بەشی زۆری زێڕەکانی بە سیروان فرۆشتووە، چونکە وەک خۆی گوتی ئەو هاوڕێی بووە داوای وەسڵی لێنەکردووە، جگەلەوە بەنرخێکی کەم لێیکڕیوەتەوە، سیروان پێچەوانەی قسەکانی هونەر دەڵێ «ئەوکاتەی زێڕەکانم لێکڕیوە رەگەزنامەکەم لێوەرگرتووە لەجێگەی وەسڵ، بەنرخی رۆژیش زێڕەکانم لێکڕیووەتەوە».

## «ئەوانیش تاوانبارن»

هێرۆش گومانی لەزێڕینگرەکان هەیەو دەڵێ «یەکێک لەزێڕینگرەکان دەڵێ، پارچەیەکی من ١٦ مسقاڵ بووە، بەڵام ئەوەی من ١٨ مسقاڵ بوو». گوتیشی «دەبوایە پارەی زێڕەکانم بدرێتەوە، بڕیاریشدرا پارەکانم بدەنەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی زێڕینگرەکە کەسانێکی بەرپرس دەناسێت بۆیە پارەکەیان نەدامەوە». بەگوتەی سیروان ئێستا هونەر ٥٢ مسقاڵ زێڕی ئەو قەرزدارە، چونکە زێڕەکەی لەپۆلیس دەستی بەسەرداگیراوە، بەگوێرەی گوتەی خۆی بەدواداچوونی لەبارەی هونەرەوە کردووەو لەو میوانخانەیەی هونەر تێیدا ماوەتەوە پرسیاری کردووە. ئەو زێڕینگرە گوتیشی «ئەگەر هونەر پارەکانم نەداتەوە، ئەوا منیش سکاڵای لەسەر تۆماردەکەم». ئاسۆ، یەکێکی دیکەیە لەو زێڕینگرانەی زێڕی لەهونەر کڕیوە، گوتی «٦ تاک بازنم لێکڕیوەو بەناوی سیروان هاتەلام». ئاسۆ، بەبێ وەسڵ زێڕی لەهونەر کڕیوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێ دەستەبەری هەبووە، هیچ پارەیەکی نەداوەو زێڕینگری سێهەمیش ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێک بدات. دوای وەرگرتنی ئیفادەیان وەک شاهێد، دواتر وەک تۆمەتبار هەرسێ زێڕینگرەکە بانگکراون و لەکۆتاییشدا بەکەفالەت ئازاد کراون. هونەر زێڕینگرەکان وەک خۆی بە «تاوانبار» دەبینێت و دەڵێ «ئەوانیش دەستیان لەو پرسەدا هەیە، من فێڵم لەکچەکان کردووە، زێڕینگرەکانیش فێڵیان لەمن کردووەو بێ وەسڵ زیڕەکانیان لەمن کڕیوە».

## «پۆلیس ئیفادەی من لەدژی زێڕینگرەکان وەرناگرێت»

هونەر بەگومانە لەپۆلیس و دەڵێ «لەپۆلیس یەک وشە لەدانپێدانەکەم وەرنەگیراوە لەبارەی زێڕینگرەکانەوە، ئەوان بۆ ئازادکراون؟ ئەوانیش فێڵیان لەمن کردووە، بەڵام بۆ ئەوان ناگیرێن».

لەبارەی شێوازی کڕینی زێڕ سەید بەکر محەمەد، جێگری سەرۆکی سەندیکای زێڕینگران دەڵێ «هەر زێڕینگرێک بەبێ وەسڵ بکرێت رووبەڕووی یاسا دەبێتەوەو دەبێ وەسڵ یان کەفیلی هەبێت».

## پێچەوانەی یاسایە

لەڕووی یاساییەوە پارێزەر ئومێد عەبدولسەلام، ئەوەی روونکردەوە، هەر کەسێک هەر شتێک لەکەسێکی دیکە بکڕێ و نەزانێت سەرچاوەی ئەو شتە لەکوێیە، ئەگەر دەرکەوێت دزیویەتی یان بەکەتنێکەوە دەستیکەوتووە ئەوکاتە ئەوەی ئەو شتەشی کڕیوە رووبەڕووی یاسا دەبێتەوە بەگوێرەی ماددەی ٤٦١ یاسای سزادانی عێراقی بەزیندانیکردن بۆ ماوەی کەمتر لەساڵێک و غەرامەکردن سزادەدرێت. هەروەها بەکەفالەتیش ناتوانرێ ئازاد بکرێن، تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتی نەبێت ئەویش پێش دەرچوونی بڕیاری دادوەر.

سەرچاوەیەکیش لەپۆلیس نەیویست ناوی بهێنرێت بەوارڤینی راگەیاند «ماددەی ٤٦١ زێڕینگرەکان دەگرێتەوە، بەڵام دادوەر بەکەفالەت ئازادی کردوون».

## داوای مەدەنی

هونەر، بەماددەی ٤٥٦ یاسای سزادانی عێراقی و بەتۆمەتی «فێڵکردن» لەسەر سکاڵای هەشت کچ لەرۆژی ٢٠١٠/١٠/٢١ دەستبەسەرکراوە، کێشەکەی هێشتا لەدادگا یەکلاییەنەبووەتەوە. وێڕای ئەوەش هێرۆ کە ٥١ مسقاڵ زێڕی لێبراوە، داوایەکی مەدەنی لەدژی هونەر تۆمار کردووەو داوای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی دەکات و هەندێک لەو کچانەی سکاڵایان تۆمار کردووە بڕێک لەزێڕو پارەکانی خۆیان وەرگرتووەتەوە.



www.netewe.com

## «ئەو شتانەی ئەو ژنانە کردوویانە لە یاسای تیرۆر و سزادانی عێراقیدا جێی دەبێتەوە»

## چوار ساڵ ئامادەکاری بۆ «کتێبەکەی» کردووە

### ئامادەکاری نامیلکەی «راستییەکی ونبوو» فەرمان خەرابەیی لەدیمانەیەکی وارڤیندا:

# «سکاڵا لەدژی من سکاڵایە لەدژی هەموو مەلایەک و خەڵکی موسوڵمان»

وارڤین — تایبەت:

دوای ئەوەی نامیلکەی «راستییەکی ونبوو»ی بڵاوکردەوە هەندێ لەو ژنانەی لەونامیلکەیەدا ناویان هاتبوو، رونکردنەوەیەکیان دەرکردو تێیدا رایانگەیاند «سکاڵا لەدژی ئامادەکاری ئەو نامیلکەیە تۆماردەکەن». لەو بارەیەوە فەرمان خەرابەیی دەڵێ «سکاڵاکردن لەدژی من رەنگە سکاڵا بێت لەدژی هەموو مەلاکان و خەڵکی موسڵمان». گوتیشی «من قسەکانی ئەوانم وەک خۆی گواستووەتەوەو نامیلکەکە هیچ ئایەت و فەرموودەو تەنانەت بسمیلای تێدانییەو شیکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و رەخنەیەکی ئەدەبییە».

– وارڤین: بیرۆکەی نووسینی ئەو نامیلەکەیە لەچییەوە سەرچاوەیگرتووە؟

– فەرمان خەرابەیی: ئێمە وەک مامۆستا پیشەی خۆمانەو بەئەرکی ئایینی و نیشتمانی دەزانین هەر کێشەیەک لەنێو کۆمەڵگا هەبوو، بەکێشەی خۆمانی بزانین و چارەسەری بکەین. بیرۆکەی نووسینی ئەو کتێبە لەوەوە سەرچاوەی گرت، ئەگەر سەیربکەی ٢٠ساڵ پێش ئێستا حاڵەتی جیابوونەوەو شەڕی نێو خێزان و سووتاندن و کوشتنی ئافرەت بەوشێوەی ئێستا نەبوو، من لێکۆڵینەوەیەکم کرد تا بزانم هۆکاری ئەو کێشانە چین؟ بەتایبەت لەنێوان ژن و پیاو، ئەم کتێبە باسێکی کۆمەڵایەتییەو بسمیلاو هیچ ئایەت و فەرموودەیەکیشی لەسەر نییەو نزیکەی چوارساڵە ئامادەکاری بۆدەکەم.



مەلا فەرمان خەرابەیی

– وارڤین: لەو نامیلکەیەدا زیاتر پشتت بەوتەو لێدوانی ئەو ئافرەتانە بەستووە کە لەبارەی پرسەکانی ژن قسەیان کردووە، بەڵام شیکارییەکی وردت بۆ پرسەکە نەکردووەو زیاتر تانە یان لێدوانت لەبارەوە داون، ئەوانەی ناویان هاتووە دەڵێن»ئەو نامیلکەیە ناچێتە خانەی زانستییەوە؟

– فەرمان خەرابەیی: ئەوە رەخنەی ئەدەبییەو توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتییە. قسەی خۆم لەنێو ئەو نامیلکەیە بەکارنەهێناوە تا نەڵێن ئەوە مامۆستا قسەی خۆی بەکارهێناوە. کەسێک بڵێ حکوومەت فڵان شتیکردووە، ناتوانێ بڵێ وامنەگوتووە، یان جوێن بەئیسلام بدات؟ من وتەی ئەوانم بەکارهێناوە ئەو نووسەرانەی رەخنەشیان گرتووە، ناوم لەو نامیلکەیە هێناون و وتەی ئەوانم بەکارهێناوە بەبێڕێزی ناوم نەهێناون و بەخاتوون ناوم هێناوون. ئەو نووسەرانە خۆشیان رەخنەی ئەدەبییان گرتووەو لەرۆژنامەو میدیاو نووسینەکانیان ناوی کەسانێکیان هێناوە.

– وارڤین: بۆ نموونە: نووسەرێک کە باسی سێکسی بەکۆمەڵ یان باسی هاوسەرەکانی پەیامبەری کردووە، تۆ نەهاتووی شیکردنەوەیەکی تەواو بۆ ئەو باسە بکەیت و بەرێگەیەکی زانستی ئاماژە بەهەندێ سەرچاوە بکەیت و وەڵامیبدەیتەوە؟

– فەرمان خەرابەیی: هەندێ شت هەیە

www.netewe.com

پێویستی بەروونکردنەوە نییە، چونکە منداڵ لەسەرەتاییدا دەیخوێنێ، پێویست ناکات شیکردنەوە بۆ شتێک بکەیت کە منداڵێک دەیزانێت. لەئیسلامدا سێ ژن بەیەکەوە بهێنرێت نابێت. هەموو کەس دەزانێ سووکایەتی بەمامۆستای ئایینی و ئیسلام شتێکی خراپە ئەمەپێویستی بەشیکردنەوەی قووڵ نییە.

**– وارڤین: هەندێ چالاکوانی ژن دەڵێن دەرکردنی ئەو کتێبە لەقۆناغی ئێستادا هاوکاتە لەگەڵ ئەو هێرشانەی لەمینبەری مزگەتەوە دەکرێنە سەر ژن؟ دەرچوونی ئەو کتێبە بۆ لەم کاتەدابوو؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** لە ١٧-١٢-٢٠١٠ وشەی جێندەر وروژێنرا. ئایا پێشتر ئەو باسە هەبوو؟ ئەو توێژینەوەیەی کردوومە لێی حاڵیبوومە. رەنگە زۆربەی مامۆستاکانی ئایینی هەولێر بەتەواوی لەجێندەر نەگەیشتبن و بەشێوەیەکی زانستی باسی جێندەریان نەکردبێت، بەڵام ئەوە ئەرکی دینی و نیشتمانییە کە کۆمەڵگای لێی بپارێزرێت.

**– وارڤین: لەناملیکەکەدا باس لەوەکراوە جێندەر واتە سڕینەوەی مرۆڤایەتی و مەترسییەکی گەورەی لەنێودا حەشاردراوە. ئەو مەترسییە چییە؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** پێمخۆش نییە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە.

**– وارڤین: بەڵام لەو ناملیکەیەدا نووسراوە جێندەر واتە گۆڕینی رەگەز، بەڵام جێندەر خۆی واتە رەگەز؟ ئەمە پێویستی بەوەڵامدانەوە نییە؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** لەو پەرتووکە سەرچاوەی ئایینیم بەکار نەهێناوە، ئەو سەرچاوانەم بەکارهێناون کە چالاکوانان لەهەرێمی کوردستان لەبواری فیمینزم و ژنان نووسیویانن و نووسینەکانی ئەوانم گواستووەتەوە. جێندەر وشەیەکی ئینگلیزییەو تازە بەکارهاتووەو ناتوانم وشەیەک لەگیرفانم بهێنم بۆ ئەو وشەیەی دابڕێژم. جێندەر دەستەواژەیەو ناوەڕۆکی هەیەو مانای زۆری لەخۆ هەڵگرتووە.

**– وارڤین: لەو ناملیکەیەدا هاتووە ئەوانەی بانگەشەی فیمینزم دەکەن لەهەرێم ئەرکیان بۆ ژن دیارنەکردووە، بەڵکو تەنیا بەدەوری دروشمەوە خولاونەتەوە؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** مەبەستم ئەوەیە لەهەموو رۆژنامەو میدیاکان زیاتر داوای ماف دەکرێت و باسی ئەرک ناکرێت. ئیسلام ئەرک ومافی بۆ ژن دیاریکردووەو هیچ کێشەیەک لەنێو خێزانی موسڵمانێکی رۆشنبیرو تێگەیشتوو نییە. ئەو کێشانەی وەک خۆسووتان و تەڵاق لەنێو بەزۆری کەسانێک روودەدات کە خۆیان بەرۆشنبیر دادەنێن، بەڵام دوورن لەجێبەجێکردنی یاساکانی خوا.

**– وارڤین: باس لەرێژەی جیابوونەوەو سووتان و کوشتن لەو ناملیکەیە کراوەو زۆرترین هۆکاریی ئەو حاڵەتانەش بۆخودی ژنان گەڕێندراوەتەوە، بەڵام ئاماژە بە پیاو نەکراوە کە ئەویش هۆکارێکی سەرەکی کوشتن و تەڵاق و سووتانی ژنانە؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** باسی پیاوانم نەکردووەو زیاتر باسی ئەو ژنانەم کردووە کە بەناو داکۆکیکاری ژنانن و زیاتر داوای مافی ئافرەت دەکەن، چونکە ئەوان سەنگەرەکەیان گرتووە.

**– وارڤین: بەشی دووەمی ناملیکەکە باس لەرێکخراوەکانی ژنان کراوە کە نزیکەی ٢٠ ساڵە لەهەرێم کاردەکەن و ئامانجەکانت دیاریکردوون و نووسیوتە ئەو رێکخراوانە دژایەتی مامۆستایی ئایینی دەکەن؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** گوتوومە هەندێ لەو رێکخراوانە هۆکارێک بوونە. ئەوە قسەی من نییە قسەی فێمینزمەکانە کە گلەییان لەخۆیان کردووەو نووسیویانە بەتەواوەتی بەکاری خۆیان هەڵنەساون. ئەو قسانەم لەسایتی خۆیان و رۆژنامەو گۆڤارەکانیان دەرهێناوە.

**– وارڤین: کامە فێمینزم؟ ئایا بزووتنەوەی ژنان هەیە لەکوردستان ؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** ئەی ئەوانەی بەناو داکۆکی لەمافی ئافرەت دەکەن چین؟ ئەی ئەو هەموو رێکخراوانە چین بەناوی ژنانەوە هەن. ئەوانە بزوتنەوەی ژنان و فێمینزمی ژنانن لەکوردستان. فێمنیزم واتە بزووتنەوەی ژنانە.

**– وارڤین: لەناملیکەکەی تۆدا هاتووە چالاکوانانی ژن دەیانەوەی وەک پیاو وابن، بەڵام ئەوان ژنبوونیان دەوێ و پیاوبوون رەتدەکەنەوە؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** لەکوێ باسم کردووە؟

**– وارڤین: لەو ناملیکەیەی ئێستا بەردەستە.**

– **فەرمان خەرابەیی:** بزووتنەوەی جێندەری بەپێناسەی خۆیان توندڕەوترین بزوتنەوەی ژنانە بۆ شەڕکردن لەگەڵ پیاو. من هەوڵدەدەم سەرچاوەیەک بێنە ژیان بۆ خەڵکی ئەو سەرچاوەیە چیم پێبڵێ بەگوێی دەکەم. ئەو سەرچاوەیەی من قورئانە. ئەوانیش سەرچاوەیان هەیە وەک ئێمە، سەرچاوەکەیان ئەو بەڵێننامە نێودەوڵەتییانەن بۆ مافی ژن بەستراوە، ئەوان کە خۆیان بەبزوتنەوەی ژنان دەزانن دەبێ جێبەجێیبکەن، ئەوکات دەنا نابێ بڵێن بزووتنەوەییەکی ژنانەین و دەبێ بڵێن بەس بۆ پارە هاتووین.

**– وارڤین: ئەو رێکخراوانەت بەوە تۆمەتبار کردووە کە دژایەتی مینبەری مزگەوت دەکەن، بەڵام باست لەوەنەکردووە، زۆر لەمامۆستایانی ئایینی مینبەری مزگەوت بۆ هێرشکردنەسەر ژنان و سووکایەتیپێکردنیان بەکاردەهێنن؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** هەر مامۆستایەک بووە، نابێ جوێن بدات و تەشهیر بکات، هەر مامۆستایەک ئێستەزا بکات تواناو ئاستی زانستی تەواونییە. من نەشم بیستووە مامۆسای وا هەبێت. یەکێک کە جوێنی داوە تۆ بڵێی جوێنتداوە، ئەوە رەتکردنەوەیە نەوەک جوێندان. مینبەریش سەکۆیەکی راگەیاندنی زانستییەو مامۆستاکانی ئایینی زۆر رۆشنبیرترن لەوانەی خۆیان پێ لەمامۆستا رۆشنبیرترە.

**– وارڤین: بۆ دەسەڵاتی مامۆستای ئایینی لەچوارچێوەی مزگەوت نەبێت، یان بەمانایەکیتر پەیامی ئایینی لەچوار چێوەی مزگەوت دەرببڕدرێت، نەک دەستوەربداتە ناو هەموو شتێک و لەباتی هەمووان قسە بکات؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** مامۆستای ئایینی لەجیاتی پزیشک و حکوومەت و کەسێکی دیکە قسەناکات. مامۆستای ئایینی، پێشەوای کۆمەڵگایە، ئەوەندەی کێشەکان دێنەلای ئێمە نایەتە لای ئێوە. کاتێ کەسێک دێ دەڵێ هۆکاری تەڵاقدانی خێزان چییە دەبێ بۆی باس بکەم. کاتێ کەسێک هەیە دەیەوێ کۆمەڵگە تێکبدات و مامۆستا ناوی دەهێنێت، ئەوە مانای ئەوە نییە مامۆستا لەجیاتی حکوومەت قسە دەکات. ئایین هەمو

www.netewe.com



بوارێکی کۆمەڵگای گرتووەتەوەو مامۆستای ئایینی باسی دەکات. مزگەوت شوێنی خۆیەتی، بەڵام بۆی هەیە لەراگەیاندن دەرکەوێت و لەرۆژنامە بنووسێت مامۆستای ئایینی هەیە پزیشکە یان رۆژنامەنووس و نووسەرە ئەوە سنووری مەلا دەگەیەنێتە هەموو شوێنەکانەوە؟ مامۆستا بۆی هەیە وەک کەسێکی ئاسایی بوارەکانی زانستی بگرێتەبەر.

– **وارڤین: وتت مامۆستای ئایینی پێشەوان، کاتێک مامۆستای ئایینی پەنجە بۆ کەسێک ئاراستە دەکات، ئایا بەوکارەی ژیانی ئەو کەسانە ناخاتە مەترسییەوە؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** هیچ مامۆستایەکی ئایینی فتوای نەداوە بڵێین بڕۆن ئەو کەسە والێبکەن. بۆ بەقسەی من ژیانی ئەو کەسانە دەخرێتە مەترسییەوە، ئەو پێشتر لەچەندین شوێنی وەک میدیاکان ئەو قسانەی بڵاوکردووەتەوە.

– **وارڤین: لەبەر پێگەی مامۆستایانی ئایینی بەوپێیەی لەسەر مینبەری مزگەوت ئەو قسانە دەکەن؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** پێشتر خەڵک گوێی لەو قسانە بووە. مامۆستای ئایینی تەنیا ئەرکێکی نیشتمانی کردووە. فەتوای نەداوە کە ئەوکەسە چی لێبکرێت. قسەی ئەو کەسانە کە لەهەموو دنیا دەبینرێت. بۆ بەقسەی مامۆستای ئایینی هەڕەشە بۆ ژیانی دروستدەبێت، ئەو شتە مەنتقی نییە.

– **وارڤین: بۆنموونە ئەو ژنانەی لەو نامیلکەیە ناویان هاتووە پێیانوایە ئەوە دەبێتەهۆی ئەوەی ژیانیان بخرێتەژێر مەترسییەوە هەڕەشەیە بۆ سەر ژیانی ئەوان؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** نەمگوتووە ئەوان چیان لێبکرێت، قسەکانی ئەوانم گواستووەتەوە کە خۆی قسەکەی کردووەو بەشانازییەوە کردوویەتی بەکتێب. بۆ ئەوکاتە نایڵێت ژیانم لەمەترسییە، بەڵام کە من وەک کتێبێک ئەو ئەو قسانەم نووسیوەتەوە بۆ مەترسی بۆ ئەو دروست دەبێت. خۆ ئێمە فەتوای کوشتنمان بۆ نەداوە، دەبوو ئەو قسەی نەکردبا کە خۆی باوەڕی پێینییە.

– **وارڤین: ئەو ژنانە دەڵێن قسەی مامۆستا تۆمەتەو ئێمە بەنیازی چاکسازین و دەیانەوێت سکاڵاتان لەدژ تۆماربکەن تۆ لەوبارەیەوە چیدەڵێیت؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** هیچ شوێنێکی کتێبەکە تۆمەت، هێرش ناڕاستی، تێدانییە. هەر کەسێک درۆ، هێرش، تۆمەتی لەو کتێبەی دۆزییەوە ئەوکاتە من بەڵگەی دەدەمە دەست.

– **وارڤین: لەرێگەی دادگاوە بەڵگەکەی پێدەدەیت؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** نەخێر.

– **وارڤین: ئەگەر ئەوان سکاڵایان تۆمارکرد تۆ وەڵامت چیدەبێت؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** ئەگەر رێگەی دادگایان گرتەبەر رەنگە بۆخۆیان زەرەر بێت و قورستر بوەستێت لەسەریان.

– **وارڤین: ئامادەی بچیتە بەردەم دادگا؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** من تەواوی بەڵگەکانم پێیەو راستییەکان رونکراونەتەوە، یەکێک کە دەچێ سکاڵا تۆماربکات یەعنی شکاتی لەسەر هەموو مامۆستایانی ئایینی تۆمار کردووە. ئەوکات دەبێ بەرپرسیارێتی ئەو سکاڵایە هەڵبگرێت. ئەوانەی جوێنیان بەئیسلام داوە ئەوە دژی هەموو موسڵمانێک و خەڵکی بەگشتی قسەی کردووە. ئەوە یاسای سزادانی عێراقی دەیگرێتەوە. کەواتە ئەگەر کێشەکە ببەنە دادگا رەنگە ئەوە سکاڵا بێت دژی هەموو مامۆستایانی ئایینی لەکوردستاندا. ئەوە قبووڵناکرێت کەسێک قسەیەکی کردووەو بڵێت وامنەگوتووە.

– **وارڤین:** ئەوەی دەیڵێیت هەڕەشە نییە لەئەوان؟

– **فەرمان خەرابەیی:** ئاساییە با سکاڵا تۆماربکەن، مەبەستم ئەوەیە کە هەستی خەڵکیان بریندارکردووە کە سزای یاسایی لەسەرە.

– **وارڤین:** ئێوە وەک مامۆستای ئایینی بۆ لەکاتی خۆیدا رێگەی دادگاتان نەگرتەبەر و سکاڵاتان تۆمار نەکرد لەدژیان؟

– **فەرمان خەرابەیی:** ئێمە یەکێتی زانایانی ئیسلامیمان هەیە لەسەر زۆر شت سکاڵایان تۆمارکردووەو حکوومەتی ئێمەش موسڵمانەو لەخوا بەزیاد بێت جوابی هەیەو پەیامی مامۆستایانی ئایینی لەبەر چاوگرتووە. هەندێ شت هەیە لەپێناو بەرژەوەندی میللەت گەورەی ناکەین تا خروقات دروستنەبێت. کە یەکێک سکاڵا لەسەر مەلایەک تۆماردەکات ئەوکات خەڵکیش پێیدەزانێت و رەنگە خەڵکیش قبووڵ نەکات و سکاڵا لەدژی ئەوکەسانە تۆماربکەن.

– **وارڤین: ئامادەیت بچیتە بەردەم دادگا؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** من جارێ بیدەنگ بوومەو هیچ راسپاردەیەکم بۆ نەهاتووە کە برۆمە دادگا. ئەگەر شتەکە گەیشتە جدی رەنگە من داوام هەبێت و رەنگە خەڵک یان خۆم رێگەی دیکەمان دەبێت.

– **وارڤین: بەرێگەی یاسایی؟**

– **فەرمان خەرابەیی:** جاری لەچاوەڕوانیدام. ئەو شتانەی ئەوان کردوویانە هەمووی لەیاسای تیرۆر و سزادانی عێراقی جێیدەبێتەوە. هیچ شتێکم بەبێبەڵگە نەگوتووەو رەچاوی لایەنی یاساییم کردووە.

www.netewe.com

# ناملیکەکەی مەلا فەرمان لە قەبارەی خۆی گەورەتر کراوە



حەسیبە ئیبراهیم بابۆلی

مــن وەک کچێکــی ڕۆژنامەنــووس کتێبــی (ڕاستییەکی ونبوو)ی مەلافەرمان خەرابەییم خوێندەوە کە ئەمڕۆ لەهەندێ ناوەندی ڕاگەیاندن باســی لێدەکرێت، بەڵام هیچ سەرەقەڵەمێکی تازەی بیروبۆچوون و داهێنانێکی بنیاتنەرانەی ئەم (مەلا)یەم تێدا نەدیت جگە لەئەرشیفکردنی چەند بڕگەیەکی ئەو خانم و کەسوولایەنانەی لەمەڕ کێشــەی ئەمڕۆی ژنیان نووسیوە. ئەو بۆ ڕۆکردنی رووە ژەهراوییەکەی خۆی هاتووە ئەوانەی کە هەڵیبژاردوە بەتێگەیشتنی خۆی دەبێتە کاردانەوەیەک لەسەر کۆمەڵی ئەمرۆی کوردستان. ئەوانەی وەک داشی شەترەنجیش ڕیزی کردوون هەموویان پێشــتر لەســایت و ڕۆژنامەو ڕاپۆرت و گۆڤارەکان خوێندراونەتەوەو لــەزۆر بۆنەو کۆنفرانس و کۆنگرەی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و لایەنەکانی مافی مرۆڤ کاری لەســەر کراوە. من لەوە ناگەم ئەو بۆ باوەڕی بەوە هەبێت کە کاری ڕێکخراو و سەنتەرەکانی ژنان پیلانەکانیان ئەوەندە تۆکمەبن دژایەتی ئایینی ئیسلام بکەن و ببنە فاکتەری سەرەکی بۆ بنیاتی کۆمەڵگایەکی بۆگەن و دواکەوتوو و ڕێخۆشــکەر و هاندانــی ژن و مێردەکان بۆ ئەوەی لە بچووکترین کێشــە ڕێگای (تەڵاق) هەڵبژێرن و ڕێخۆشکەربن بۆ سووتان و ژنکوژی و دژایەتیکردنی مامۆستایانی ئایینی... لاپەرە (٢٠) لەکاتێکدا هەموو هاوارەکانی ئەوان ئەوە بێت ڕێگا بەو کچانە نەگیرێ کە بەدڵی خۆیان هاوســەرەکانیان هەڵبژێرن کــە مەلا فەرمان هەرخۆی ئیعتراف بــەوەی دەکات کە ڕێگری لەئازادی شەخسی ئافرەت هەیە کە بەویستی خۆی دەیەوێ شــوو بەپیاوێک بکات کە ژنی هەیە... (لاپەرە ٣٩)...

ئــەی مامۆســتا ئــەوەی لەبیرچۆتــەوە ســەرهەڵدانی کێشــەی دووژنی و سێ ژنی بــۆ پیــاوان چ کارەســاتێکی بەدواوەیە کە ئەنجامەکەشی بەزەلیلبوونی ژن کۆتایی دێت و بەپەراگەندەبوونی منداڵ و تێکچوونی شیرازەی خێزان. لەوە ناگەم مەلا فەرمان زۆر دووپاتی ئەوە دەکاتەوە ئەو ژنانەی لەســەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەردەچن پســپۆڕن لەبواری کێشەکانی ژن کە بەبۆچوونی ئەو ئەمانە جگە بیرکردنەوە لەخۆدەرخســتن و گیرفانپڕکردن نەبێ هیــچ پەیوەندییەکیان بەم پرســانەوە نییــە. کامە لــەو قەڵەمبەدەســتە ژنانەی ئەو باســیان لێوەدەکات لەسەر ئەم حسێبە بوونەتە ملیۆنێر و نهۆمــی ئاپارتمانەکانیان گەیشــتۆتە کەشــکەڵانی فەلەک؟ کامەیان لــەو دەســتکەوتانەی کە مــەلا لێیدەدوێ گەورەترین هوتێــل و بگرە تادەگاتە خانووی نیشــتەجێبوونی خۆیانیان دروستکردووە؟ با نموونەکی زیندوو بۆ مــەلا فەرمان بهێنمەوە کەلە کتێبەکەیدا ناوی هەندێک ڕۆژنامەنووس و کەسایەتی ئافرەتی هێناوەو ئەمەش لەشاشەی تەلەفزیۆنــەکان دەردەچن بەرگری لە ئازادی ژن و مافــە ڕەواکانیان دەکەن.. هەردووکیان لەگەرەکێکــی میللی (شــعبی) لەخانوویەکی بچکۆلانەی کرێدا نیشتەجێن و بە کولەمەرگی دەژین و هەموو ئیعتمادێکیان لەسەر مووچەی فەرمانبەرێتییەکەیانە. کەواتە دەبێ مەلا چۆن لەســەروەت و ســامانی ئەم دووە گەیشتبێ و چۆن تائێســتا جورئەتی ئەوەی نەکردووە بیانداتە لیژنەی نەزاهە یان زەکات وسەرفیترەی بەسەر نەسەپاندوون.. بەبڕوای من ئەو کتێبەی مەلا فەرمان زۆر گەورەکراوەو ئەسڵەن بەهیچ شێوەیەک نەدەبوو زەقبکرێتەوە، چونکە وەک ئەوانــی دیکە دەیەوێ ناوێــک پەیدا بکات و لەپەنای ئایینی پیرۆزی ئیســلامەوە جۆرێک لە بازرگانی بۆ خۆی بڕەخســێنێ، ناشــزانی ئەو سەردەمە بەسەرچوو و ئێستا سەردەمی بەیەکتر شارەزابوونەو هیچ دەروازەیەک نەماوە بە قفڵێکی پۆڵایین کلیل درابێ و بەئاســانی نەکرێتــەوەو ئەوانەی لەپەنــای ئایینەوەش پرسەکان بەسەقەتی بورووژێنن و کەس نەبێ پێیان بڵێ (لەل)...

نەخێر مامۆستا دوونیا بۆتە گوندێکی بچووک و ئەوەی تۆش ناوت لێناوە کتێب و نووســین فڕی بەســەر داهێنان و چارەســەرییەکانەوە نییەو ئەم هاش و هاوارەی ئەمدواییەشــتان بۆ سەر ڕوناکبیران هیچ لەپرسە بنەڕەتییەکان ناگــۆڕێ و ئەوانــەی کاریش لەسەرپرســە شایســتەکان دەکەن بەتایبەت ڕێکخراوەکانی ژنــان لەبەردەوامی خۆیان ناوەســتن و ئەو هەنگاوەی کە تۆ بەناشایستەی دەزانی لەمەڕ کێشــەی ژنانەوە بەدەیــان کتێبۆکەی وەک ئەرشیفسازییەکەی بەڕێزت ناوەستێ.

www.nalewe.com



### دوو بنەماڵە چاوەڕێی پشكنینی دی ئێن ئەی دەكەن


# ڕەنگە ئەنجامەكەی ڕووداوی ناخۆشی لێبكەوێتەوە

**وارڤین – كۆیە:**

**كچێكی ٢٣ساڵ دوای ئەوەی خۆی دەسووتێنێ دەردەكەوێت سكی بەدوانەیەكی كوڕ پڕە. سەرەتا ئەو كچە نكۆڵی لەوەدەكات خۆی سووتاندبێ و دەڵێ بەپەرەمێز سووتاوم و دواتر لەنەخۆشخانەی ئێمێرجنسی هەولێر دان بەوەدا دەنێت. هۆكاری خۆسووتاندنی ئەو كوڕە بووە كەخۆشیویستووەو سكی پڕ كردووە. تائێستا لێكۆڵینەوە لەو ڕووداوە بەردەوامەوە هەردوو بنەماڵە چاوەڕێی ئەنجامی پشكنینی دی ئێن ئەی دەكەن.**

نەسرین، كچێكی نەخوێندەوارە، خەڵكی یەكێك لەگوندەكانی سنووری قەزای كۆیەیە. بەقسەی كەسێكی نزیك لەبنەماڵەی نەسرین، ئەو كاری ماڵی كردووەو ئاژەڵی بەخێوكردووە. ئەو كەسە كە نەیویست ناوی بهێنرێ گوتی **«ماڵی نەسرین تەنیا كوڕێكی بچووكیان هەیە، بۆیە ئەو كاری دەكرد»**.
نەسرین، لەرێگەی خزمێكیانەوە سالاری تەمەنی ٢٣ساڵ قوتابی خەڵكی گوندێكی دیكە دەناسێت.
نەسرین دوای خۆسووتاندنی لەگوتەیەكدا كە لەنەخۆشخانەی ئیمیرجنسی هەولێر لێیوەرگیراوە گوتوویەتی **«ماوەی ٧مانگ بوو سالارم دەناسی و پەیوەندیمان دروستكرد. زۆرجار بەتەلەفۆن قسەمان دەكرد. بڕیاری هاوسەرگیریماندا. بەڵام سالار، هەمیشە خۆی دەدزییەوە. من زۆر خۆشمدەویست. جارجاریش یەكمان دەبینی»**. هاوكات سالار، نكۆڵی لەبوونی هەرجۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ نەسریندا دەكات و دەڵێ **«من ئەو كچە ناناسم و هیچ پەیوەندییەكەم لەگەڵیدا نەبووە»**. بەڵام نەسرین گوتوویەتی **«رۆژێك من لەدەشت بووم تەلەفۆنی بۆكردم، هات بۆلام. من وامزانی هەر بۆقسەكردن هاتووە، بەڵام ئەو پەلاماری دام و پاڵی خستم، تا بەزۆر سێكسی لەگەڵ نەكردم بەرینەدام. من نەمزانی چیكردووە، چونكە ئازارێكی زۆرم هەبوو. دوای ٥مانگ هەستم كرد، سكم گەورە دەبێت، بەهۆی پشكنینەوە بۆم دەركەوت كە سكم هەیە. سالاریش خۆی لێم نەدەكردە خاوەن، لەترسان خۆم سووتاند»**. بەگوتەی نەسرین هەر ئەو رۆژەی سالار، پەلاماری داوە، رۆیشتووەتە ماڵەوە بەنازەنینی خوشكە گەورەی خۆی گوتووە، ئەو پێیگوتووە **«هیچ نییە مەترسێ»**.
دواجار نەسرین، لە٢٠١٠/٣/١٥ خۆی دەسووتێنێت و لە كۆیە هۆكاری راستەقینەی خۆسووتاندنەكەی نادركێنێت و كاتێك دەگوازرێتەوە هەولێر لەگوتەی خۆی كە بۆ پۆلیس كردوویەتی ئەوەی ئاشكرا كردووە كە **«سالار هۆكاری خۆسووتاندنی بووە»**. دواتر لەئەنجامی پشكنیندا دەردەكەوێت كە سكی بەدووانەیەكی كوڕ پڕە. دوای ١٥رۆژ بەهۆی بەرزی رێژەی سووتانەكەی ژیانی لەدەستدا.
دوای مردنی نەسرین، سالار دەستگیردەكرێت. لەبەرئەوەی سالار دان بەتاوانەكەیدا نانێت دوای چەند مانگێك بەكەفالەت ئازاد دەكرێت.
هاوكات بەهۆی كارنەكردنی تاقیگەی دی. ئێن. ئەی، لەهەرێمی كوردستان ناتوانن راستی رووداوەكە بزانن كە ئایا باوكی ئەو منداڵانە سالارە یان نا.
باوكی نەسرین، پیاوێكی بەتەمەنی جووتیارە. دوای تێپەڕبوونی نزیكەی ساڵێك بەسەر مردنی كچەكەیدا، چاوەڕێی ئەنجامی پشكنینی دی ئێن ئەی، دەكات. بۆئەو مەبەستە زوو زوو سەردانی پۆلیس دەكات بۆ ئەوەی بزانێ كە ئایا سالار هۆكاری خۆسووتاندنی كچەكەی بووە یان نا؟ لەگوتەیەكدا دەڵێ **«نەسرین سووتا زۆرم پێ سەیر بوو، چونكە لەماڵەوە هیچ كێشەیەكی ئەوتۆمان نەبوو كە تایبەت بێت بەنەسرین تا بەو هۆیەوە خۆی**

www.netewe.com



**بسووتێنێت. چەند رۆژێک دوای تەواوبوونی پرسەکەی زانیم، سکی پڕبووە. بۆیە ئێستا بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکەو تۆڵەی کچەکەم چاوەڕێی لێکۆڵینەوەی پۆلیس و فەرمانی دادگا دەکەم».**

سەرچاوەیەک لەپۆلیسی کۆیە، باسی لەوە کرد کە ئەوکاتەی نەسرین خۆی سووتاندووە تاقیگەی دی. ئێن. ئەی، لەهەرێم نەبووە **«ئێمە بۆ ئەنجامدانی ئەو پشکنینە تەرمی منداڵەکانمان ناردە دادپزیشکی هەولێر، بەڵام ئەوان رەوانەی دەرەوەیان نەکرد. ئێستاش کە تاقیگەی دی. ئێن. ئەی، کاردەکات، دەڵێن پشکنینیان بۆ ناکرێت چونکە منداڵەکان لەماددەیەکدا هەڵگیراون، کە خانەکانی لەشیان تێکچووە. بۆیە کێشەکە بەهەڵواسراوی ماوەتەوە».**

بەگوێرەی زانیارییەکان **«تەرمی منداڵەکان لەماددەی فۆرمالیندا هەڵگیراون. پشکنینیان بۆئەنجامدەدرێت، بەڵام ئەو لاشانەی کە تێکدەچن، یان زۆردەمێننەوە پێویستییان بەماددەیەکی جیاوازترە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دی. ئێن. ئەی، لەو لاشانەی کە خانەیان تێکنەچووە. بۆیە ئێستا لەهەوڵداندان بۆ دەستخستنی ئەو ماددەیەو ئەنجامدانی پشکنینەکە. بەڵام کاتی زیاتری پێویستە».**

سەبارەت بەدواکەوتنی ئەنجامی پشکنینەکە، کەسێکی نزیک لەبنەماڵەی سالار گوتی **«هەمووان حەزدەکەین ئەنجامی پشکنینەکە زوو دەرچێت، چونکە دوورنییە کێشەی کۆمەڵایەتی گەورەی لێبکەوێتەوە».** هەروەها دایکی سالار دەڵێ **«ئێمە ئامادەین پشکنینەکە لەسەر حیسابی خۆمان ئەنجامبدەین».** هاوکات کەسێکی نزیک لەبنەماڵەی نەسرین گوتی **«زانیومانە ئەو پشکنینە بەهۆی نەبوونی پارەیەکی زۆر دواکەوتووە، بۆچی ئەوکاتە ماڵی سالار خەرجییەکەیان لەئەستۆنەدەگرت؟».** هەمان سەرچاوە پێشبینی‌کرد گوایە سەرچاوە پێشیوابوو هەرچەندە ئەو ماڵە پاکانە بکەن **«هۆکاری سووتانی نەسرین ئەو کوڕەیە، ئەی بۆ ناوی کەسی دیکەی نەگوتووە؟».**

لە ئازاری رابردوو، وارڤین پەیوەندی بەدادپزیشکی هەولێرەوە کرد، بەڵام ئەوکاتە بەرپرسی دادپزیشکی د.یاسین گوتی **«ئەو پشکنینە لێرە ئەنجامنادرێت، دەبێ رەوانەی دەرەوە بکرێت و پارەی زۆری پێویستە».**

توێژەری کۆمەڵایەتی ئازاد جەلال، بەپێچەوانەی رای زۆربەی ئەو کەسانەی کە پێیانوایە ژنانی شار بەهۆی زیاتر چوونەدەرەوە رووبەڕووی گرفتی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، دەڵێ **«ژنانی دەوروبەر بەحوکمی ئەوەی کە ئاستی هۆشیارییان نزمە زیاتر تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی دەبن».** هەروەها زۆر تێکەڵاوبوون بەبێ هۆشیاری یەکێک لەگرفتەکانی دیکەی ژنانی دەرەوەی شارە. ئەو توێژەرە ئاماژە بەئاماری رێکخراوێک دەکات کە لەسەر ئەو ژنانە کراوە رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەوەتەوە لەئامارەکەدا هاتووە **«٤٢٪ ئەو کەسانە رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە لەلایەن کەسووکاری خۆیانەوە بووە».**

ئەوگوتیشی **«هەمیشە لەپرسی سێکسۆلۆجی و کۆمەڵناسیدا دووشت یەکسانن بەقەیران، ژینگەی ناتەندروست و نەبوونی رۆشنبیری سێکسی».**

**تێبینی: بەهۆی هەستیاری بابەتەکە، سەرجەم ناوەکان خوازراون.**

## سەرمایەدارێکی ژن بانگ لە ژنانی کورد دەکات

# بە قەد «شێتەکان» بوێر بن

**وارڤین – ئامەد:**

**لە کوردستان هەمیشە باسی تراژیدیای کوشتنی نامووسی، بێچارەیی، خەتەنەو توندوتیژی لەدژی ژن دەکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەو نموونانەدا گەلەک ژنی سەرکەوتوویش هەن. یەکێک لەو ژنانە ژنە سەرمایەدار (نەڤین ئیلە)یە. ئەو ئێستا لە ئامەد دەژی و هاوکات لە ٥ شار و دوو پایتەختی وڵاتانی دیکە لەبەشی بیناسازیدا کار دەکات. ئەو داوا لە ژنانی کورد دەکات کە بە قەد «شێتەکان» بوێر بن. بەبڕوای نەڤین کەسانی بوێر هەمیشە لەکارەکانیاندا سەردەکەون.**



**وارڤین: چۆن دەستت بە کار کرد؟**

– **نەڤین:** لەگەڵ چەند برادەرێکمدا پێشتر کۆمپانیایەکمان دامەزراند و گۆڤارێکمان دەرکرد. گۆڤارەکەمان لەبارەی کێشەی دوکاندارەکانەوە بوو. ناوی **«دیاربەکر»** بوو. ئێمە لەرێگەی ئەو پارەیەی کە بەریکلام و ئاگادارییەکان بەدەستمان دەهێنا بژێوی خۆمانمان دابیندەکرد. ئەو گۆڤارە لای ئێمە زۆر خۆشەویست بوو. تائێستاش ژمارەکانیم هەڵگرتووە. پاشان کۆمپانیایەکم بەناوی ئەزگی پرۆدەکشن کردەوە. بەڵام لەبەرئەوەی من و بنەماڵەکەم تێکەڵ بەکێشەی کوردبووین، بوومە دەستەی بەڕێوەبەری دوو پارتی کوردی بەناوەکانی **«هەپ و دەپ»**. (**ئەو پارتانە لەمیانەی ١٩٩١-١٩٩٣ دروستبوون**). لەساڵی ١٩٩١ لەکاتی مەراسیمی ناشتنی تەرمی وەدات ئایدن (**سەرۆکی پارتی هەپی ئامەد کە لەلایەن هێزە شاراوەکانی دەوڵەتی تورکیاوە کوژرابوو**) براکەم کوژرا. لەساڵی ١٩٩٢ لەبەر زوڵموزۆری سیاسی ناچار بووم ئامەد بەجێبێڵم. هەڵهاتم و چوومە ئەستەنبوڵ.

**وارڤین: براکەت چۆن کوژرا؟**

– **نەڤین:** لەمەراسیمی تەرمی وەدات ئایدن دا پێکدادان روویدا. لەو رووداوانەدا براکەی منیش دەستگیر کرا. لەکاتی دەستگیرکردندا برینداربببوو ئەشکەنجەیان دابوو. پۆلیس زانیبوویان دەمرێت. بۆیە لەشوێنێکی دەرەوەی زیندان فڕێیاندابوو. رۆژێک دواتر بەبرینداری دۆزیمانەوە. لەسەر جەستەی شوێنی جگەرە کوژانەوە دیاربوو. یەکسەر بردمانە نەخۆشخانە. بەڵام پاش دوو رۆژ گیانی لەدەست دا.

**وارڤین: سکاڵاتان لەسەر ئەو پۆلیسانە تۆمار کرد کە براکەتیان کوشتبوو؟**

– **نەڤین:** باوکمیان بردبووە بنکەیەکی سەربازی. خەڵەتاندبوویان و داوانامەیەکی هەڵخڵەتێنەریان پێ واژۆ کردبوو. بەگوێرەی

**لەبەرئەوەی من و بنەماڵەکەم تێکەڵ بەکێشەی کوردبووین، بوومە دەستەی بەڕێوەبەری دوو پارتی کوردی بەناوەکانی «هەپ و دەپ»**

www.netewe.com

ئەو داوانامە درۆزنانەیە باوکم گوتبووی: **«کوڕەکەم کاتێ هاتووتەوە ماڵ، سەری خۆی لەسەر سەرین داناوەو مردووە»**. ئێمە دواتر سکاڵامان تۆمار کرد. بەڵام قۆناغەکان زۆر درێژبوو. لە٢٠٠٣دا بێئەنجام کۆتاییهات. بەبیانووی ئەوەی کە ئەو کەسانەی براکەمیان کوشتبوو نەدۆزرانەوە، دۆسیەکە داخرا. پاشان ئێمە سەرمان لەدادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا دا. گوتەی ناکۆکی زۆر لە دۆسیەکەدا هەبوو، بۆیە دۆسیەکە وەستا. براکەم تەمەنی ٣٤ ساڵ بوو، هێشتا ژنی نەهێنابوو. ئەندامی ناوەندی پارتی هەپ بوو.

**وارڤین: پاش ئەو رووداوانە تۆ چوویتە ئەستەنبوڵ. لەوێ ژیانت چۆن بوو؟**

– **نەڤین:** کۆمپانیاکەمم لە ئامەد داخستبوو. هەندێک پارەم بەدەستهێنابوو. بەو پارانە لە ئەستەنبوڵ لەسەر پێ مامەوە. ژیانێکی نوێم دەستپێکرد. لەناو پارتی ئاشتی و دیموکراسیدا دەستم بەخەباتی سیاسی کرد.

**وارڤین: تۆ لەکاتی ئەو خەباتە سیاسییەدا زەواجت کرد. دەتوانی هەندێک باسی ئەو هاوسەرگیرییەتمان بۆ بکەی؟**

– **نەڤین:** هاوسەرەکەیشم لەخەباتی سیاسی پارتی ئاشتی و دیموکراسیدا بەشداربوو. هاوسەرگیرییەکەمان ٥ ساڵ بەردەوام بوو. پاشان هاوسەرەکەم لەرووداوێکی هاتووچۆدا گیانی سپارد. ئەوکات ٤ مانگ بوو من دووگیان بووم.

**وارڤین: پاش ئەو هەموو رووداوە تۆ چۆن بەرخۆدانت کرد؟**

– **نەڤین:** زۆر زەحمەت بوو. هەم دووگیان بووم، هەمیش هاوسەرەکەم مردبوو. دەبوایە زۆر بەهێزبم و لەسەر پێی خۆم بوەستم. لەناو هەر کۆمەڵگایەکدا پێگەیەکت هەیە. لەناو کۆمەڵگادا لە هاوسەری خۆت جیاببیتەوە شتێکە، بەڵام ئەگەر هاوسەری مرۆڤ مردبێت شتێکیترە. هەر دوو پێگەکە جیاوازن. زۆر رێز لەکەسانێکی وەک من دەگیرا. لەبەرئەوەش هەندێک سوودم پێدەگەیشت. لەو پێڤاژۆیەدا من هەنگاوی تەندروستم هاوێشت و هەوڵمدا سەربکەوم. بەپشتگیری دەوروبەرەکەم زووتر سەرکەوتم. تا کوڕەکەم گەیشتە تەمەنی ٥ ساڵی لە ئەستەنبوڵ مامەوە. پاشان

**هیچ سەرمایەیەکم نەبوو. خێزانەکەیشم پارەیەکی ئەوتۆیان نەبوو. بۆ ئەوانەی کە شۆڕشگێڕییان کردووە، بازرگانی زۆر ئاسانترە. چونکە شۆڕشگێڕان بوێرترن**

گەڕامەوە ئامەد.

**وارڤین: بۆچی گەڕایتەوە بۆ ئامەد؟**

– **نەڤین:** کوڕەکەم لەئەستەنبوڵ گەورە دەبوو و لەکەلتووری کورد دروو دەکەوتەوە. دەناردمە باخچەی ساوایان. لەوێ پەسنی ئاتاتورکیان دەداو ئەویش دەهاتەوە ماڵ و دەیگوت: **«دایە ئاتاتورک ئێمەی لەدەستی دوژمنان رزگار کردووە»**. بەردەوام باسی دەکرد. من سەیرم کرد مەترسییەکە گەورە دەبێت. بۆیە بڕیارمدا بگەڕێمەوە ئامەد. لەئەستەنبوڵ کۆمپانیام هەبوو، کۆمپانیاکەم لەگەڵ خۆمدا هێنایەوە بۆ ئامەد.

**وارڤین: کۆمپانیاکەت چ کارێکی دەکرد؟**

– **نەڤین:** بیناسازی

**وارڤین: لەبنەماڵەکەت هیچ پارەیەکتان بۆ مابووەوە؟**

– **نەڤین:** نە. هیچ سەرمایەیەکم نەبوو. خێزانەکەیشم پارەیەکی ئەوتۆیان نەبوو. بۆ ئەوانەی کە شۆڕشگێڕییان کردووە، بازرگانی زۆر ئاسانترە. چونکە شۆڕشگێڕان بوێرترن. ئەوانەی کە سەرمایەیان خوێندبێت دەتوانن بەهەموو شێوەیەک سەربکەون.

**وارڤین: کاتێ دەستت بەو کارە کرد، چەند پارەت هەبوو؟**

– **نەڤین:** زۆر کەم. ئێمە لە٢٠٠٥دا کۆمپانیاکەمان دامەزراند. هەموو ئامێر و قەنەفەو دۆڵابەکانی ئۆفیسیشمان بەقەرز هێنا. تا ٢٠٠٧ گەلەک زەحمەتیمان کێشا. جاروبار وامانلێدەهات کە دەستهەڵبگرین. بەڵام لە٢٠٠٧دا کارەکەم سەرەڕاست بوو. ئێستا لە ٥ بوارداو زیاتر لە ١٠٠ کرێکار هەن کەلە کۆمپانیاکەمدا کار دەکەن. کۆمپانیاکەمان لقی لە رۆحا، مێردین، ئەلیە، شێرنەخ، بەغدا، هەولێر و ئەستەنبوڵ هەیە.

**وارڤین: تۆ لەراستیدا کۆمپانیاکە بەڕێوەدەبەی یانیش لەپشت پەردەوە پیاوان بەڕێوەی دەبەن؟**

– **نەڤین:** ئەوەی لە پشتی پەردەوە بێت منم. ئێستا هەموو کەس دەڵێ پیاوێک ئەوکارە بەڕێوەدەبات، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە خۆم بەڕێوەی دەبەم. کاتێک کە کارەکەم بەرفرە بوو و کۆمپانیا گەورەبوو، من پێویستم بەشەریکێک بوو، بۆیە کەسێکم هێنا. ئێستا من بەشی بەرهەمهێنان بەڕێوەدەبەم و شەریکەکەشم بەشی بازاڕ بەڕێوەدەبات، چونکە لەبازاڕدا ئاییینییەکان زۆرن.

**وارڤین: لەبەر پرسی ئایین لەپرۆژەکانتدا تووشی هیچ کێشەیەک بوویت؟**

– **نەڤین:** پرۆژەیەکی گەورەم هەبوو. من و دوو خەباتکاری پسپۆڕ چووین بەدوایدا. سەرمایەدار منم، خاوەنی کۆمپانیا منم، ئەندازیارەکان باسی داتای پرۆژەکەیان دەکرد. بەڵام کەس گوێی لە من نەدەگرت. بە ئەندازیارەکانی منیان دەگوت **«ئێمە رێکدەکەوین»**. ئەندازیارەکەم پێیدەگوتن **«دەبێ ئێوەو نڤین خانم رێکبکەون»**. لەگەڵ ئەوەشدا کە من لەوێ بووم، ئەو کەسەی بڕیاربوو پرۆژەکەدا بداتە من گوتی **«لێگەڕێ فەرق ناکات، ئێمە دەتوانن لەگەڵ تۆ دا**

**من هەنگاوی تەندروستم هاوێشت و هەوڵمدا سەربکەوم. بەپشتگیری دەوروبەرەکەم زووتر سەرکەوتم**

www.netewe.com

## دەبێ ڕێکخراوەکانی ژنان داوای هاریکاری لە ڕێکخراوە جیهانییەکانی ژن بکەن. پێویستە حکوومەت ناوەندی تواناسازی بۆ ژنان بکاتەوە. دەبێ ژن بۆ خۆیان پێشەنگایەتی خەباتی خۆیان بکەن. دەبێ پیاو هاوکاریان بێت نەک لە پشتەوە ئیدارەیان بکات

ڕێکبکەوین». پاش ئەو ڕووداوە پڕۆژەکەم بەتاڵکردەوەو وەرم نەگرت. چونکە لەدژی ڕەگەزی ژن هێرشێکی باوکسالارانە هەبوو و منیش نەمدەتوانی قبووڵی بکەم.

**وارڤین: بۆ سەرمایەدارێکی ژن لەلایەک کار و لەلایەکی دیکەوە منداڵ زەحمەت نییە؟**

– **نەڤین:** لەنێوان ماڵ، منداڵ و کار دا دێم و دەچم. هەندێک قوربانی زیاتری دەوێت. ناچاری کات لە ماڵ و منداڵ بدزیتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی لەو گۆڕەپانەدا سەربکەوی ناچاری بەقەد پیاو بەهێز بیت. ئەگەر بەهێز نەبن دەکەونە ژێر دەستوپێوە. لەگۆڕەپانی بازرگانیدا لەنێوتان دەبەن. تا ٢٠٠٧ لەگەڵ پیاوەکاندا ڕکابەریم کرد. هەمیشە دەیانگوت **«ژن چی لەو کارە تێدەگەن؟»**. لەلای ئەوان ژن تەنیا دەتوانێت دوکان بکاتەوە یانیش لە ریستۆرانت کار بکەن.

**وارڤین: تۆ خۆت وەک فیمینیست ناودێر دەکەی؟**

– **نەڤین:** من کوردێکی فیمینیستم. بەشێوەیەکی سیاسی کوردێکی وڵاتپارێزم. لە هیچ هێزێکی کوردی نزیک نیم. دەمەوێ کوڕەکەم وەک کوردێکی باش گەورە بکەم.

**وارڤین: تۆیش ئیتر سەرمایەدارێکی کوردی. بەڕای تۆ دەبێ ڕۆڵی بۆرژوازی بۆ تێکۆشانی کورد چی بێت؟**

– **نەڤین:** دەبێ دینامیکە ناوخۆییەکان بەهێزبن. ژێرخانی ئابووری زۆر گرنگە. ئەگەر ژێرخانی ئابووری وڵاتێک بەهێزنەبێ، ئەو کۆمەڵگایە ناتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێت. پێویستە ئەو ژێرخانە لەلایەن بۆرژوازە کوردەکانەوە دابمەزرێت. ئێوە ناتوانن چاوەڕوانی سەرمایەدارانی تورک بن تا بێن و لێرە سەرمایەگوزاری بکەن. من پێمخۆشە هەموو کورد لێرە سەرمایەگوزاری بکەن و پەیوەندییان بەکاری ئابوورییەوە هەبێت. دەبێ سەرمایەدارانی کورد خۆیان بەرێکخستن بکەن. پێویستە لەهەرێم کۆمەڵەیەکی سەرمایەدار بەناوی کۆمەڵەی سەرمایەدارانی کورد دابمەزرێت.

**وارڤین: بۆچی سەرمایەدارانی کورد لە تورکیا لەشارە کوردییەکان سەرمایەگوزاری ناکەن و دەچن لەشارە تورکەکان سەرمایەگوزاری دەکەن؟**

– **نەڤین:** لەوبوارەدا بەداخەوە هەڵەی بزووتنەوەی کوردیشی تێدابوو. بەو سەرمایەدارانەی کە هەندێک پارەیان قازانج دەکرد گوتیان **«ئەو پارەیە هەمووی هی تۆ نییە، دەبێ باجەکەی بدەی»**. ئێمەی سەرمایەدار حەزمان لە دانی پارە نییە. (بەپێکەنینەوە) لەبەرئەوەش لەساڵانی ١٩٩٢ تا ٢٠٠٠ سەرمایەیەکی گەورە لێرەوە ڕووی لەشارە تورکەکان کرد.

**وارڤین: بۆچی لەباشووری کوردستان سەرمایەدارانی تورک لە هی کورد زیاترن؟**

– **نەڤین:** لەباشووری کوردستان سیاسەتی دەوڵەت هەیە. ئێمە ناتوانین بڵێین بۆچی سەرمایەدارانی تورک لەوێ کار یان سەرمایەگوزاری دەکەن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە حکوومەتی باشووری کوردستان ماوەیەکی درێژ دەرگاکانی خۆی بۆ کوردانی ئێرە کردەوە. بەڵام سەرمایەدارانی کورد لە تورکیا هەندێک بەهەڵە قۆناغەکەیان هەڵسەنگاند. هەرچی ماڵی خراپ لێرە بوو کۆیانکردەوەو بردیانە ئەوێ. لەدووهەزاریشدا وابوو. ئەوانەی لێرە دۆڕابوون دەیانویست لەوێ سەربکەون.

**وارڤین: چ پێشنیارێکت بۆ ئەو ژنانە هەیە کە دەیانەوێ ببنە سەرمایەدار؟**

– **نەڤین:** با بوێر بن. من هەمیشە پشتگیری ژنانی سەرمایەدار دەکەم. با بە قەد شێتەکان بوێر بن.


**وارڤین: ڕەوشی ژن لە باشووری کوردستان چۆن دەنرخێنی؟**

– **نەڤین:** بەڕای من ڕەوشیان زۆر خراپە. ڕێکخراوەکانی ئەوێ لەبارەی کوشتنی نامووسی و توندوتیژی لەدژی ژنان وەک پێویست کار ناکەن. دەبێ ڕێکخراوەکانی ژنان داوای هاریکاری لە ڕێکخراوە جیهانییەکانی ژن بکەن. پێویستە حکوومەت ناوەندی تواناسازی بۆ ژنان بکاتەوە. دەبێ ژن بۆ خۆیان پێشەنگایەتی خەباتی خۆیان بکەن. دەبێ پیاو هاوکاریان بێت نەک لە پشتەوە ئیدارەیان بکات. چەند مانگ لەمەوپێش لە ئامەد کۆنفرانسی ژنان پێکهات، ئەو کۆنفرانسە هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو.

**نەڤین ئیل کێیە؟**

**لەساڵی ١٩٦٤ لە سوێرەگی ڕۆحا لەدایکبووە. ئەو لەناو بنەماڵەیەکی سیاسیدا منداڵی خۆی تێپەڕاندووە. چەندینجار دەستگیرکراوەو جارێکیش ماوەی سێ مانگ لە گرتووخانەدا ماوەتەوە.**

**لە گرتووخانەوە بەشداری ئەزموونەکانی چوونە زانکۆ بووە و لەبەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی ئینۆنۆی مەلاتیە وەرگیرا. بەڵام لەبەر گوشار ناچار بوو واز لە خوێندن بێنێت. لەچەندین دامەزراوەو کەلتووری و گۆڤاری ژناندا کاری کردووە. دواتر ڕووی لە بازرگانی کردووەو لە ئامەد بووەتە کەسێکی سەرەکی.**



دیلار سەوڵەدار

# بەڕێوەبەری رادیۆی تەوار:

# ٩٥٪ کارەکانمان بۆ ژنە

**هەڤپەیڤین: سەباح عەلی**

**بەڕێوەبەری رادیۆی تەوار، ئاماژە بە هەبوونی توندوتیژی دژ بە ژنان لە گەرمیان دەکات و مامۆستایانی ئایینی بەهۆکارێکی سەرەکی توندوتیژی دەزانێت.**



**پرۆفایل:**
**جیهان محەمەد ئیبراهیم زەنگەنە**
**١٩٨٠ لە گەرمیان لەدایکبووە**
**دەرچوی قۆناغی ناوەندییە**
**خێزاندارە، دوو کچ و کوڕێکی هەیە**
**١٨ ساڵە لەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا کاردەکات**
**١٦ ساڵە لەراگەیاندا کاردەکات**
**بەڕێوەبەری رادیۆی تەوار – تایبەت بەژنانە لە کەلار**

**وارڤین: بەگشتی بارودۆخی ژنانی گەرمیان چۆنە؟**

جیهان: ئاستی ژنانی گەرمیان لەڕووی رۆشنبیریەوە مامناوەندە. ئەوەی لەئێستادا هەیە بەس نییە بۆ ئەوەی باس بکرێت، دەکرێ زیاتر هەوڵبدەین بۆ ئەوەی لەکایەکانیتر دوا نەکەوین وەک (سیاسی، ئابووری، پەروەردەیی).

**وارڤین: داخراوی کۆمەڵگا تاچەند کاریگەری لەسەر کاروچالاکییەکانی ژنان گەرمیان هەیە؟**

جیهان: زۆر گوتراوە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بەربەستن لەبەردەم کاروچالاکیەکانی ژنان، ئەوانەش زۆرن باس لەهۆکارە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن کەچی هەر خۆیانن دەبنە مایەی بەرەوپێشنەچوونی کۆمەڵگا.

**وارڤین: توندوتیژی دژ بەژنان لەگەرمیان لە چ ئاستێکدایە؟**

جیهان: لەگەرمیان توندوتیژی دژی ژنان بەو رێژە زۆرە نییە کە باس دەکرێت، چونکە ئێستا ژن زیاتر ئاشنایە بەمافەکانی و لەهەموو جۆرەکانی توندوتیژی تێدەگات کە بەناڕەوا لەلایەن رەگەزی نێرەوە ئەنجامدەدرێت.

**وارڤین: هەوڵی حکوومەت و رێکخراوەکان لە چ ئاستێکدایە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی؟**

جیهان: لەئاستێکی باشدایە، لە ١١/٢٥، سەرۆکی حکوومەتی هەرێم هەوڵەکانی کابینەکەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خستەڕوو ئەو پێیوابوو دەبێ یاسایەکی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دابنرێت لەگەڵ دامەزراندنی (ئەنجومەنی باڵای خانمان)، رێکخراوەکانیش بەپێی ئیمکانیاتی خۆیان لەهەوڵی بەردەوامدان.

**وارڤین: ژنانی گەرمیان تاچەند توانیویانە لەبواری راگەیاندندا کاربکەن و جێ پەنجەیان دیار بێت؟**

جیهان: ئەو ژنانەی لەبواری راگەیاندندا کاردەکەن ١٠٠٪ دەرچووی بەشی راگەیاندن لەزانکۆ و پەیمانگەکان نین، بەحەز و خولیای خۆیان کاردەکەن. جگە لەوە ژنان لەبواری راگەیاندن ژمارەیان کەمەو ئەوانەی کاریش دەکەن لەدەوری کەناڵە لۆکاڵیەکاندا کۆبوونەوەتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر کارابن پێویستمان بەورکشۆپ و خولی راگەیاندن هەیە.

**وارڤین: (رادیۆی تەوار) تاچەند لەخزمەت ژناندا بووە؟**

جیهان: رادیۆی تەوار لەساڵی ٢٠٠٣ یەکێتی ژنانی کوردستان بەهاوکاری رێکخراوی NPA ی نەرویجی لەپێناو خەمەکانی ژناندا دایمەزراند بۆ هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی و نەهێشتنی جیاکاری رەگەزی. دەتوانم بڵێم کارکردنمان لە ٩٥٪ لەخزمەتی ژناندا بووە، چونکە رادیۆیەکە بۆ خەمی ژنان لەدایکبووەو ناکرێت ئامانجی خۆی لەبیر بکات. بەبڕوای من لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە تاچەند ژنان پاڵپشتی کەناڵێکی لەمجۆرەن.

**وارڤین: لەکەناڵەکانی راگەیاندنەوە باس لەوە دەکرێت خەتەنەکردنی مێینە لەئاستێکی بەرزدایە لەگەرمیان. ئەمە تاچەند راستە؟**

جیهان: خەتەکردنی مێینە نەک لەگەرمیان لەهەموو کوردستاندا هەبووە تاساڵی ١٩٩٧، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵک هۆشیارییان لەبارەی خەتەنەوە نەبووەو ئۆباڵی ئەوەیش لەئەستۆی مامۆستایانی ئایینیدایە، چونکە خەڵکیان واتێگەیاندبوو هەر تاکێکی مێینە خەتەنە نەکرێت نانی دەستی (حەرامە)، بەڵام دوای ورووژاندنی لەلایەن راگەیاندن و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان ئەو کردارە رەتکرایەوە، چونکە خەڵک زانی ئایین بەوشێوە زەقە باسی نەکردووە.

لەڕووی تەندروستیشەوە کاریگەری زۆر خراپی بۆ جەستەی مێینە هەیەو هاوکات لەڕووی دەروونی و سێکسیشەوە کاریگەری نەرێی هەیە. لەکۆندا لەگەرمیان راستە لەئاستێکی بەرزدابووە، بەڵام ئێستا بوونی نییە.

**وارڤین: داهاتووی کاری ژنان و رێکخراوەکان چۆن دەبینیت؟**

جیهان: پێموایە دەبێ رێکخراوەکان ستایلی کارکردنیان بگۆڕن و بەشێوازێک بێ بتوانن بچنە نێو ناخی ژنانەوە، بەدامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای خانمانیش پێویستە رێکخراوەکان چالاکترین و زیاتر خزمەت بەم توێژە بکەن و بەردەوام هەوڵی باشتر بدەن.

**وارڤین: ئەو راگەیاندنانەی تایبەتن بە ژنان تاچەند کاریان بۆ خزمەتی ئەم رەگەزە بووە؟**

جیهان: هەر دەزگایەک بۆ خزمەتی رەگەزێک یان چینێک دروست دەبێت بەدڵنیاییەوە پێویستە باشترین خزمەت پێشکەش بکات. بەشێوەیەک کە ئەوانەی ناچالاکن بتوانن چاویان لێبکەن، دەزگاکانی راگەیاندن (وارڤین، ژیانەوە، گۆڤاری تەوار، رێوان) کاری باش پێشکەش دەکەن، وارڤین رێچکەشکێنە لەخزمەتکردندا.

www.netewe.com

# ئیسلام مافی میراتی بۆ ژن دەستەبەر کردووە

پارێزەر/ سەراب دلاوەر

دانانــی نیوبەش لەمیرات بــۆ ئافرەت، مانای ئەوە نییە کە ئیسلام ستەم لەئافرەت دەکات. پێش هاتنی ئایینی ئیســلام ئافرەت هەر مافی میــرات وەرگرتنی نەبــوو، بەڵکو وەک یەکێک لەکەلوپەلەکانی ناو مــاڵ، بەمیرات لەپیاوەوە بــۆ پیاو بەجێ دەماو دەبــوو بەموڵک. ئەگەر کوڕێک باوەژنــی هەبووایە پاش مردنی باوکی دەبوو بەژنی ئەو، چونکە بەمیرات لەباوکییەوە بۆی دەمایەوە. بەهاتنی ئیســلام، ئەوە نەماو ئافرەت بووبە میراتگر.

تەنیا لەدوو حاڵــەت لەمیراتی ئافرەت نیوەی میراتی پیــاوە. یەکەمیان، کوڕوکچ دووهەمیان خوشــکوبرای کەســێکی مردو. یەزدانی پاک دەفەرموێ (یوصیکم اللــه فی اولادکم للذکر مثل حظ الانثیین) ایە ١١ سورة النساو فەرمــودەی (وان کانوا اخوە رجالا ونســاو فللذکر مثل حظ الانثیین).

لەئایینی ئیسلامدا، ئەرکی پیاوە نەفەقەی ژن، دایک، باوک و خوشــکی بکێشی و خەرجییان بکات. بەڵام لەســەر ئافرەت نەکراوە بەئەرک. لەخراپتریــن بارودۆخدا ئافرەت تەنیا نەفەقەی خۆی لەســەرە. کاتێک کچێک شوویکات ئەوا بەخێوکردنی لەسەر هاوسەرەکەیەتی.

پێویســتە لەوە حاڵــی بین کە ئــەم حوکمە زۆر دادوەرانەیــەو ئیســلام هیــچ ئیمتیازێکی لەسەرحیســابی مێ نــەداوە بەپیــاو، بەڵکو ڕەچاوکردنی زۆری ئەرکەکانی پیاوە.

بــۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەســەر دادپەروەری ئیسلام، لەبابەتی میراتدا پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بزانین:

١- ئەگەر کەســێکی مردوو، منــداڵ و دایک و باوکی هەبوو، ئەوا دایکەکە کە ئافرەتە بەقەد باوکەکە، میرات وەردەگرێ کە هەریەکیان یەک لەسەر شەشی ماڵەکەیان بەردەکەوێ. (ولابویە لکل واحد منهما السدس).

٢- ئەگەر کەســەکە، برایەک یان خوشــکێکی لەدایکــی هەبــوو، هیچ کەســێکیتر نەبوو کە ببێت بەرێگر لەمیراتگرتنیان، ئەوا هەردووکیان وەک یەک یەک لەســەر شەشــی میراتەکەیان بەردەکەوێ. (وله اخ او اخت فلکل واحد منهما السدس).

٣- ئەگەر کەســەکە، دوو خوشــک یــان دوبرا زیاتری هەبوو، ئەوا خوشک و براکان مافی یەک لەسەر سێیان دەبێ بەهاوبەشی (فان کانوا اکثر من ذلک فهم شرکاو فی الثلث).

٤- ئەگەر ئافرەتی مردوو هاوســەرو و کچێکی هەبــوو، ئــەوا کچەکــە نیــوەی میراتەکەی بەردەکەوێ و مێردەکەش کە پیاوە یەک لەسەر چواری بەردەکەوێ. واتا لەم حاڵەتەدا مێینەکە دوو ئەوەندەی نێرینەکە وەردەگرێ.

٥- گــەر پیاوێکــی مــردوو، ژن، دووکــچ و برایەکــی هەبــوو، ئەوا ژنەکەی یەک لەســەر هەشــتی میراتەکــە وەردەگــری و هــەردوو کچەکان دوو لەســەر ســێ وەردەگرن. ئەوەی دەمێنێتەوە لەمیرات بۆ برای مردووەکە دەبێت. بەوشێوەیەش هەردوو کچەکان لەمامیان زیاتر وەردەگرن.

٦- ئەگەر پیاوێکــی مــردوو ژن، دایکێک و مامێکــی هەبوو، ئــەوا ژنەکەی یەک لەســەر چواری بەردەکەوێ و ودایکەکەشی یەک لەسەر ســێ. ئەوەی دەمێنێتەوە بــۆ مامەکە دەبێ بە (تعصیب). واتا ئافرەتــەکان لەپیاوەکەیان زیاتریان بەردەکەوێ.

٧- ئەگەر مردووەکە باوکێک و کچێکی هەبوو، ئــەوا کچەکە نیوەی میراتەکــەی بەردەکەێ و باوکەکەی یەک لەسەر شەش. بە فەرز ئەوەی ماوەش بە (تعصیب) وەردەگرێ.

٨- ئەگــەر مردوویــەک، باپیرێــک و کچێکی هەبــوو، ئــەوا کچەکــەی نیــوەی بەفــەرز وەردەگرێ و باپیرەکەش یەک لەســەر شەشی بەردەکەوێ بەفەرز. ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێت بە (تعصیب).

٩- ئەگــەر پیاوێکی مــردوو، کچێک و مامێکی هەبــوو. ئــەوا کچەکــە نیــوەی میراتەکەی بەردەکەوێــت و مامەکەیشــی ئــەوی مــاوە بە (تعصیب).

١٠- ئەگەر پیاوێکی مردوو دایکێک و دوو کچ و باپیرێکی هەبوو، ئەوا دایکەکەو باپیرەکە هەر یەکێکیان، یەک لەسەر شەشیان بەردەکەوێ و هەردوو کچەکەش دوو لەسەر سێ.

١١- ئەگەر پیاوێکی مردوو، دایکێک، خوشکێک و دووبــرای لەدایکــی هەبوو. ئــەوا دایکەکە یەک لەســەر شەشــی میراتەکەی بەردەکەوێ و خوشــکەکە نیوەی بەردەکەوێ و دووبراکەی لەدایکییەوە یەک لەسەر سێیان بەردەکەوێ.

١٢- ئەگــەر پیاوێکــی مــردوو، دایکێــک و خوشکێکی لەباوکی و دوو برای لەدایکی هەبوو. ئەوا دایکەکە یەک لەســەر شەشی بەردەکەوێ و خوشــکەکەی نیوەی بەردەکــەوێ. هەردوو براکانی یەک لەسەر سێ وەردەگرن.

١٣- ئەگــەر ئافرەتێکی مردوو مێردێک، کچێک و خوشکێکی لە باوک هەبوو. ئەوا یەک لەسەر چوار بــۆ مێردەکە دەبێ و نیوەی میراتەکەش بــۆ کچەکــەی دەبێ. ئــەوەی دەبێتــە مافی خوشکەکەی.

بۆیــە حوکمدانــی هەڕەمەکی لەســەر دەقە ئایینییەکانــی قورئانی پیرۆز، دروســت نییەو ئیســلام مافی تەواوی بۆژن لەهەموو بوارێکدا دەستنیشانکردووە.

# ژن و میرات

پارێزەر/ وەهبیە زرار

میرات یەک لەو بابەتانەیە کە پێشلکاری زۆری مافی ژنی تێداکراوە. چ لەڕووی کۆمەڵایەتی هەروەهــا یاســاکانیش پشــکیان هەبووە لەقووڵترکردنەوەی ئەو جیاکارییانە هەیە کە بەرامبەر ژنان کــراوەو دەکرێت. ئەم بابەتە ڕەگوریشەکەی بۆ ئایینی ئیسلام دەگەڕێتەوە کە دابەشــکردنی میرات لەنێوان ژن و پیاو بەشێوەیەکی نایەکســان لەنیوان خوشک و بــرا بەڵکو ژن و مێرد کچ و کوڕ... و هەموو مێیــەکان کە میــرات دەیانگرێتەوە، نیوەی بەشــی پیاوەکانی هەمان پلەی نزیکایەتیان وەردەگرن.

ئەگەر بۆ بارودۆخی ئەوکاتی دوورگەی عەرەبی کە زۆر دژوارو سەخت بوون بەرامبەر بە ژن بگەڕێینەوە دەبینین کــە ڕەگەزی مێینەیان وەک کەلوپــەل بەکاریان دەهێنــا. لەکاتی جەنگدا کچەکانیــان زیندەبەچــاڵ دەکرد، چونکە لەلایەن هۆزەکانی دیکەوە هەمیشــە ئامانج بوون و ئەوەشمان لەبیر نەچێت، ئەم هۆزانە شــەڕی دوورو درێژیان هەیە لەسەر ڕفاندنی ژنەکانی یەکتر و ســووکایەتیکردن بەدوژمنەکانیان لەڕێگەی ژنەکانیانەوە.

بۆ ئەوکات کە ئیســلام هات و بەشی میراتی ژنی جێگیر کرد بەنیوەیی ئەم نیوە بەشــە شــتێکی باش بــوو لەچاو ئــەوەی ئەوکات بەرامبەریان دەکرا.

بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە ئایا ژنان بەفیعلی سوودمەندبوون لەم نیوە مافەیان؟

بۆ وەڵامی ئەم پرســیارە دەبێ باس لەدوو ڕەهەند بکەیــن کە ڕەنگە بەهۆیانەوە بزانین ژنان چەنــدە ســوودمەندبوون لەوەرگرتنی میرات:

یەکەم: لەڕووی یاساییەوە

لەعێراقدا پێش ساڵی ١٩٥٩ هەموو حاڵەتەکانی باری کەســێتی وەک زواج – میرات –تەڵاق – حەزانــەی منــداڵ و.. بەپێی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی چارەسەردەکران، بەڵام لەساڵی ١٩٥٩ەوە لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم، یاسای باری کەســێتی عێراقی دانرا کە یاســایەکی زۆر بوێرانە بوو و جیاواز بوو لەیاسای وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکەو میرات بەپێی ئەم یاسایە یەکسانبوو لەنێوان ژن و پیاودا. هەروەها مەرجی زۆر لەبەردەم فرەژنی دانرا. پێویستکرا کە هەموو هاوسەرگیرییەک لە دادگا تۆماربکرێت... ئەم شــتانە پێشتر نەبوون.

لەدوای هاتنی ڕژێمی بەعســەوە ئەم یاسایە گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهات و مەرجەکانی ســەر فرەژنی کەمکرایەوەو بابەتی میرات کرایەوە ئەو بارەی کە دەبێ بەتەواوی وەک ئەوەی لەقورئانــدا هاتووە جێبەجێ بکرێت. (هەرچەندە میرات یــەک لەو بابەتانەیە کە زۆر ئاڵۆزە و ڕاڤە لەخۆدەگرێت)

بەتێڕوانینێکی خێرا بۆ یاسای باری کەسێتی عێراقــی و جێبەجێکردنەکانی ئەم یاســایە بۆماندەردەکەوێت: هەرچەندە لەچوارچێوەی شــەریعەی ئیســلامی دەخولێتــەوە، بەڵام بەتــەواوی کەوتۆتە ژێر ویســتو تێڕوانینی ڕژێمە سیاســییەکان لەکاتێکدا حکومەتی عەبدولکەریم قاسم کە حکومەتێکی چەپ بوو بەشێوەیەکی جیاوازتر مامەڵەی لەگەڵ باری کەسێتی کردووە لەنێویشیاندا بابەتی میراتی ژنان بەپێی ئەم یاســایە ژن و پیاو یەکسان بــوون. بەڵام دواتر و بەهاتنی ڕژێمی بەعس و بەدرێژایــی ماوەی حوکمەکــەی چەندین گۆڕانکاری لەم یاســایە کردووە بەشی زۆری گۆڕانکارییــەکان بۆ بەجێهێنانی مەبەســتە سیاســیەکان و ڕازیکردنی خێڵەکانی عێراق بوون لەسەر حیسابی ژنان و درێغینەکردووە لەوەی ژنــان لەمافەکانیــان بێبەش بکات. هەرچەندە لەدژی ئایینیش بێت. بۆ نموونە: پیاوی عێراقی هاندەدا کە ژنەکەی تەڵاقبدات ئەگــەر بەرەچەڵــەک ئێرانی بێــت بەوەش ڕێوشوێنەکانی تەڵاقدانی ئاسان کردبوو.

دووهەم: لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە

زۆر هــۆکار هەیە ڕێگرە لــەوەی ژنان داوای میرات بکــەن لە خێزانەکانیان یان ڕووبکەنە دادگاکان بــۆ وەرگرتنــی میراتەکانیان. بۆ نموونە: باوەڕنەبوون بەسیســتەمی حوکم، تێچــووی مــادیی دادگاکان و نەبوونــی ئاسانکاری و پاڵەپەستۆی خێزانی وادەکات کە بۆ براو کوڕەکانیان چاوپۆشــی لێبکەن. زۆرجاریــش هۆی داوانەکردنــی مافەکانیان لەبنەڕەتەوە بۆ نەزانینی مافەکانیان لەڕووی یاساییەوە دەگەڕێتەوە.

بۆیە دەبێ، لەڕووی یاساییەوە ئاسانکاری بۆ وەرگرتنی ئەم مافانە بکرێت و هەروەها کار بکرێت بۆ گۆڕینی ئەو یاسایانەی کە لەنێوان ژن و پیــاو دا جیــاکاری دەکــەن. ئەوەش بــە پلەی یەکەم یاســای باری کەســێتی، یاسای ســزاکان و یاسای ناسنامەی عێراقی دەگرێتــەوە. بەگوێرەی ئــەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانــەی کە عێراق واژۆی لەســەر کــردوون دەبێ هەر یاســایەک کە جیاکاری ڕەگەزی تێدا بێ یان مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکات، بگۆڕدرێت.

www.netewe.com

## پانۆرامای تایبەت بە پرسی ژنان لە ٢٠١٠ دا:

# ژن و سیاسەت

وارڤین:
لەهەڵبژاردنــی ٧/٣/ ٢٠١٠ لەکــۆی ٨٠١ کاندیــدی ژن بۆ پەرلەمانی عێــراق تەنیا(٢٠) ژن، بەبێ‌کۆتا سەرکەوتن و لەوانەش ٧ ژنیان کوردبوون. هەروەها ٦٢ پاڵێوراوی ژنیش بەشێوەی کۆتا چوونەنــاو پەرلەمانەوە کە دوانزەیان کوردبوون. بەگشــتی ٨٢ ژن کەلە ٢٥٪ی ڕێژەی کورسییەکانیان پێکدەهێنا بوونە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.




### ئامەد: کۆنفراسی ژنی کورد

لەئامــەد لە ٢٠١٠/٤/٢٤ بەبەشــداری ١٥٠ ئەندامی ژن لەهەر چوار پارچەی کوردســتان و ئەورووپا کۆنفرانســی ژنان بەڕێوەچوو. سیاســەتمەداری کورد لەیلا زانا، لەکۆنفرانسەکەدا گوتی «کورد نەتەوەیەکی ژێردەســتەو ژنی کوردیش ژێردەستی ژێردەستانە». کۆنفرانسی ژنی کورد لەلایەن بزووتنەوەی ژنانی دیموکراتیک و ئازادەوە ڕێکخرابوو.

### دەرگای سەرکردایەتی یەکێتی بۆ ژن کرایەوە

ڕۆژی ٢٠١٠/٦/١ دەســتپێکی کۆنگرەی ســێهەمی یەکێتی نیشــتمانی کوردستان بوو کە لەوکۆنگرەیــەدا ڕێژەی ٪٢٥ بۆ ژنان دانراو لەو ڕێگەیەوە ١٠ ژن چوونە ســەرکردایەتی ئەو حزبەو دوو ژنیش بۆ مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران.

### سێ ژن چوونە سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی

یەکگرتووی ئیســلامی لەناوەڕاســتی مانگی حوزەیران کۆنگرەی خــۆی گرێداو لەئەنجامی کۆنگرەدا ٣ ژن چوونە سەرکردایەتی ئەو حزبەوە.

www.netewe.com

## کۆمەڵی ئیسلامی ژنێکی بردە سەرکردایەتی

ڕۆژی ٢٠١٠/٧/١٥ کۆمەڵــی ئیسلامی کوردســتان دووەم کۆنگرەی خـۆی گرێداو لەو کۆنگرەیەدا تەنیا ژنێک گەیشتە سەرکردایەتی ئەو حزبە.


## تیرۆری کەسایەتی ژن

ڕۆژی ٢٠١٠ /٩/١٥ دەزگای وارڤین بەبەشــداری کۆمەڵێک ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەوان بەیاننامەی «نا بـۆ تیرۆری کەســایەتی ژن»یان دەرکردو لــەو بەیاننامەیەدا دژایەتــی لەبەرامبەر تیرۆرکردنی کەسایەتی ژنان لەهەر ڕێگەیەکەوە بێ دەربڕابوو.



## ئەندامێکی گۆڕان پۆستەکەی جێدەهێڵێت

ڕۆژی ٢٢ ئاب ســەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمان کوێســتان محەممەد لەپۆستەکەی خۆی لادراو پیاوێک خرایە شوێنی.



## کوردێک بووە ئەمینداری ژنانی عەرەب


ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٧ لەهەڵبژاردنێکدا کە لەمیسر بەڕێوەچوو، نەرمین عوسمان، وەزیری ژنگەی عێراقی، بەئەمینداری گشتی ژنانی عەرەب لەکۆمکاری وڵاتانی عەرەب دەستنیشانکرا. لیژنەی ژنانی عەرەب، بەشــێکە لەکۆمکاری وڵاتانی عەرەبی و هەر دوو ســاڵ جارێک ئەمیندارێک هەڵدەبژێرێت. بۆ خولی ئەمجارەش، نەرمین عوسمان دەستنیشانکرا.




## سیاسییەکان بێ بەشداری ژن کۆبوونەوە

٢٠١٠/١١/٩ کۆبوونەوەی سەرجەم لیستە براوەکانی عێراق لە هەولێر لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بەڕێوەچوو، بەڵام هیچ ژنێک بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە نەبوو و پەرلەمانتار ســەفیە ســوهەیل لەلێدوانێکدا بۆ وارڤیــن ڕەخنەی لەو کۆبوونەوەیە گرت.

www.netewe.com



## ئەنجومەنی خانمان

لە ٢٠١٠/١١/٢٥ سەرۆکی حکوومەت ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی خانمانی دەستنیشانکرد. دەگوترێ ئەو ئەنجومەنە وەک بریتێکە بۆ پۆستی وەزاری تایبەت بە کاروباری ژنان، بەڵام تائێستا وردەکارییەکانی رانەگەیەندراوە.

## پارتی تەنیا ٥ ژنی بردە سەرکردایەتی

ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١١ پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی سێزدەهەمی خۆی گرێداو لەو میانەیەدا لەرێگەی کۆتاو هەڵبژاردنەوە تەنیا ٥ ژن گەیشتنە سەرکردایەتی ئەو حزبە، ئەمە لەکاتێکدابوو کە فازڵ میرانی سکرتێری ئەو پارتە لەرۆژی یەکەمی کۆنگرەدا بە وارڤینی راگەیاندبوو کە پێدەچێت ٨ تا ١٠ ژن بچنە سەرکردایەتی ئەو حزبەوە.



## حکوومەتێکی بێ ژن

ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٧ حکوومەتی عێراق دوای نزیکەی ساڵێک لەبەرێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی بەسەرۆکایەتی نووری مالکی پێکهات و هیچ ژنێک پۆستی وەزاری پێنەدراو هۆشیار زێباری هاوکات لەگەڵ پۆستی وەزارەتی دەرەوەدا بە وەکالەت وەزارەتی ژنانیشی پێ سپێردرا.

## بارودۆخی کۆمەڵایەتی

٢٠١٠/٢/٦ بەبۆنەی رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردن، رێکخراوی وادی ئەڵمانی ئەنجامی توێژینەوەیەکی ئاشکرا کرد، لەهەرسێ پارێزگای هەرێم ئەنجامیدابوو. بە گوێرەی ئەو توێژینەوەیە رێژەی ٪٧٢ ژنان لەکوردستان خەتەنەکراون.

٢٠١٠/٧/٣ بەرێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لەکۆنفراسێکی رۆژنامەوانیدا ئاماری شەش مانگی یەکەمی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانی بڵاوکردەوە کە کۆی گشتی رووداوەکان بەهەر سێ پارێزگاکەی هەرێم و سنووری گەرمیان (٥٩کوشتن، سووتان ٢٠٧، سکاڵا ١٠٣٨، ئەشکەنجەدان ٦٧١، توندوتیژی سێکسی ٦٣ حاڵەت) تۆمار کرابوون.

بەگوێرەی ئەو ئامارانەی لەتوێی بەدواداچوونەکانی گۆڤاری وارڤین بۆ پرسەکانی «کوشتن، خۆکوشتن، خۆسووتاندن، دەستدرێژی» دەستکەوتوون، لەماوەی ساڵی ٢٠١٠دا ١٨ حاڵەتی ژن کوشتن، ١٧خۆکوشتن، ١١خۆسووتاندن، ١٤دەستدرێژی کردنەسەر ژن، بەدواداچوونیان بۆکراوەو بڵاوکراوەتەوە.

کۆی گشتی کوشتن، خۆکوشتن، سووتان، دەستدرێژیکردنەسەر ژن گەیشتووەتە ٦٠ حاڵەت.

بەگوێرەی هەواڵەکانی ماڵپەڕی وارڤین لەسەرەتای ٢٠١٠، رێژەی ژنکوشتن و خۆکوشتنی ژنان ٩٩ ژن بووە. ٧٦ ژن کوژراون و ٢٣ ژنیش خۆیان کوشتووە زۆربەیان بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی بووە، لەباکووری کوردستان٢٧ ژن بەتاوانی شەرەف کوژراون، لەکەرکوک لەماوەی شەش مانگدا تەرمی ٧ ژن دۆزراوەتەوە، زۆرترین ژمارەی کوشتنی ژن لەدەوروبەری هەولێرو سلێمانی روویداوە.

ژمارەی ئەو ژنانەی سووتاون و گیانیان لەدەستداوە ٦٤ ژن بوون، تەنیا لەمانگی ئابی ٢٠١٠، ١٨ ژن سووتاون کە چواردە لەو ژنانە تەمەنیان لەنێوان ١٣-٢٩ ساڵیدایە، یەکێک لە تەمەنی ٣٠ساڵی بەسەرەوەیە، ٣کەس لەوانە تەمەنیان ٤٥ ساڵ بەسەرەوەیە.

کۆی گشتی کوشتن و خۆکوشتن و سووتان لەکوردستان لەساڵی ٢٠١٠ دەکاتە ١٦٣ ژن بەگوێرەی ماڵپەری دەزگای وارڤین.


## دادگا

بەگوێرەی ئەو ئامارەی دەستی وارڤین کەوتووە، لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ، کەلە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار کراوە دووهەزار و ٩٤٦ حاڵەتی جیابوونەوە بەهۆکاری جیاواز هەبوو، لەبەرامبەریشدا بیست و دوو هەزار و ٨٤٥ مارەبڕین هەبووە.

www.netewe.com

# ئەتەکێتی بەکارهێنانی چەقۆ و چنگاڵ

## ئەتەکێت




کنێر عەبدوڵڵا

kner_abdullah@yahoo.com


- بەمەبەستی ئامادەکردنی مێزی نانخواردن بەر لە پێشکەشکردنی خواردن رێسای تایبەتی سەبارەت دانانی ئامرازەکان هەیە. لەلای راستەوە قاپ، کەوچک، چنگاڵ،چەقۆ، دەستەسڕ و کوپەکان دادەنرێن. بەڵام ئایا دەزانی ئەو ئامرازانە چۆن بەکاردەهێنی و رێساکانی ئەتەکێتی تایبەت چییە؟

رێگەی یەکەم، گواستنەوەی چنگاڵ:

بەمانای گواستنەوەی چنگاڵ دێت لەدەستی چەپەوە بۆ دەستی راست، دوای لەتکردنی خواردنەکە بەچەقۆ، بۆخواردن.

پاش لەتکردن چەقۆکە لەسەر قاپەکە دادەنرێت.

چنگاڵەکە بۆ لای دەم بەرزدەکرێتەوە، بەشێوەیەک ئاستی سەرەکەی لە بەرزیدا بێت.

رێگەی دووهەم، دوای لەتکردنی خواردنەکە چنگاڵەکە ناگوێزرێتەوە بۆ دەستی راست، بەڵکو لەدەستی چەپدا دەبێ و پاشان بۆ لای دەم بەرزدەکرێتەوە بۆ نانخواردن. بەهەمانشێوازی گرتنی لەکاتی لەتکردندا ( ئاستی رووەکەی بۆ ناوەوە دەبێت).

دەکرێت چەقۆکە وەک یارمەتیدەری چنگاڵەکە بۆ ئاسانکردنی کۆکردنەوەی خواردنەکە بەکاربهێنرێت. لەوکاتەدا بەدەستی چەپ دەگیرێ بەهەمان رێگە کە لەکاتی لەتکردنی خواردنەکە بەکاردێت و بۆ سەرەوە پاڵی پێوەدەنرێت.

دوای کۆتایی هاتنی نانخواردن، چنگاڵ و چەقۆکە بەتەنیشت یەکەوە لەسەر قاپەکە دادەنرێن. بەشێوەی گۆشەیەکی لار لە بەرزی چەپەوە تا خواروی لای راست. بەشێوەیەک شوێنی دەستگرتنەکانی کەمێک بکەوێتە دەرەوەی سنوری قاپەکە.

کەوچکی شیرینییەکە یان چنگاڵەکە بەهەمان رێگە دادەنرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو شیرینییەکە لە قاپێکی قووڵدا پێشکەشکرا بەهیچشێوەیەک چنگاڵ یان کەوچکەکە لەناویدا دانانرێت. بەڵکو لەسەر رووی قاپەکە دادەنرێت.

ئەوەش لەکاتێکدا دەکرێت قاپەکە رووەکەی رێک و فراوان بێت و لەو دۆخەدا ئازادی رەهای خۆی وەردەگرێ.

www.netewe.com

## پەروین موشیر لەسەر زمانی مەزهەری خالقییەوە:

# تیشکی پەروین لەمێژووی ئەدەب و میدیای کوردستاندا دەمێنێتەوە

**وارڤین - هەولێر:**

**هونەرمەند مەزهەری خالقی و جەمال نەقشبەندی بەسەرهات و یادگاری پەروین موشیر وەزیری ئەستێرەی نێو مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دەگێڕنەوەو پێگەی ئەو ژنە لەنێو ئەدەبیاتی کوردی بەرز رادەگرن.**

«ئەگەرچی لەنێو مێژووی کورددا چەندین ئافرەتی بەتوانا لەبوارە جیاجیاکاندا لەژێر بارودۆخی کەلتووری باوکسالاری، هێڵە سوورە جۆربەجۆرە ئایینی و عادەتییەکاندا تواناو هێزەکانیان پەراوێزخراوە، بەڵام رۆڵی هەنێ لەکەڵەژنانمان بەروحێکی خۆسەلمێنەوە لەو مێژووەدا جێ بۆ خۆیان داگیردەکەن. پەروین موشیر وەزیری یەکێکە لەئافرەتە باڵاکانی نێو میدیاو هونەرو ئەدەبی کوردی». ئەم چەند رستەی سەرەوە قسەی د. جەماڵی نەقشبەندی بوو. ئەو مامۆستای کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدینەو لەپاش کۆچی لەناکاوی، پەروین موشیر بەدڵگرانییەوە باسی ژنە هاوشارییەکەی بۆ وارڤین کرد»دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی روویکردە ئەدەبیات، لەسەرەتاوە بە (دیکلەمە:بریتییە لەوەی بەئاواز شیعر لەگەڵ مۆسیقا بخوێندرێتەوە) دەستپێدەکات کە تا دواساتەکانی تەمەنی بەردەوام بوو و داهێنانی تێداکرد».

د.جەمال گوتیشی»لەسەرەتادا بەزمانی فارسی شیعری دەخوێندەوە، بەڵام د. شێخ ئیسلام کە نوێنەری شاری سنەبوو لەپەرلەمانی ئێراندا هانی پەروینی دا بەکوردی دیکلەمە بڵێ و هاوکاری کرد بچێتە رادیۆی کرماشان کە ئەوکات گرنگترین رادیۆی کوردی بوو. لەوێوە وەک بێژەرو هۆزانخوێنێکی بێوێنە دەرکەوت. دواتر لەگەڵ هەریەکە لەهونەرمەندەکانی وەک حەسەن زیرەک و مەزهەری خالقی کاری کرد». بەگوتەی د. جەمال ئاشنابوونی پەروین بەئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی بەشێوە زارەکانی سۆرانی و هەورامی بۆ یارمەتی ئەسعەد سیراجەدینی هاوسەری دەگەڕێتەوە کە هاوسەرەکەی لەبنەماڵەی شێخ عوسمانی بیارەیە. پەروین خاوەنی کوڕێک و دوو کچ بوو. بەهۆی سەرنەکەوتنی لەنەشتەرگەری دڵ لە ١٩-١٢-٢٠١٠ کۆچی دوایی کرد. تەرمەکەیان لە بیارە (هەورامان) سەر بەپارێزگای سلێمانی ناشت. ئەو لەساڵی ١٩٤١ لەشاری سنە هاتووەتە دونیا. خوێندنی لەوێ تەواوکردووە. لەساڵی ١٩٦٢ چووەتە رادیۆی کرماشان و بەرنامەی ئەدەبی و فەرهەنگی پێشکەش کردووە. هەروەها دەستێکی باڵای لەخوێندنەوەی شیعردا هەبووە. لەبنەماڵەی وەزیرییەکانە، ئەو بنەماڵەیە لەشاری سنەو کوردستان ناوبانگیان هەیەو لەسەردەمی ئەمارەتی ئەردەڵانو پاشان لەسەردەمی قاجارو بێتا پەهلەوی، فەرمانڕەوابوونە.

هونەرمەندی گەورە مەزهەری خالقی کە یەکێکە لەکەسە نزیکەکانی ئەو خاتوونە، بەخەمێکی زۆرەوە بۆ وارڤین دەڵێ «زوو لێمان رۆیی». لەبارەی دوا ساتەکانی خۆی لەگەڵ ئەو خاتوونە پێیڕاگەیاندین»زیاتر لەهەر کەسێک دڵگرانم. چوونکە بڕیاربوو لەکوردستان بمێننەوەو قەولیان پێدابووم لەگەڵ کاک ئەسعەدی هاوسەری لەئەنیستیتوتی کەلەپووری کورد کاری ئەدەبی- فەرهەنگی کەلتووری سازبدەین. بەداخەوە مەرگ رێگەی نەدا، ئەو ئارەزووە هەم لەدڵی ئەودا مایەوەو بردییە ژێر خاک، هەمیش لەدڵی من نەمتوانی سوود لەئەزموون و توانای ئەو خانمە بۆ کوردستانی ئازاد وەرگرم». هونەرمەند مەزهەری خالقی لەقسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ «لەهەر زەمەنێکدا خەڵکانێک پەیدادەبن، لەکاتی خۆیدا کۆمەڵێک یادەوەری جێدەهێڵن کە ئەو یادگارگەلە دەبێتە هەوێنی فەرهەنگ و کەلتوورو شارستانییەتی میللەتێک».

دەربارەی مێژووی ئاشنایەتی و پێکەوەکارکردنیان مەزهەری خالقی، باسی لەوەکرد کە پەروین یەکێکە لەوانەی لەساڵانی شەستی مەسیحییەوە لەتاران لەبەرنامەی کوردیدا لەگەڵی ئاشنابووەو تامانگێک پێش ئیستاش پەیوەندی لەگەڵیدا نەپچڕاوە. گوتیشی ئەو لەگەڵ هەریەک لەئەمین نەقشبەندی و شوکوروڵڵای بابان شیعری خوێندووەتەوە کە هەرسێکیان لەبەناوبانگترین شیعرخوێنەکانی مێژووی کوردن.

بەگوتەی مەزهەری خالقی، کەسێک نەبووە گوێی لەدیکلەمەی ئەو بووبێ و کاریگەرنەبووبێت»لەساڵانی پێکەوەکارکردنماندا نەمبیست کەسێک کێشەیەکی کاری یان ئەدەبی و فەرهەنگی لەگەڵ بووبێت، ئەو خزمەتێکی بێهاوتای میدیاو ئەدەب و فەرهەنگی کوردی کردووە».

هەروەها هونەرمەند مەزهەر ئەوەشی پێڕاگەیاندین»یەکێک لەوانەبوو نەک تەنیا لەخوێندنەوەی شیعرو ئەدەبو داستانگەل رۆڵی بێهاوتای هەبوو بگرە لەپاڵ ئەوەشدا

www.netewe.com



کاری خەبەریشی دەکرد، هەم کوردی و هەم فارسی. دەیتوانی فارسی وەک فارسەکان و هەورامی وەک هەورامییەکان و سۆرانیش وەک سۆرانییەک و لەهجەی سنەییش وەک سنەیی لەکارە ئەدەبییەکانیدا ڕەنگپێبداتەوەو شیکاری بکات و لەکۆڕو کۆبوونەوەکاندا قسەی پێبکات».

مەزهەری خالقی، بەگوزارشتێکی ئەدەبییەوە دەڵێ لەکۆمەڵگای ئێمەدا باو نییە ژنەکان بێنە مەیدانی کار یان چالاکی فەرهەنگی چ جای ئەوەی پێش ٣٠-٤٠ ساڵ خانمێک بەوجۆرە ڕۆڵی گێڕابێت، دەتوانم بڵێم ئەستێرەیەک لەمیدیاو فەرهەنگی کوردی کوژایەوە، بەڵام تیشکەکەی بۆ هەمیشە لەمێژووی ئەدەب و میدیای کوردیدا دەمێنێتەوە».

پەروین، دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران و ڕووخانی دەسەڵاتی محەمەد ڕەزا شا، ئێران جێدەهێڵێ و وەک پەنابەر لە بەریتانیا- شاری لەندەن- نیشتەجێ دەبێت، بەڵام لەوێشدا لەکاری ڕاگەیاندن دانەبڕاوە. لەوبارەیەوە مەزهەری خالقی، ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو لەپەناهەندەییش لەرادیۆی spectur (پەلکەزێڕینە)ی بەریتانیا لەساڵی ١٩٩١ کە من بەرپرسی بوومو Kurdish community of London کۆمەڵەی کوردی لەلەندەن پاڵپشتی دەکرد، پێکەوە لەگەڵ ئەسعەد سیڕاجەدینی و سامان خەفاف و ئەو خاتوونەو کۆمەڵێکی تریش بووین کارمان دەکرد. ئەوکات سەرەتای ڕاپەڕینی کوردانی باشوور بوو، ئەو خاتوونە ڕۆڵێکی بێوێنەی لەگواستنەوەی هەواڵەکانی ڕاپەڕین گێڕا. وەک گوتی»دەتوانم هەر ئەوە بڵێم لەمێژووی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کوردیدا یەکەم کەسێکە بتوانی ناوی ببەی یان جێگەو ڕێگەو شەخسییەتی لەڕاگەیاندنی کوردیدا دابنێت. بەداخەوە بەبێ دەنگی مرد، حەقی خۆیەتی میدیای باشووری کوردستان کە ئازادە لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو خانمە پێشکەش بکات، تا بزانین ئەو خانمە چ خزمەتێکی بە میدیا کردووە». لەکۆتاییدا مەزهەری خالقی، خواستێکی خۆی ئاشکراکرد و گوتی بیرم لەوەکردبووە بێتەوە لامان و کاربکەین، بەڵام بیرم لەمردنی نەکردبووە کە لەگەڵ ئەوەشدا حەتمەن وەک ئیسنتیتۆت کارەکانی بڵاو بکەینەوە».

www.nefel.com

# لە کاتی دووگیانی وەرزش لەبیرمەکەن

ئافرەت لەکاتی دووگیانیدا فیسیۆلۆژی لەشی بەگشتی دەگۆڕدرێت. بۆ نموونە: خوێنی زیاتری پێویستەو لەشی ئەستوور دەبێت، پلەی گەرمی لەشی زیاتر دەبێت، بۆیە لەهەمووشتیکدا لەگەڵ ئەو کارانەی کە ئافرەتێکی ساغ دەیکات جیاواز دەبێت. پێوستە ئەو جۆرە وەرزشانە بکات کە هیچ زیانێکی پێناگەیەنێت و سوودی لێدەبینێ و دەیپارێزێت.

وەرزش وا لەئافرەتی دووگیان دەکات منداڵبوونەکەشی بەئاسانی بێت، ئەو ژنانەی کە چالاکن و زۆرتر کار و هاتووچۆ دەکەن منداڵبوونیان ئاسانترە لەو ئافرەتانەی بەردەوام دادەنیشن.

زۆربەی کات ئافرەت لەکاتی دووگیانی تووشی نەخۆشی دەوالی دەبن چونکە قورسایی دەکەوێتەسەر پێیەکانی، ئەگەر جووڵەشی پێنەکات ئەگەری خوێن خەستبوونی هەیە، واتە ئەو وەرزشە وادەکات خوێنەکە لەناو لەشی چالاک بێت، ئەو خواردنەی کە دەیخوات لەڕێگای وەرزشکردنەوە وزەی چەوری دەسووتێنی ناهێڵێت ئافرەتەکە زۆر قەڵەو بێت، ئۆکسجین باشتر هاتووچۆدەکات بۆ ناوسییەکانی، هەروەها بەوەرزشکردن بەرگری لەشی زیاد دەبێ و دڵەڕاوکێی نامێنێ و ئارامدەبێتەوە.

ئەو ژنانەی دووگیانن و جۆرەکانی وەرزش نازانن ئەوە باشترین جۆری وەرزش بۆ ئەوان ڕۆیشتن و پیاسەیە. هەروەها مەلەکردن یەکێکە لەو وەرزشانەی کە ئافرەت لەکاتی دووگیانی چالاکدەکات و لەتەنگەنەفەسی و دڵەکوتە دووری دەخاتەوە.

پێویستە ڕۆژانە ژنی دووگیان لەسەر پەنجەکانی قاچی لەنێوان ١خولەک تا٢ خولەک بوەستی، یاخود لەسەرلای چەپی پاڵ بکەوێ و دەستی بخاتەژێر سەری و قاچێکی درێژبکات و قاچەکەی دیکەی بنووشتێنێتەوە. ڕۆژانە ئەوجۆرە وەرزشە دووبارەبکاتەوە ئەمە منداڵبوونەکەی ئاسان دەکات.

هەمووکات ئەو وەرزشانەی قورسن و جووڵەی توندوتیژیان تێدایە بۆ نموونە: ڕاکردن بەخێرایی زۆرو بازدان و چوونەناو گەرماوی زۆر گەرم و بەکارهێنانی ساونەو هەڵگرتنی قورسایی و نووشتاندنەوەی جومگەکانی لەشی پێویستە لێیان دووربکەوێتەوە. هەروەها پێویستە ئەوجۆرە وەرزشانەی کە قورسایی دەخەنە سەرپشت ئەنجامینەدات، چونکە کاریگەری لەسەر خوێنهێنەرەکانی دەبێت. پێویستە ئەو وەرزشانەی کە دەکرێت لە سێ مانگی یەکەم و سێ مانگی کۆتایی زۆر سادەبن، چونکە ئافرەت لەوکاتانە پلەی گەرمی گونجاو نییەو ئەگەر پلەکەی بەرزبێتەوە کاریگەری لەسەر دروستبوونی منداڵەکە دەبێت. لەسێ مانگی کۆتاییش ئافرەتەکە تووشی تەنگەنەفسی دەبێ، بۆیە پێویستە وەرزشەکانی لەژێر چاودێری پزیشک بێت.

ئەوانەی نابێ وەرزش بکەن لەکاتی دووگیانی ئەو ئافراتانەن کە نەخۆشی دڵیان هەیەو هەروەها هەندێک ئافرەت هەیە خۆیان منداڵدانیان شلە، یاخود ئەو سکانەی دووانەن. چونکە ئەگەری ئەوە هەیە پێشوەختە منداڵیان ببێت، یاخود ئەو ئافرەتانەی کە خوێن دەبینن، یان ئەوانەی وێڵاشیان لەخوارەوەیە، یان ئەوانەی شەکرەیان هەیەو کۆنترۆڵیان نەکردووەو فشاری خوێنییان زۆر بەرزدەبێتەوەو ئەستوور دەبن، ئەوانە پێویستە دووربکەونەوە لەوەرزشکردن، چونکە وەرزشکردن خوێن لەهەموو لەش دەباتەناو ماسولکەکانی لەش لەمنداڵدانیش دەبات. ئەگەر خوێن لەمنداڵدان ڕۆیشت خوێن لەمنداڵەکە کەمدەبێتەوە لەو باردۆخە کاریگەری لەسەرمنداڵەکەدەبێت. چونکە نەخۆشی فشاری خوێن وادەکات خوێن بەکەمی بچێت بۆ منداڵدان هەروەها ئەوانەی کەمخوێنییان هەیەو هەوکردنی سییەکانیان هەیە، ئەگەر وەرزشیش دەکەن پێویستە زۆر ئاگاداری خۆیان بن بەڕێنمایی پزیشک بیکەن.

سەبارەت بەکاتی وەرزشکردنی ژنانی دووگیان ئەوا پێویستە لەهەفتەیەکدا سێ ڕۆژ بیکات و لەو سێ ڕۆژە ڕۆژی ١٠تا ١٥خولەک بیکات.

www.netewe.com



# پزیشکی وارڤین

**سنوور بەهزاد، تەمەن ٢٤ساڵ ژنی ماڵەوە:**
هاوسەرەکەم تەمەنی زۆر لەخۆم گەورەترە ناتوانێ بە تەواوەتی رازیم بکات، بۆیە ناچارم لەرێگـــەی خووی نهێنییـــەوە ئارەزووکانم بەتاڵ بکەمەوە، ئەوە زیانـــی هەیە. هەروەها باشترین رێگا چییە بۆ منداڵنەبوون؟

**د.سامیە عەبدولکەریم پسپۆر لەبواری نەخۆشییەکانی ژنان و لەدایکبوونی منداڵان:**
باشترین رێگا چارەسەری سروشتییە کە نەهێڵێت تۆ و ئاوی پیاوەکە بگاتە ناو منداڵدان بیرژێنێت، بەڵام پیاوان زۆر ئـــارەزووی ئەو رێگایـــە ناکەن هەروەها دەتوانـــێ حەبی مەنع بخوات، یان کۆندۆم بەکاربێنن لەکاتی جووتبووندا، یان ســـەردانی پزیشکی تایبەت بکات بۆ رێنمایی وەرگرتن و و دانانی لەولەب تایبەت بەتەمەن و قەبارەی گونجاو بۆ منداڵدان.
گەورەیی تەمەن و جیـــاوازی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر ئەنجامدانی کرداری سێکسی، بەڵام چەند هۆکارێک هەن دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئارەزووی سێکســـی لای پیـــاو ئەمانـــەش وەک: ماندووبوون، سەرقاڵبوون بەکاری رۆژانە، دڵەڕاوکێ، جگەرەکێشان و هەروەها نەبوونی خۆشەویســـتی و ســـۆز لەنێوان ژن و پیاودا، یان لێکنەگەیشـــتن لەکارەکانی رۆژانەو گفتوگۆکانی نێوانیان و چەندین هۆکاری دیکە.. لەو حاڵەتەدا پێویستە ئافرەتەکە خۆی دەستپێشخەربێت و بۆ ورووژاندنی پیاوەکە ئەویش لەرێگای خۆرازاندنەو چوونەپێش لەهاوسەرەکەی لەبەرئەوەی پیاو زۆربەی کات ئـــارەزوو دەکات ژنەکەی دەستپێشـــخەر بێ بۆ کـــرداری جووتبوون. ئـــەوکات هەســـتناکات وەک داواکارییەکـــی لێدێت، بەڵکو دەبێتـــە کردارێک بۆ بەهێزکردنی خۆشەویستی و چێژوەرگرتن لەنێوان ژن و پیاوەکە.
دەربـــارەی دەســـتپەڕەوە ئەوا پێویســـتە بڵێم ئەو کردارە ئاســـاییە، بەڵام بەومەرجەی نەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی زیانی بۆ ســـەر جەســـتەو دەروون، هەروەها مەرج نییە پیاو تەنیا لەرێگای جووتبوونەوە ژن تێر بکات و چێژی پێببەخشـــێت. دەتوانێ بەماچکردن و چەندین رێگای دیکە رازیبکات. لەگەڵ ئەوەش ئەگەر ژنەکە هەر هەست بەتێربوون نەکات، ئەوە پێویستە پیاوەکە ســـەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکات بۆ ئەوەی چارەسەری لاوازی سێکسی بۆ بکات.

خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامـدانـەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت.
لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.

خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانانەی خوارەوە بکەن:

تەلەفۆن: 0662647813 ئیمەیل: sana.sleman@yahoo.com ناونیشانی کۆڤار: هەولێر– شاری خەونەکان



www.netewe.com

### لەبارەی هەڵبژاردنی سەندیکای هونەرمەندانەوە

# ڤیان مایی: یەکێتی و پارتی کەسانێکی ناشارەزایان کردووەتە دەمڕاستی هونەرمەندان

**لەکۆنگرەی هونەرمەندانی کوردستاندا ٧ پیاو بۆ ئەنجومەنی ئەو سەندیکایە سەرکەوتن و ماوەی ٨ ساڵیشە لەدوو قۆناغی (ڕێکخراوی هونەرمەندان، سەندیکای هونەرمەندان) ڕێگەنەدراوە ژنێک بۆ ئەنجومەنی هونەرمەندان سەربکەوێت.**

دوای ٣ ڕۆژ لەبەڕێوەچوونی کۆنگرەی هونەرمەندانی کوردستان، بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی بەشداری کۆنگرە لیستی داهێنان سەرکەوت و ئەنجوومەنی باڵایان پێکهێنا. هەروەک ناوی ڕێکخراوەکەش بۆ سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان گۆڕدراو ١٩٨٣/١/٢ بە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی ئەو سەندیکایە دانرا، بەڵام لەو کۆنگرەیەدا ڕێژەی کچان و ژنانی هونەرمەند نەدەگەیشتە ٥٪ و بگرە کەمتربوو. هەروەک لەئەنجومەنەکەشدا هیچ ئافرەتێکی تێدانەبوو. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستانی پێشوو، دەبوو لەماوەی ٢ ساڵدا کۆنگرەی خۆیان ببەستن، کەچی ئەم ڕێکخراوە ٤ ساڵیان تێپەڕاندو لەسەرەتای مانگی تشرینی دووهەم دەستیان بەخۆئامادەکردن بۆ کۆنگرە کرد. بەشێک لەهونەرمەندان پێیانوایە ئەم کۆنگرەیە کۆنگرەیەکی تەواو حزبیەو ڕاستەوخۆ لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە بەڕێوەچوو وەک ڤیان مایی، دەڵێ **«یەکێتی و پارتی کەسانێکیان هێناوە کە دوو شانۆگەری شکستخواردوویان نمایشکردووە، یان گروپێکی نەزانی هەڵپەڕکێیان هەبووەو ئەوانیان کردووەتە دەمڕاستی هونەرمەندان»**.

ئەگەرچی کۆنگرەکە کۆتاییهات، بەڵام هونەرمەندان پێیانوایە کۆنگرەکە سەرکەوتوو نەبووەو میکانیزمی کارکردنەکەشی هەڵەیە. هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی دەڵێ **«بەڕێوەچوونی کۆنگرەکە لەسەرەتاوە بەسیستەمێکی ڕێکوپێک و بەرنامە بۆداڕێژراو نەهاتووە، تەنانەت باشترین بەڵگە ڕاپۆرتی گشتی ساڵانەی ڕێکخراوی هونەرمەندانی پێشوو ئامادەنەبوو تا بخوێنرێتەوە، ئەمە یەکێکە لەو کەموکورتیانەی کە جێی لێپرسینەوەیە»**. بەپێی زانیارییەکانی وارڤین لەم کۆنگرەیەدا ئەوەی کە زۆرترین گفتوگۆی لەبارەوە کرا پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکاکە بوو، بەڵام ئەوەندەی گفتوگۆکان لەسەر ناو بوو ئەوەندە لەسەر ناوەڕۆک و مافی هونەرمەند نەبوو. هەروەک لەو پەیڕەوە ناوخۆییەشدا هاتووە ناوی ڕێکخراوەکە دەبێتە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و بارەگاکەی لەپایتەختی هەرێمی کوردستان دەبێ و ١٩٨٣/١/٢ش وەک دەستپێکی کارکردنی ئەو ڕێکخراوە دیاریکرا. ئەم ڕێکەوتە ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانی جارانە.

ئەنجومەنی ڕابردووی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان کەلە ١٨ هونەرمەند پێکهاتبوو، هەمووی پیاو بوون، ئەو ئەنجومەنە هونەرمەندانی **«هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک»**ی تێدابوو. هەروەک لە ناوەندەکانیشدا هەریەک لەناوەندی هەولێر و کەرکوک ژنێکی تێدابووەو کاری کردووە، بەڵام ناوەندی سلێمانی و دهۆک ژنی هونەرمەندیان لەگەڵ نەبوو.

ئەم کۆنگرەیەی هونەرمەندانی کوردستان کەلە ٢٥و٢٦و٢٧/١٢/٢٠١٠ لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو، ٢٠٢ هونەرمەند وەک ئەندام کۆنگرە بەشداربوون. لەم ژمارەیە تەنیا ٨ هونەرمەندی ژن هەبوون کە ڕێژەیان ناگاتە ٥٪ی بەشداربووان کە ٤ هونەرمەندی هەولێر و ٣ی سلێمانی و ١ی کەرکوک بوو. دەربارەی ئەوەی ئایا هونەرمەندان خۆیان بەشدارنین یان بەشدارییان پێنەکراوە، ئەنوەر قەرەداغی دەڵێ **«بڕواناکەم کەمتەرخەمی لەخانمەکان بێ، ڕەنگە زیاتری کەمتەرخەمییەکە لەڕێکخراوی هونەرمەندانی پێشووبێت. هەندێکەس وەک ئاگادارم بەتەزکیە هاتوون، هەندێکیش بەهەڵبژاردن. خۆتان دەزانن**

www.netewe.com




لەسلێمانی ڕێژەیەکی باشی ئەو هونەرمەندە کچانە هەن کە لەبواری شانۆ و شێوەکاری و مۆسیقان و بتوانن لێرە ئامادەبن، بەڵام بەداخەوە بۆچی نەهاتوون ئەوە بە کەمتەرخەمی دەبینم». لەبەرامبەر قسەکانی ئەنوەر قەرەداغیدا روپاک عەبدولقادر وەک شانۆکار کەلە ساڵی ١٩٩١ـەوە ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانەو ئەندامی دەستەی کارگێڕی ئەو یەکێتیەش بووە، رای جیاوازی هەیەو دەڵێ «پێموایە ئافرەتان خۆشیان خەتابارن، چونکە لەکۆنفرانسەکاندا بەشدارییەکی کەمیان کردبوو، هیوادارم ژنان خۆیان بێنەناو ئەو بوارە».

لەدوارۆژی دووهەمین کۆنگرەی هونەرمەندانی کوردستان مەراسیمی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی باڵا بەڕێوەچوو و لیستێکی ٧ هونەرمەندی پیاوانە دەرچوون. روپاک عەبدولقادر لەسەر ئەنجومەنەکە قسەی هەیەو دەڵێ «بەداخەوە ئەو ئەنجومەنە نوێیە رەچاوی ئەوەیان نەکرد ژنێکیان لەگەڵ بێ، هەموویان پیاون، هەرچەند ئافرەتان ژمارەیان کەمبوو، بەڵام ئافرەتی بەتواناشمان هەبوو دەیانتوانی ناویان دابنێنن». لەبەرامبەردا نیاز نوری، نەقیبی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوەدەکات ئەوان دڵتەنگن بەکەمی ژمارەی ئافرەتان و بەڵێنیش دەدات کار بۆ زیاتر هێنانەپێشەوەی ئافرەت لەبوارەکە بکات. هاوکات چەتۆ نەورۆز، سکرتێری سەندیکا دەڵێ «دەبوو لەم کۆنگرەیەدا ڕێژەی ژنان زیاتر بووایە تائەوانیش لەدەستەی باڵا هەبوونایە، ئومێد دەکەم لەکۆنگرەی داهاتوو نەک ١٥٪ بەڵکو ٥٠٪ی بەشداران ژنانی هونەرمەند بن». لەبەرامبەر هەموو ئەو قسانەدا ڤیان مایی، رایوایە نەک ژن بگرە هونەرمەندی راستەقینەش لەو کۆنگرەیەدا زۆر کەم بوون «کۆنگرەکە نەک هەر ژنی تێدانەبووە، بگرە زۆر هونەرمەندی راستەقینەی تێدا نەبوو، ئێمە وەک ئەو هونەرمەندانەی هەین و دەمانەوێ چیتر حزب دەستنەخاتە ناو کاروباری هونەرمەندانەوە».

ئەنوەر قەرەداغی، وەک بەرپرسی گروپی کیژانی سلێمانی لەبارەی بەشدارینەکردنی ئەندامانی گروپەکەی لەم کۆنگرەیە رایدەگەیەنێ کە ئەوان خۆیان داوایاننەکردووەو ئەندامێکیشی داوای لێکراوە، بەڵام ئەدای کارەکەی بەدڵ نەبووەو نەیکردووە «ئێمە وەکو تیپ داوا ناکەین ئەنداممان لە کۆنگرە هەبێ، پێویستە ڕێکخراوی هونەرمەندانی پێشوو داوابکات، هەرچەندە بڵاوکرابوویەوە کە کۆنفرانس دەکرێ، بەڵام زۆر بە ساردی بوو، من یەکێک بووم لەئەندامانی ئەنجومەنی باڵا کەچی وەک پێویست ئاگام لەمحاڵەتە نەبوو، لەناو گروپەکەی خۆمان کچێک هات پێیگوتم مامۆستا پێیانوتووم ببمە ئەندامی کۆنگرە، گوتم خۆتان ئازادن، وتی بەڵام نەمەتی کارەکەم بەدڵ نەبووە بۆیە نەچوومە، پێویستبوو لەرێگای هەڵبژاردنێکەوە بێ بۆ ئەوەی ببینە نوێنەرێکی راستەقینە، نەک بەدەستنیشانکردن و تەزکیەو پڕکردنەوەی ژمارەی ئەندامان». ئەگەرچی ئەنجومەنە تازەکەی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بێبەشە لەژنی هونەرمەند، بەڵام ژنانی هونەرمەند ئاواتەخوازن لەناوەندەکان بایەخ بە ژن بدرێ و کاریان بۆ بکرێ هەروەک روپاک دەڵێ «دەکرێ لەناوەندەکان بایەخ بە ژنان بدەن و هەوڵدەن لەو سەندیکایە ژمارەی ژنانی هونەرمەند زیاد بکرێت».

www.netewe.com





# دەرهێنەرێکی ژن: فێستڤاڵی «نا بۆ توندوتیژی

**وارڤین - هەولێر:**

**بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەرێم یەکەمین فێستڤاڵی کورتەفیلمی لەژێرناوی «نا بۆ توندوتیژی» سازکرد، بەڵام ئەوەی بەلای دەرهێنەرێکی ژن لەوبارەیەوە دەڵێ لەو فێستڤاڵەدا توندوتیژی دژ بە ژنان کرا.**

لە ماوەی ٣ ڕۆژداو بەنمایشکردنی ٢٨ کورتەفیلم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەمای هەرێم یەکەمین فێستڤاڵی کورتە فیلمی «نا بۆ توندوتیژی» لەهۆڵی پێشەوای هەولێر سازکرد. وەک بەرپرسانی ئەو فێستڤاڵە بۆ وارڤین رایانگەیاند پێوەری سەرەکی بۆ خەڵاتکردنی فیلمەکان گوزارشت لەپیشاندانی توندوتیژی دژ بە ژنان بوو تا لەورێگەیەوە کۆمەڵگا ئاگادار بکرێتەوە. وەک بەڕێوەبەری گشتی سینەما ناسر حەسەن گوتی **«پرسی توندوتیژیمان کردووەتە پێوەر، لەڕووی هونەرییەوە فیلمی زۆر جوانمان بۆ هاتووە، بەڵام لەبەرئەوەی خزمەتی بابەتەکەی نەکردووە لیژنە نەیتوانیوە بیخاتە بەرنامەی فێستڤاڵ».**

لەکۆی ٢٨ فیلمی بەشداربوو کە١١ کورتەفیلمیان لەبەشی پێشبڕکێ بوو، تەنیا ٣ ژن بەشداربوون. ئەوانیش بریتیبوون لە: **«دەوەن نەوزاد، ڤیان مایی، سیبەل ئاکولاک».** دەوەن نەوزادی دەرهێنەر لەوبارەیەوە گوتی **«هەستدەکەم سیناریۆی فیلمەکەم واقیعی ژیانی کچانی کراوەی ناو کۆمەڵگایە. ئەوەش وایکرد دوای نمایشکردنی فیلمەکە لەنێو هۆڵ کۆمەڵێک کچ بێنە لام، گوتیان کاراکتەری سەرەکی فیلمەکەت ئێمە بووین، بۆیە مایەی دڵخۆشییە، کە توانیومە خزمەتێک بەپرسی ئافرەت بکەم».** لەبەرامبەردا ئەڤین بەهجەت، وەک کچێکی راگەیاندکار ئاماژەی بەوەدا کە **ناوەڕۆکی فیلمەکەی دەوەن گوزارشتی لەژیانی زۆربەی کچان دەکرد، بەتایبەت ئەوانەی لەناو راگەیاندن و سیاسەتدا کاردەکەن».**

لەم فێستیڤاڵەدا کۆمەڵێک کاراکتەریش دەبینران کە بوێرانە نواندنی خۆیان دەکرد. یەکێک لەو کچانەی بوێرانە نواندنی دەکرد هونەرمەندی تازەپێگەیشتوو دڵنیا تەها، بوو کە سنووری نەریت و هێڵە دیاریکراوەکانی کۆمەڵگای کوردستانی دەبەزاند. دڵنیا، لەوبارەیەوە دەڵێ **«لەپێنج کورتەفیلمی ئەو ڤیستڤاڵەدا بەشدارم و ئەمەشم بۆ ئەوە کردووە تا بەورێگەیەوە لەبەرامبەر توندوتیژی دژ بە ژناندا بوەستمەوە».**

لەبەرامبەر هەموو ئەو قسانەدا، جوانە سەعید، وەک دەرهێنەرێکی بواری فیلمسازی پێیوایە لەم فیستیڤاڵەدا خودی ئامادەکارانی فێستیڤاڵ توندوتیژییان بەرامبەر ژنان کردووە. **«ئەم فیستیڤاڵە بەناوی نا بۆتوندوتیژییە، بەڵام هەر لەکاتی وەرگرتنی فیلمەکاندا زۆر رێزم هەیە بۆ لیژنەی دادوەری و لیژنەی بینینی فیلمەکان، بەڕاستی هەستدەکەم توندوتیژییان بەرامبەر ژنێکی دەرهێنەر کردووە کە فیلمەکەی وەرناگرن، بۆیە ئەو دروشمانەی دەنووسرێ بڕوام پێیان نییە، لەبەرئەوەی ئەوان هەمان توندوتیژییان بەرامبەر من کردووە».**

ئەگەرچی ئەم فێستڤاڵە بۆ توندوتیژی بەرامبەر ژنان رێکخرابوو، وەلێ رۆژانە لەکاتی

www.netewe.com








# دژ بە ژنان» توندوتیژی دژ بە ژنان کرد

نمایشکردنی فیلمەکان ژمارەی کچان و ژنانی ئامادەبوو لەناو هۆڵەکە یەکجار کەمبوو، بۆیە هونەرمەندان و ئامادەبووان گلەیی خۆیان لەرێکخراوەکانی ژنان دەکەن کە وەک پێویست لەفێستیڤاڵەکەدا ئامادەنەبوون.

ئەکتەر تەرزە سدیق دەڵێ **«فیستیڤاڵێکی لەمشێوەیە پێویستە زۆرینەی ئامادەبووانی رەگەزی مێیینە بن، بەڵام بەداخەوە ئەو ئامادەبییە نابیندرێت، لەکاتێکدا کە زۆربەی فیلمەکان باس لەئێش و ئازاری مێینە دەکات و زۆر لەنهێنی ئافرەتان دەردەخات»**.

تەحسین فایقی فیلمسازیش رای خۆی هەیەو دەڵێ **«من گلەیی یەکەم و کۆتاییم لە ئافرەتانە، کۆمەڵێک رێکخراوی ئافرەتان و ژنان هەن، دەبوو زۆرترین رێژەی ژن لەوفێستڤاڵە بەشداری هەبوایە کەچی تەنیا پیاوان دەبینران»**.

شەهلا جاف، وەک کچێکی چالاکی بواری راگەیاندن ئاماژەبەوە دەکات کە ئەم فێستیڤاڵە بەگرنگییەوە لێینەڕوانراوە سازکردنی فیستیڤاڵێکی لەو شێوەیە زۆر گرنگە، بەڵام بەداخەوە فێستڤاڵێک بەناوی کورتەفیلمی **«نا بۆ توندوتیژی دژ بە ئافرەتان»** کە لە هەولێری پایەتخت سازدەکرێت، لەرۆژی یەکەمی ئەو فیستیڤاڵەوە دەبێ خەڵکێکی زۆر بێنە هۆڵەکە بەتایبەت ئافرەتان و کەسایەتییە دیارەکان، بەڵام کەسی وامان نەدی و فێستڤاڵەکە بەسادەیی سازکراو زۆر بەگرنگەوە لێینەڕوانرا. ئەو هەروەها دەڵێ، **«لەهەمووشی خراپتر ئەوەیە ئێمە لەهۆڵەکە ئافرەت نابینین. هیوادارم ساڵانی داهاتوو ئافرەتان خۆیان گرنگی بەمبوارە بدەن»**.

لەرۆژی کۆتایی فیستیڤاڵەکەدا بەڕێوەبەرانی فێستڤاڵ هەریەک لە «**دەوەن نەوزاد، ڤیان مایی**» وەک دوو دەرهێنەری بەشدار لە فیستیڤاڵ و دڵنیا تەها وەک ئەکتەرێکی بوێری بەشدار لە ٥ کورتە فیلم، خەڵاتکران. لەبارەی ئەو خەڵاتکردنەوە ناسر حەسەن، گوتی»**ئێمە ئەو هەنگاونانەمان بۆ ئەوەیە ئافرەتان و کچان هانبدەین و زیاتر بێنەناو بوارەکە، هەربۆیەش دەستپێکی فێستیڤاڵمان بەفیلمی ئافرەتێک بوو، کۆتاییەکەشیمان بەفیلمێکی دیکەی دەرهێنەرێکی ژن بوو»**.

بینەرانی فێستیڤاڵ پێیانوابوو بەشی زۆری فیلمەکان تەنیا کێشەکانی کچان و ژنانی کوردیان خستەڕوو، دەبوو لەبەشێکی فیلمەکاندا چارەسەرییەکانی کێشەی ژنیش خرابووایەڕوو، لەم فیلمانەی بینیم زۆربەیان کێشەکان و رووداوە راستەقینەکانیان گواستەوە، بەڵام پێویستە ئێمە بەدوای چارەسەری کێشەکان بگەڕێین و ئیدی هەوڵدەین قسە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی ژن بکەین، نەک تەنیا کێشەکانیان بخەینەڕوو.

لەم فێستڤاڵەدا هەریەک لەدەرهێنەرانی بەشدار لەروانگەی خۆیانەوە سەیری کێشەی ژنیان کردبوو، بەڵام خاوەنی جوانترین سیناریۆ کورتەفیلمی هێلین بوو کە لەژوورێکی داخراودا باسی لەژیانی ژنێکی شێوەکار دەکرد. ئەو دەیویست لە ژیان بەردەوام بێت، بەڵام یادگارییەکانی نەیاندەهێشت. تادواجار لەناو دیوار شوێنێکی بۆ خۆی هەڵکەند و بوو بە پەیکەرێک.

www.netewe.com

# لۆکە لە ڕاگەیاندن تووڕەیەو بۆ هەڵکەوت زا



**وارڤین – تایبەت:**

**خانمە گۆرانیبێژ لۆکـــە زاهیر لەهەڤپەیڤینێکی تایبەت لەگەڵ وارڤیندا باسێکی گرنگ و تووڕەیی خۆشی لە ڕاگەیاندنەکان دەخاتەڕوو، هەروەک ئاماژەش بەوە دەکات کە زۆربەی بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی خۆیەتی.**

**وارڤین: بۆ ئەلبوومی ئەمجارەت مەقاماتە؟**

– لۆکە: حەزێکی خۆم بوو کە دەمویســـت لەو بوارەشـــدا کارێکی باش بکەم. خۆشـــبەختانە ســـەرکەوتنێکی گـــەورەی بەدەســـت هێنـــا، دواتریش یەکەمجـــارم بوو کە ئەلبومێکم هەبێ کە سەرجەمی مەقامات بێت.

**وارڤین: لەقســـەکردندا نەرم و لەسەرخۆی ئەو جـــۆرە ڕەفتارکردنەت بۆ ســـەلماندنی ئەوەیە بڵێی لە ڕەفتاریشدا نەرم و نیانی؟**

– لۆکە: من کەســـێکی لەســـەر خۆم و هێمنیم پێخۆشە.

**وارڤیـــن: کە چـــاوت بە نەســـرین شـــێروان و ئایشەشـــان دەکـــەوێ حەزدەکـــەی چـــۆن کاربکەی؟**

– لۆکە: هەرکەســـەو ڕیچکەو ستایلی تایبەتی خۆی هەیە، لەگەڵ خۆشەویستیم بۆ ئەو گەورە هونەرمەندانـــە من دەمەوێ تەنیـــا لۆکە بم و کەسیتر نا.

**وارڤین: کێشـــەی ژن لە کوردســـتان بە زەقی بوونی هەیە، هەڵوێستی تۆ لەسەر ئەو کێشەیە چییەو کـــەی بیر لەوە دەکەیـــەوە بۆی بێیتە دەنگ؟**

– لۆکە: لەراستیدا زۆرن ئەو کێشانە، زۆرداری دەکـــرێ بەرامبەر بەئافرەت بەگشـــتی، پێش من پێویســـتە حکومەت بەئەرکی زەمینەخۆش کردن هەڵسێ بۆ نەمانی ئەم ڕەوتەو دواتریش میدیاکان کەمتەرخەمن بەرامبەر ئەم دیاردەیە.

**وارڤین: کلیپەکانت بەشێوازێکی جیاواز دەکەی و دەتەوێ نیشـــانی بدەی کـــە ڕەگەزی مێیش دەبێ هەســـت و سۆز دەربڕن. کاردانەوەی ئەم شتە چیبووە؟**

– لۆکـــە: بێگومان من وەک خۆم هەموو مافێک بەخۆم دەدەم بـــۆ کار کردن بەتایبەت لەکارە هونەرییەکانمدا دەبێ ئەو دەرگایەنە بکرێتەوە کە بوونەتە بەربەســـت بەرانبەر پێشـــکەوتنی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردستاندا.

**وارڤین: لەگەڵ چڕینی مەقامات بیرت لەچڕینی حەیران نەکردووەتەوە؟**

– لۆکـــە: هەموو کارێـــک کات و زەمەنی خۆی هەیە. حەز ناکەم قسە لەسەر شتێک بکەم کە نەمکردبێ، گـــەر کارێکی هونەریم کرد ئەوکات باسی دەکەم.

**وارڤین: جوانی لۆکە مکیاجە یان سروشـــت و ڕوخساری ڕاستەقینەیە؟**

– لۆکـــە: مـــن مرۆڤێکـــی سروشـــتیم، هەموو کەسێکیش بەشی خۆی مکیاج ئەکات.

**وارڤیـــن: چـــی دەشـــنێ و لۆکـــە پێکـــەوە دەبەستێتەوە؟**

– لۆکە: هونەرمەندیـــن و هەردوو لامان کار لەگەڵ مامۆستا هەڵکەوت زاهیر دەکەین.

**وارڤین: خوداپەرســـتی و ئایین بەلای تۆوە چی دەگەیەنێ؟**

– لۆکـــە: زۆر ڕێـــزم بـــۆ سەرجەم ئایینەکان هەیەو من بۆ خـــۆم نزیکم لە ئایین.

**وارڤیـــن: ســـۆز و خۆشەویستییەکی زۆر بـــە بەرهەمەکانتـــەوە دیـــارە. کێیـــە ئەو کـــوڕەی دڵە پـــڕ لە ســـۆزەکەتی بـــردووە، یاخود مەرجی تۆ چییە بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر؟**

– لۆکە: هونەر داهێنانە. ئەو پرسیارە لە مامۆستا هەڵکەوت زاهیـــر بکـــەن. مەرجەکانیش هێشتا دیار نین.

**وارڤیـــن: لـــەدەرەوەی کاری هونـــەری حـــەزت دەکـــرد چ پیشەیەکی دیکەت هەبووایە؟**

– لۆکـــە: هیچ، تەنیـــا هونەر و هەندێجار حەز بە ئەسپســـواری دەکەم.

**وارڤین: تۆ چی بە گەنجانی کورد**

جگە
لە هونەر حەز
لە ئەسپسوارییە

www.netewe.com

# هیریش بەردەوام نابێ





**دەڵێ و چۆن دڵشادیان دەکەی؟**

- لۆکە: هەمیشە کار بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان ئەکەم و بەتایبەت گەنجەکان زۆرم پێخۆشە لەکارەکانم ڕەزامەندبن.

**وارڤین: دوای ئەوەی وەک گۆرانیبێژی ساڵ هەڵبژێردرای هەستت چییە؟**

- لۆکە: زۆر دڵخۆشم، هەستمکرد ماندووبوونم بەفیرۆنەچووە. سوپاس بۆ هەمووڵایەک و بەتایبەت بەڕێز کاک تەها بەرواری و هەروەها سوپاسی کاک ئەمیر حاجی داود کە نەیهێشت ئەم هەنگاوە بەفیرۆ بچێ، سوپاسیش بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.

**وارڤین: تۆ گوتت لەئایین نزیکی. بۆچی تائێستا بیرت لەتۆمارکردنی بەرهەمێکی ئایینی یان نیشتمانپەروەری نەکردۆتەوە؟**

- لۆکە: هەردوو پرۆژەکە لەرێگەمدایەو کاری لەسەر ئەکەم.

**وارڤین: ئەو هونەرمەندە کێیە بەخیلی پێدەبەی و حەزدەکەی وەک ئەو کاربکەی؟**

- لۆکە: بەخیلی بەکەس نابەم، تەنیا پێمخۆشە بگەمە ئاستی هونەرمەندی گەورە ئەسمەهان.

**وارڤین: بۆچی تەنیا لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر کاردەکەی؟**

- لۆکە: چونکە تەنیا بڕوام بەداهێنانی ئەوە. مامۆستا قوتابخانەیەکی گەورەیەو هەر ئەویش دەبێ تا من گۆرانی بڵێم.

**وارڤین: تائێستا خاوەنی ٣ ئەلبوومی، پڕۆژەی داهاتووت چییە؟**

- لۆکە: ساڵی ٢٠١١ پڕۆژەی زۆر گەورەم لەبەردەستدایەو دواتر دەزانرێ پڕۆژەکان چین و چۆنن.

**وارڤین: هیچیەک لەئەلبومەکانت بەقەد ئەو ئەلبومەی دواییت پڕفرۆش نەبووە. بۆچی؟**

- لۆکە: نا. هەموو ئەلبومەکەنم پڕفرۆش بووە هەریەکەو بەپێی خۆی.

**وارڤین: لەئێستادا پێتوایە لەناو کورد هونەرێک هەبێ بەناوی هونەری ژن؟**

- لۆکە: بێگومان هەن و زۆریش بوون. مامۆستا هەڵکەوت زاهیر چەندین هونەرمەندی ئافرەتی هێنایە پێشەوەو دروستیکردن.

**وارڤین: لەروانگەی تۆوە خۆشەویستی تۆ چ واتایەکی هەیە؟ ئامادەی بەبێ بوونی خۆشەویستی لەگەڵ کەسێک زەواج بکەی؟**

- لۆکە: خۆشەویستی جوانترین بوونی ژیانە. نەخێر بەهیچ شێوەیەک ئامادەنیم بەبێ بوونی خۆشەویستی زەواج بکەم.

**وارڤین: بەوپێیەی لەکلیپەکانت نواندنێکی جوان دەکەیت، تائێستا بۆت ڕێکنەکەوتووە لەکارێکی درامی یان سینەمایی بەشداری بکەی؟**

- لۆکە: پێمگوتراوە، بەڵام هێشتا بیرم لێنەکردۆتەوە.

**وارڤین: جیا لەو هونەرمەندانەی هەڵکەوت زاهیر کاریان بۆ دەکات، حەزدەکەی لەگەڵ کێ گۆرانییەکی دوێت تۆمار بکەی؟**

- لۆکە: هونەمەندێکی عەرەب، لەبیرۆکەماندایە بۆ داهاتوو. دواتر ناوەکەی ئاشکرا دەکەم.

**وارڤین: دوێتێک لەگەڵ دکتۆرە بەلقیس بۆ؟**

- لۆکە: خۆشمدەوێ هونەرمەندێکی گەورەیە. وەک ئەرکێک حەزم کرد لەگەڵ گەنجان تازە بێتەوە، هەرچەندە بۆ خۆی وەک وەرزی بەهار وایە تا دێ تازە دەبێتەوە.

**وارڤین: ئەگەر پیاوێک هەمان تەمەنی د. بەلقیسی هەبێ و هونەرمەند بێ دوێتی لەگەڵ تۆمار بکەی، کێیە؟**

- لۆکە: بێ گومان کاری واشمان هەیە، لەوانە پێمخۆشە بەرهەمێکی دوێت لەگەڵ مامۆستا محەمەد قەدری و مامۆستا ئۆمەر دزەیی تۆمار بکەم.

**وارڤین: بۆ هەڵبژاردنی لۆکەیشنی کلیپەکانت شوێنی زۆر کوردەواری هەڵدەبژێری بۆ؟**

- لۆکە: پێویستی کلیپەکان وا داخوازێ و خۆشم پێم خۆشە.

**وارڤین: ئەگەرچی ڕاگەیاندنە کوردییەکان بایەخێکی زۆریان پێداویت، وەلێ زۆر لە ڕاگەیاندنەکان تووڕە دیاریت، بۆ؟**

- لۆکە: بە داخەوە زۆر لە ڕاگایەندنە کوردییەکان کاری ڕاگەیاندن نازانن.

**وارڤین: بەبێ هەڵکەوت زاهیر لۆکە لە هونەر بەردەوام دەبێ؟**

- لۆکە: نەخێر...

**وارڤین: بەشێک لە جەماوەر ڕایان وایە ئەگەر هەموو کارەکانت لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر نەبێ و لەگەڵ ئاوازادانەری دیکەش کاربکەی جەماوەرت زیاتر هەبێ و سەرکەوتووتریش دەبیت، تۆ ڕات چۆنە؟**

- لۆکە: لەو بڕوایەم ئەگەر کارێکم لەگەڵ مامۆستا هەڵکەوت زاهیر نەبێ کەس ناوی نابا، نموونەش زۆرە چەند هونەرمەندێک دوای مامۆستا هەڵکەوت زاهیر کاریان کرد بەهیچ شێوەیەک دەنگ دانەوەی نەبوو.

**وارڤین: تێکستی بەرهەمەکانت چەندە ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی خۆتە؟**

- لۆکە: تا ئەندازەیەک زۆریان ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی خۆمن.

**وارڤین: ماوەیەکە لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا کەم دەردەکەوی، خۆت ناتەوێ یان شتی دیکەی لە پشتەوەیە؟**

- لۆکە: من ئامادەنیم لەهەموو شوێنێک دابەزم و دیاربکەوم.


www.netewe.com



## ئاوڕێک لە مێژووی ئەکتەری سینەما

# سۆفیا لۆرین
# (ڕۆما ١٩٣٤)

**سامان عەلی سابونچی**





لەجیهاندا بەناودارترین ئەکتەری مێژووی سینەماو ئەستێرەی گەشی سینەمایی سالآنی شەست و حەفتاکان هەژماردەکرێت. بەردەوام لەفیلمە ئەمریکی و ئەوروپییەکاندا بەشداربووە، لەماوەیەکی کورتی تەمەنی کارەکانیدا سوپاس بۆ لێهاتوویی، جوانی، بەژنرێکی و خولیای بۆ کارەکەی لەجیهاندا دەناسرێ لەسەر ئاستی هونەر و شێوازی بینینی ئەو رۆڵانەی پێیدەسپێردرێت. لەساڵی ١٩٦٢و ١٩٩١دا وەک یەکەم ئەکتەرو رۆڵی سەرەکی و دواتر وەک باشترین هونەرمەند لەژیانی کاری هونەریدا خەڵاتی ئۆسکار بەدەستدەهێنێ و چەندین خەڵاتی دیکەی بواری سینەمای بەدەستخستووە. تەمەنی گەنجێتی لەبارودۆخێکی ئابووری سەختدا بەسەر بردووە، لەپێناو بەدیهێنانی داهاتوویەکی باشترو گەیشتن بەئاواتەکانی هەوڵی زۆری داوە.

سۆفیا ڤیللانی شۆکۆلۆنێ (ناوی هونەری سۆفیا لۆرین)، لەدایکێک «رۆمیلدا ڤیللانی» کە مامۆستای پیانۆ بووەو لەباوکێک «ریکاردۆ شۆکۆلۆنێ» کە تەنیا سێ تاقیکردنەوەی مابوو بۆ بوون بەئەندازیار وازی لەخوێندن هێناوەو خەریکی کاری بیزنز بووە، لە ٢٠ی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٣٤ لە رۆما کاتژمێر ١٤:١٠ هاتۆتە دونیاوە. دایک و باوکی هاوسەرگیریان پێکنەهێناوە، بۆیە کاتێک لەدایکدەبێت بەناوی خێزانی دایکییەوە ناونراوە. بەهۆی رازینەبوونی باوکیشی بۆ هاوسەرگیری، رۆمیلدا تووشی کێشەی خراپی باری ئابووری دەبێ و لەرۆماوە دەگەڕێتەوە «پۆتسوۆڵی– نزیک شاری ناپۆلی» بۆ لای کەسوکاری خۆی. سۆفیا لۆرین خوشکێک «ماریا– ١٩٣٨» و دوو برای لەباوکێکیتر «جولیانۆ–١٩٤٣ و جوزێپێ– ١٩٤٦» دەبێت. تەمەنی منداڵی لەپۆتسوۆلی بەسەردەبات، شەڕی جیهانیشی بەسەردا دێت. دەکرێت بگوترێ بەهەژاری گەورە بووە. لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا لەگەڵ دایکیدا دەگەڕێنەوە رۆما بۆ گەڕان بەدوای کارو داهاتوویەکی باشدا. بۆ ئەو مەبەستەش بەشداری چەندین پێشبڕکێی لەشجوانی دەکات، دوا بەشداری کە دەبێتە دەرگایەک بۆ هاتنەژوورەوەی بۆ نێو جیهانی هونەرو سینەما ساڵی ١٩٥٠ دەبێت کە بەشداری لە پێشبڕکێی شاجوانی ئیتالیا دەکات و خەڵاتی شای بەژنرێکی بەدەستدەهێنێت.

سۆفیا لۆرین، هێدی هێدی لەبەکارهێنانی وێنەکانیەوە بۆ گۆڤارەکانی «فۆتۆ رۆمانسۆ» وە دەستپێدەکات، تابەشداریکردن لەچەند فیلمێکدا، لە کۆمبارسەوە تا هەندێک رۆڵی بچووک لەفلیمە سینەماییەکاندا. لەدوای ساڵێک کارو رۆڵی بچووک، لەساڵی ١٩٥١ دا ئامادەی پێشبڕکێیەک دەبێ کە «کارلۆ پۆنتی (١٩١٢ – ٢٠٠٧)» بەرهەمهێنەری بەناوبانگی ئیتالی بۆ فیلمی سینەمایی سازی دەکات.

لەچاوپێکەوتنەکەیاندا، کارلۆ پۆنتی سەرسام دەبێت بەلێهاتوویی ئەو کچە گەنجەو وازۆی

گرێبەستێکی شەش ساڵەی لەگەڵدا دەکات. ئەم کارە نوێیە، بۆ سۆفیا دەبێتە پشتگیرییەک کە ژیانی دابینبکات و ناساندنێکی راستەوخۆ دەبێت بەجیهانی سینەماو دواتریش هەموو ژیانی لەگەڵ کارلۆدا دەبێت.

یەکەم فیلم کە رۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت، لەساڵی ١٩٥٣ دا لە فیلمی «کارۆزێللۆ ناپۆلێتانۆ»دەبێت. دواتر فیلمی «لێئۆرۆ دی ناپۆلی- ١٩٥٤»و دواتر لەهۆڵیود دەستبەکار دەبێت لەگەڵ ئەکتەرە بەناوبانگەکانی سینەمای ئەمریکی ئەوکاتە لەجیهاندا، وەک «کاری گرانت (١٩٠٤ – ١٩٨٦)» ئەکتەرێکی ناوداری ئەمریکی بەرەگەز بەریتانی «ولیام هۆڵدن (١٩١٨ – ١٩٨١)»، «مارلۆن براندۆ ١٩٢٤ – ٢٠٠٤»، «کلارک گابل ١٩٠١ – ١٩٦٠» و چەندین ئەکتەری دیکە.

سۆفیا لۆرین و کارلۆ پۆنتی (خاوەن کارەکەی) دوای ماوەیەکی کورت بەسەر کارکردنیاندا، لەگەڵ هەبوونی جیاوازییەکی زۆر لەتەمەن، پەیوەندییەکی سۆزداری دەستپێدەکەن. لەکاتێکدا کارلۆ «جولیانا فیاستری» هاوسەری دەبێ و خاوەنی دوو منداڵ دەبن. ئەم پەیوەندییەیان دەبێتە هۆی جیابوونەوە لەیەکتر و مارەکردنی سۆفیا. ئەمەش بێکێشە نابێت، بەهۆی ئەوەی یاسای ئیتالیا رێگەنادات بەماوەیەکی کەم ژنی یەکەمی تەڵاق بدات و سۆفیا مارە بکات، هەردوکیان ئیتالیا جێدەهێڵن و دەچنە فەرەنسا نیشتەجێدەبن و ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن و لەساڵی ١٩٦٤ دا رەگەزنامەی فەرەنسی وەردەگرن. دواتر دەچنە ئەمریکا و دوو کوڕیان دەبێ کە ئەوانیش لەدونیای هونەر بەدوور نابن «کارلۆ جونیۆر ١٩٦٩»ئەکتەر و ئێستاش بەڕێوەبەری سەمفۆنیای بێرناردینۆیە لە کالیفۆرنیا – ئەمریکاو «ئێدواردۆ١٩٧٣-» دەرهێنەری سینەمایی.

ساڵی١٩٨٠ هەرسێکیان (دایک و هەر دوو کوڕەکەی) لە فیلیمێکدا بەشداردەبن کە تایبەت دەبێ بەبیبلیۆگرافیای ژیانی سۆفیا، بەناوی «مێژووی سۆفیا لۆرین».

کارلۆ پۆنتی، لە ١٠ی یەنیوەری ٢٠٠٧ دا، لە تەمەنی ٩٤ ساڵیدا، لەنەخۆشخانەی جنێف – سویسرا،ماڵئاوایی لەسۆفیاو جیهانی سینەما دەکات.

سۆفیا، دوای بەدەستخستنی ٥٠ خەڵاتی ئەوروپی و جیهانی و ناوبانگ پەیداکردن و سەرکەوتنی لەبوارەکەیدا، ساڵی ١٩٨٠ بڕیاری خۆکشانەوە لەکاری سینەمایی دەدات و سەرقاڵی کاری تەلەفزیۆن و بڕیاری تەرخانکردنی کاتێکی زیاتر بەمێردەکەی دەدات. یەکەم ئەکتەر دەبێت کە دەستبەکاری بیزنز دەکات. ساڵی ١٩٨٢ بە هۆی سەرپێچیکردن و فێڵکردن لەسیستەمی پێدانی باج، هەژدە رۆژ زیندانی دەکرێت.

هەندێک لە تایبەتمەندییەکان و ژیانی تایبەتی خۆیدا سۆفیا لۆرین نوسیوویەتی: پێش لەدایکبوونی یەکەم کوڕی دوو منداڵی لەبارچووە، لەکاتی تۆمارکردنی فیلمەکانیدا بەردەوام ترسی هەبووە، خۆشحاڵییەکی زۆر بووە بۆی دوای وازهێنانی لەرەگەزنامەی ئیتالی و بوونە فەرەنسی. لەساڵی ٢٠٠٥ دا شەرەفی هاووڵاتیبوونی شارەکەی پێبەخشراوەتەوە، ساڵی ١٩٩٦ کراوە بەسەرۆکی لیژنەی بڕیارەکانی فێستیڤاڵی سینەمایی کانی – فەرەنسا، ساڵی ٢٠٠٦ یەکێک بووە لەو هەشت ئافرەتەی شەرەفی گواستنەوەی ئاڵای ئۆلۆمپیای زستانەی لەتۆرینۆ- ئیتالیای پێبەخشراوە، کاتێک یانەی ناپۆڵی (کە ئەو لایەنگری بووە) لەپلە دووی یانەکانی ئیتالیادا یاری کردووە، سۆزی ئەوەی داوە گەر ناپۆلی بەرزبێتەوە بۆ پلە یەکی نایابی ئیتالیا، لەناو یاریگاکەدا نمایشێکی نیشاندانی لەشی بکات. بەڵام ساڵی ٢٠٠٧ کە ناپۆلی سەرکەوت، پەشیمان بووەو رایگەیاند، تەنیا بۆ خۆشی ئەو سۆزەی داوە، ساڵی ٢٠٠٧ و لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا، چەندین وێنەی کرانە رۆژژمێری ساڵانەی «پیرێللی» کە هەر ساڵەو شاجوانێک هەڵدەبژێرێت، لەوەڵامی بۆچی لەشت نیشاننەداوە؟ گوتوویەتی ئەمڕۆ هێندە رووت هەیە کە لەشی خۆیان نیشاندەدەن پێویستی دەکرد، کەسێکیش پیشانبدرێت کە رووت نەبێت.

لەوەڵامی ئەرکی دایکایەتیدا گوتوویەتی: دایک دەبێ دووجار بیربکاتەوە جارێک بیر لەخۆی و جارێکیش بیر لەمنداڵەکەی. لە کۆتاییدا نووسیویەتی، زۆر بەختەوەرم بەوەی دایکێکی زۆر جوان و لەخۆبوردووم هەبووەو هەموو کارەکانم لەچاوەکانی ئەو دەبینم و دیارین بەو.

سۆفیا لۆرین، بەشداری ٩٤ فیلمی سینەمایی و تەلەفزیۆنی کردووە، لەساڵی ١٩٥٠ تا مانگی مارتی ٢٠١٠، ئێستاش لەنێوان ئیتالیا (لەگەڵ هاوڕێ و کەسووکاری) و ئەمریکا (لەگەڵ نەوەکانی) ژیان بەسەردەبات.








www.netewe.com





## هەرجارەی فیلمێک

# دار لیمۆ

### فیلمێکی سادە سەبارەت بە کێشەیەکی ئاڵۆز

**سەلما چۆکدانادات و ژیانە ئازادەکە لەدەست نادات.**
**وەزیری جەنگ لەخەیاڵدا لەناو سەرکەوتندا دەژی، دەنا لەڕاستیدا دۆڕاوی گەورە ئەو خۆیەتی.**

ئا: سیروان رەحیم

**ناوی فیلم:** دار لیمۆ
**ناوی ئۆرژینال:** Lemon Tree
**سیناریۆ:** سەها عارف، ئەران ریکلیس
**دەرهێنان:** ئەران ریکلیس
**بەرهەمهێنەر:** ئەران ریکلیس
**وەڵاتانی بەرهەمهێنەر:** ئیسرائیل، ئەڵمانیا، فەرەنسا
**شوێنی وێنەگرتن:** ئیسرائیل
**ساڵی پێشاندان:** ٢٠٠٨
**کامێرا:** راینەر کلاوسمان
**موزیک:** حەبیب شیهادە
**مۆنتاژ:** تۆڤا ئاشەر
**١٠٦خولەک، ٣٥ ملیم، رەنگاورەنگ**
**زمان:** عەرەبی و عیبری

### دەستپێکێک سەبارەت بە فیلمەکە و دەرهێنەر

ئەوەی بەفیلم و زمانـــی هونەر دەکرێت بۆ زمانی سیاسەت مەحاڵە بکرێت. هەر کەسێک فیلمی دارلیمۆ تەماشـــا بکات ئەو راســـتییە ســـادەیە حاڵـــی دەبێت کە زمانـــی هونەر دەتوانێ باس لەهەموو کێشە ئاڵۆزەکان بکات و دەتوانێ لەناو هەموو گێژاوەکاندا پەیامێگی روون و زەلال پێشکەشـــبکات. دەرهێنەری ئیســـرائیلی ئەران ریکلیـــس (١٩٥٤) باس لەکێشـــەیەک دەکات کێشـــەی وەڵات و گەلەکەیەتـــی. ئەو لەرێگـــەی بۆنی لیمۆوە رەخنەیەکی توندی ئاراســـتەی سیاسەتوان و دەســـەڵاتدارانی گـــەل و وەڵاتەکەی خۆی کردووە. بۆیە ئەو وەڵاتە ئەوەندە لەسەرخۆ و پـــڕ وزەیە، چونکـــە لەئاســـت رەخنەی لەوجۆرە ســـەرنەوی دەکات و دەرهێنەرێکی داهێنەری وەکو ئەران ریکلیس بەدناو ناکات، هەوڵی ریسواکردن و بەناپاک ناسینی نادات. دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل تۆمەتی لەمجۆرەیان نەخســـتەپاڵ ئەو دەرهێنەرە، تۆمەتی وەکو «دەســـتی دەرەوەو تێکدەریماڵەکەمان»، بەپێچەوانەوە ئەو دەرهێنەرە خەڵاتدەکرێت و دەستخۆشی لێدەکرێت.

ئەم فیلمـــەی ئەران ریکلیس کـــە هەڵگری پەیامێکی ئاشـــکرای دژ بەدەســـەڵاتدارانی ئیسرائیل و سیاسەتی چەوساندنەوەی ئەوانە، سیاســـەتێک کە چۆن دژایەتـــی داروبەردی فەلەســـتینی دەکـــەن، ســـەرباری ئەوانـــە رەخنەیەکی سەخت و دژواری لەدووتوێ دایە، کە ئەگەر چەوســـێنەر کۆتایی بەسیاسەتی چەوســـاندنەوەو سەردەستی نەهێنێت، ئەوا رووداوەکە بەشکستی خۆی کۆتایی پێدێت. دەرهێنـــەر ئەران ریکلیس وەکـــو مرۆڤێکی جوولەکـــە، سیاســـەتڤان و دەســـەڵاتداری ئیســـرائیلی رووبـــەڕووی رەخنەیەکی گران کردۆتەوە، بەڵام بەشـــێوەیەکی سادە، سادە بۆ ئەوەی هۆش و ئاوەزیان بەجۆرێک بدوێنێت و بەشێوەیەکی روون پێیانبگەیەنێت ئەوەی ئێـــوە دەیکـــەن بەبەندکردن و تێکشـــکانی خۆتان دەشـــکێتەوە. لەبری چەوساندنەوەی ئەوانـــی دی، لەبـــری بڕینـــەوە دارەکان و بەرزکردنەوەی دیـــوارەکان، یەکتر بدوێنن، قسە بکەن و لەیەکتر بگەن. ئەو دەرهێنەرە بەشێوەیەکی ســـادە، دەستی خستۆتەسەر کێشەکی ئاڵۆز و زۆر ئاسان پەیامی خۆی، کە پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیانە، بەشێوەیەکی سروشتی گەیاندووەتە هەمووان.

فیلمەکـــەی ئـــەران ریکلیس، جگـــە لەوەی فیلمێکـــە لەئاســـتێکی هەرەجوانی هونەری و چێژبەخشـــیندایە، هەروەها بۆ هەڵوێستی ئەو هونەرمەندە فیلمســـازە جوولەکەیە بووە بەســـەرچاوەی رێزێکی زۆر کە بەو چەشنە، بێ ســـەربەخۆ و سروشتییە، لایەنگری مافی مرۆڤـــە، ئیتر با ئەو مرۆڤە ســـەر بەئایین و نەتەوەکەی خۆیشی نەبێت.

فیلمی دارلیمۆ، هەڵگری پەیام و هەڵوێستێکە کە دەبێ هەموو مرۆڤێکی هۆشـــیار خاوەنی ئەو نرخانە بن و بێ ســـڵەمینەوە کار بۆ ئەو بەها جوانانە بکەن.

دەرهێنەر ئـــەران ریکلیس بابەتێکی کردووە بـــە فیلم چەندین دەیەیـــە زۆر هێز، لایەن و

www.netewe.com






کەسایەتی هەوڵی تێگەیشتن و چارەسەرکردنی دەدەن و تائێستە تروسکەی ڕووناکبوونەوە لەوبارەیەوە نەخویایە.

سەرباری هەموو ئەوانەیش لایەنێکی دیکەی گرنگی ئەم فیلمە ئەوەیە بەرهەمێکی ئیسرائیلییە، کە بەو چەشنە مافی مرۆڤی فەلەستینی دەپارێزێت.

## ناوەڕۆک

سەلما، بێوەژنێکی عەرەبی فەلەستینییە، خەڵکی کەناری ڕۆژئاوایە. باخی دارلیمۆی لەباوکییەوە بەمیرات بۆ ماوەتەوەو لەو باخەدا کاردەکات و ئەو باخە سەرچاوەی داهاتی ئەو بێوەژنەیە. جگە لەسەرچاوەی داهات، بووە بەرووبەری ژیان بۆ ئەو خانمەو هۆگری بۆن و بەرامەی باخەکە بووە. ئەو ژیانێکی ئارام و سادە لە ماڵ خاکی و باخە جوانەکەیدا بەسەردەبات.


بەڵام لەناکاو ژیانی ئارامی ئەو ژنە دەشێوێت، ئەو دەمەی وەزیری بەرگری ئیسرائیل ماڵ دەگوێزێتەوە ئەو ناوچەیەو لەگەڵ «میرا»ی ژنی لەپاڵ باخی دارلیمۆ نیشتەجێدەبن. پارێزڤانەکانی وەزیری بەرگری دارستانی لیمۆی سەلما وەکو هۆکاری مەترسی دەنرخێنن، وەکو ئەگەری گەورەی سەرچاوەی هەڕەشەی دەبینن. بۆیە یەکسەر تەلبەندی بەدەوردا دەکەن و قولەیەکی چاودێرییش قوت دەکەنەوە. بەڵام ئەمە تەنیا هەنگاوی یەکەمەو لەپاشاندا بیر لەوەدەکەنەوە کە دارستانەکە نەهێڵن و لەبری لەناودانەی دارەکانیش سەلما قەرەبوو بکەنەوە. بەڵام سەلما، ڕەتیدەکاتەوە. سەلما، دەکەوێتە خۆی، دەچێتە لای چەند کەسێک و داوای کۆمەکیان لێدەکات، بەڵام ناتوانن هاوکاری بکەن، تا دواجار پارێزەر «زیاد داود» فایلی ئەو کێشەیە دەگرێتەئەستۆ و لەدادگا بەرگری لە سەلما دەکات. بەرگری لە سەلمای بیوەژنی عەرەب، لەدژی وەزیری بەرگری ئیسرائیل. بێگومان کارێکی ئاسان نییە. دادگا، دادگای باڵای سەربازی وەڵاتەکەیە.

هاوکات بەهۆی هاتووچۆی بەردەوام و یەکتربینینی زۆرەوە لەنێوان سەلمای تەنیاباڵ و زیاد-ی پارێزەردا ئەڤینێکی گەرم و بێدەنگ سەرهەڵدەدات، بەڵام تارمایی کۆنترۆڵی جڤاکی ڕێگەنادات ئەو ئەڤینە بەدەنگی بەرز بسترێ و تەنیا نوزەئاسا دەمێنێتەوە. سەرباری هێزی ئەڤینی پارێزەر بۆ سەلماو کارکردنی بەدەربەست بۆ کێشەکەی، لەدادگای سەربازی سەلما ئەو دۆزە دەدۆڕێنێت، بەڵام ئەو خاتوونە کۆڵ نادات. بەهاوکاری پارێزەری عاشق لەدادگای باڵای ئیسرائیل تێهەڵدەچنەوە. تێکۆشانی بەردەوامی ئەو ژنە لەپێناوی دارستانەکەیدا لەسیاسەتی وەڵات و دەرەوەی وەڵاتدا







ڕەنگدەداتەوەو دەبێ بەبابەتی گەرمی ڕۆژ. ڕاگەیاندنەکانی وەڵاتەکە سەرگەرمی بەدواداچوونی کێشەکە دەبن و پشتگیری زۆر لە سەلما دەکرێت. سەلما، بەوەیش دەزانێ کە تەنانەت میرای ژنی وەزیریش پشتگیری لەم دەکات. هەرچەندە تەلبەندێک ئەو دوو ژنەی لە یەکدابڕیوەو کاتێک میرا تەلبەندەکە تێدەپەڕێنێت ودەیەوێ بچێتە ماڵەکەی سەلما، پارێزڤانەکانی وەزیر، واتە مێردەکەی، دەیگرن و دەیبەنەوە. لەوێدا میرا و بینەران و هەموو چاودێرانی ئەو کێشە کۆنە بۆیان دەردەکەوێت کە کەسێک نییە ئازاد لەو هەرێم و رووبەرە دا.

لەدادگای باڵای وەڵات خاتوونی دادوەر هەوڵدەدات چارەسەرێکی مامناوەندی بدۆزێتەوە. چونکە وەزیر ئەو دارستانە بەسەرچاوەی مەترسی دەزانێ و بۆ سەلمایش سەرچاوەی ژیان و داهاتە. بۆیە دادوەر بڕیاردەدات، نیوەی دارەکان، کە دەکاتە ١٠٠ دار بەجۆرێکی وەها بێنەبڕین کە نەفەوتێن. هاوکات لەبری تەلبەندەکەیش دیوارێکی بەرز و زەبەلاح قوت بکرێتەوە. بەوشێوەیە وەزیر لەمەترسی و سەرچاوەکانی هەڕەشە بێتە پاراستن.

بەڵام لەدیوێکی دیکەی ململانێکەدا وەزیری بەرگری ژنەکەی لەدەستدەدات. میرا، لە سۆنگەی ئەو نادادییەدا دەستبەرداری مێردە دڵڕەقەکەی دەبێت و ماڵەکەی بۆ بەجێدەهێڵێت. چ دیمەنێکی کاریگەرە کاتێک لەکۆتایی ئەم فیلمەدا دەبینین سەلما لەنێو دارەکاندا، دارلیمۆی بڕدراو دەبینێ کە چیدی بەرهەمیان نییەو لەوبەریشەوە وەزیری بەرگری ئیسرائیل لەماڵی تاریک و تەنیای بێ میرای شۆخدا، دیوارێکی زەبەلاح ڕەهەندی هەموو بینینێکی لێگرتووە. دەبینین سیاسەت و چاوچنۆکی پاوانخوازان چۆن دارستانەکان وشک دەکەن و مەودای بینینەکانی بەرتەسک دەکەنەوە.

### ئاستی هونەری

جگە لەوەرگرتنی چەندین خەڵات کەلە ناویاندا خەڵاتی فیلمی ئەوروپای ٢٠٠٨ و خەڵاتی بینەری بەشی پانۆرامای فێستیڤاڵی بەرلینالەی ٢٠٠٨ و هتد، هەبوون، جگە لەهەڵسەنگاندنە ئەرێنییەکانی میدیا، دەنگدانەوەی ئاستی باشی فیلمەکە لەکەشی سینەمای ئەوروپاییدا، دەنگدانەوەیەکی تایبەت بوو.

هەروەها دەرهێنەر هەوڵی بەرچاوی داوەو روون بەکارەکەوە دیارە کە چۆن سەرکەوتوانە، بەشێوەیەکی سادەو بێگرێ، باس لەکێشەیەکی ئاڵۆزدەکات. بەڵام بێئەوەی لەئاستی هونەری و لەئاستی گەورەیی کێشەکەی کەمبکاتەوە. دارلیمۆ، بێدوودڵی فیلمێکە لەبەرهەمە تایبەت و جوانەکانی سینەما. فیلمێک بەتەماشاکردنی دەکەوینە رامانی قووڵەوە، رامانی قووڵ سەبارەت بە هەڵسووکەوتی ناجۆری مرۆڤ لەگەڵ خۆی و ئەوانی دیکەو سروشت و ژینگەدا.

# مەهێڵە زستانم بێ باران بێ



نیشتمان بێنەوا ـ کفری

کات: بێ بارانترین شەوی زستان
شوێن: دەروازەی ئەوینێکی باراناوی
لە(نیشە)وە.. بۆ.. (تەڕترین ئەوینداری وەرزی وشکە ساڵی)
زستانی پڕ لەباران ئەی تەڕترین بارانی من. بارانت تەڕ ئەی باراناویترین زستانی
من!
گیانەکەم! هێندەی تامەزرۆبوونی ئەم زستانە بۆ تنۆکێک باران، هێندەی تینوێتی
خاک بۆ دڵۆپێک باران تامەزرۆی دیداری تۆم. ئای.. گیانەکەم بڕواناکەی بڵێم چەند
شادومانم کە خەریکە ساتی یەکتر دیتن دێتەوە.. ئەها خەریکە باران ئەبارێ و وەرزی
زستانەو تۆش لەگەڵبارانددا دێیت.. ئەی خوایەگیان پڕ بەبینایی چاوانم و هەموو
خانەکانی مێشکم سەرنج و نیگاو زەردەخەنە شیرینەکانت هەڵدەگرم..
لەم مانگی کانونی یەکەمەدا تۆ زستانی منی.. زستانم خۆشئەوێ، چونکە بارانی تێدا
ئەبارێ و بارانیشم خۆشئەوێ چۆن تۆ لە داباریِنی دڵۆپەکانیدا دەردەکەوی!
حەیاتم . لەم زستانەدا تۆ بارانی منی و لەم بارانەشدا تۆ تەڕترین دڵۆپی کە
دائەچۆڕێتەسەر رووحی من!
باوانم ... ئەم ساتەی کە ئەم دێڕانەت بۆ ئەنووسم هێندەی هەموو دونیا دڵتەنگم
کە هیچ هۆکارێک نادۆزمەوە بۆ ئەوەی زووتر شادببمەوە بۆ دیدارت.. خۆ ئەزانی کە
پاییزی تەمەنمان هێندە وشک و بێبارانبوو خەڵکی لە ترسی وشکەساڵی و بێبارانی
لەوپەڕی قەڵەقیدا ژیانیان ئەگوزەراند! منیش بێ ئەوینی تۆ یانی ترس وشکهەڵاتنی
ئەوینت خەریکبوو ئەیکوشتم!
من چاوەڕوانی بارانی هاتنی تۆم لەم وەرزی هەورە گرمەو هەورە بروسکەدا کەچی هەر
نایەیت و منیش هەر چاوەڕێم.
کەسەکەم .. دڵنیام ئەوڕۆژەی کە دێی باران ئەبارێ.. مەگەر باران میهری خودا نییە
بۆ ئادەمییەکانی؟
ئەی مەگەر تۆ میهری خودا نیت؟! کەوایە هاتنی تۆ بارینی بارانە..
ئەو ڕۆژەی کە دێی باران ئەبارێ، بۆیە شادومانم بەهەموو باران بارینێک چون وا
هەستدەکەم تنوکەکان بۆنی تۆیان پێوەیە.. ئەها کە باران ئەبارێ بۆنێکی چەند
خۆش دەشت و دەر دەگرێتەوە .. خەڵکی پێیوایە بۆنی خاکە یا بۆنی باران؟ نازانن کە
بۆنی تۆیە کە گەردیلەکانی میهری تۆ ئاویتەئەبن لەگەڵ گەردیلەکانی خاکی ڕووحی
منداً، ئەو بۆنە خۆشە ئەو کارلێکە کیمیاییەی عیشقە! نمەنمەی باران هەنگاوە نەرم
و لە سەرخۆکانی تۆیە کە بۆلای من دێت.
مەترسە پێڵووی چاوم ئەکەمە چەتر و ناهێڵم تەڕبیت.
دڵنیام کە تۆ دێیت باران ئەبارێ
بەنیازی بارانێکی خۆش.

# «باندێکی مافیایی بازرگانی بە چەک دەکات»

## بەپێی راپرسییەکی دەزگای وارڤین:
## ٧٩٪ی هاووڵاتیان چەک بەهۆکاری بەرزبوونەوەی کوشتن بەپاساوی شەرەف دەزانن

**وارڤین – تایبەت:**
**لەمیانــەی ســمینارێکی دەزگای وارڤین کە بۆ ســنووردارکردنی دیاردەی چەکهەڵگرتن لەهەرێمی کوردستان سازیکرد، داواکرا یاسای ژمارە ١٦ـی ســاڵی ١٩٩٣ی تایبەت بەچەک لەپەرلەمانــی کوردســتان هەمواربکرێتەوە. وێڕای ئەوەی لەســمینارەکەدا راپرســییەک لەبــارەی چــەک خرایــەڕوو و فیلمێکــی دیکیۆمێنتاریــش بەنــاوی «تفەنگــی ژێر کەپرەکان» نمایشکرا.**

### زۆری چەک و رێژەی کوشتن

دەزگای وارڤین بەهــاوکاری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیســی پارێــزگای هەولێر لــە ٤-١-٢٠١١ سمینارێکی لەژێر ناونیشانی سنووردارکردنی دیاردەی چەکهەڵگرتن لەهەرێمی کوردستان لەهۆڵــی چۆپی هوتێل چوارچــرای هەولێر سازکرد. لەلایەن ســەرۆکی دەزگای وارڤین لەنجــە عەبدوڵــلا، ئامــاژە بەناوەڕۆکــی ســمینارەکە کراو هەوڵی ســمینارەکەی بۆ رێگرتن لەدیاردەی مانــەوەی چەک لەماڵان وەســفکردو ئاماژەی بەخاڵێکی مەترسیدار کرد کە نزیکەی ٨٠٪ـی حاڵەتەکانی کوشتن و توندوتیــژی دژ بەژنــان بۆ ئــەو چەکانە دەگەڕێتــەوە کــە لەماڵەکانــدا بەدەســت خەڵکــەوەن. لەنجە عەبدوڵلا، بەپێویســتی زانی یاســای ژمارە ١٦ـی ســاڵی ١٩٩٣ی تایبەت بە چەکهەڵگرتــن هەمواربکرێتەوە. ئەو لەدرێژەی قسەکانیدا هەروەها گوتی کە بەپێی زانیارییــەکان زیاتر لەملیۆنێک کەس لە هەرێمی کوردستان چەکی هەیەو ئەوەش مەترســی بۆ سەر سیســتەمی دیموکراسی هەرێــم دەبــێ و لەلایەنــی نێوەڵەتییەوە کاریگــەری نەرێنی لەســەر کۆمەڵگاکەمان دەبێت.

ئەنجامی راپرسییەکەی وارڤین لەچوارچێوەی ئەم خشتانەی خوارەوە خراونەتەڕوو:

### یەکەم – رەگەز:

لەکۆی ٣هەزارو٨٥٠ کــەس، ٢٤٤٣ کەس و بەرێژەی٦٣٪ رەگەزی نێر بووەو١٤٠٧ کەس و بەرێژەی٣٧٪ی بەشداربووان رەگەزی مێ بووە. ســەبارەت بەتەمەنی بەشــداربووانی راپرســییەکە بەگشــتی هەمــوو تەمەنێکی ســەرووی هەژدەساڵ تا تەمەنی حەفتا ساڵ وەرگیراوەو زۆرینەی بەشداربووانیش لەنێوان تەمەنی ١٨ تا ٣٥ ساڵدابوون.

| رەگەز | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| مێ | ١٤٠٧ | ٣٧٪ |
| نێر | ٢٤٤٣ | ٦٣٪ |
| کۆ | ٣٨٥٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی ژمارەی (١)
تایبەت بە رەگەزی بەشداربووانی راپرسییەکە

### دووەم – ئاستی خوێندەواری:

سەبارەت بەئاستی خوێندەواری بەشداربووان ٤١٩ کەس نەخوێنــدەوارن بەرێژەی (١١٪)، لەئاســتی ســەرەتایی ٦١٦ کــەس بەشــدارییانکردووە، واتە (١٦٪)، ئامادەیی کە زۆرترین رێژەی بەشــدارانی لەخۆگرتووە ١٤٥٨ کەس و بەرێژەی (٣٨٪)ە. دیپلۆم ٥٧٠ بەرێــژەی (١٥٪). بەکالۆریۆس ٦٤٠ کەس و بەرێژەی (١٦٪)، ماســتەر بۆ ســەرەوە کە کەمترین رێژەی (٤٪) و ١٤٧ کەسن.

| ئاستی خوێندەواری | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٤١٩ | ١١٪ |
| بنەڕەتی | ٦١٦ | ١٦٪ |
| دواناوەندی | ١٤٥٨ | ٣٨٪ |
| دیپلۆم | ٥٧٠ | ١٥٪ |
| بکالۆریۆس | ٦٤٠ | ١٦٪ |
| ماستەر و بۆ سەرەوە | ١٤٧ | ٤٪ |
| کۆ | ٣٨٥٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی ژمارەی (٢)
تایبەت بە ئاستی خوێندەواری

### سێهەم - شوێنی نیشتەجێبوون:

لەراپرســییەکەدا هەوڵدراوە دانیشــتووانی ناوچــە جیاوازەکانــی هەرێــم بەشــارەدێ و شــارۆچکەو ناوەنــدی پارێزگاکانــەوە بەشــداری بکــەن و لەوچوارچێوەیــەدا فۆرمەکان بەمشــێوەیە دابەشکراون بەسەر ناوچــە جیاوازەکاندا: لەشــارەدێکاندا ٦٥٦ کــەس بەشــداربوون کــە دەکاتــە (١٧٪)ی بەشــداربووان. لەشــارۆچکەکاندا ١٠٤٨ کــەس بەشــدارییانکردووە، واتــە رێــژەی (٢٧٪). هەروەها ٢١٤٧ کەسیش لەناوەندی پارێــزگاکان کە رێژەیــان دەکاتە (٥٦٪)ی فۆرمەکانیان پڕکردووەتەوە.

| شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| شارەدێ | ٦٥٦ | ١٧٪ |
| قەزا( شارۆچکە ) | ١٠٤٨ | ٢٧٪ |
| شار | ٢١٤٦ | ٥٦٪ |
| کۆ | ٣٨٥٠ | ١٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٣)
تایبەت بەشوێنی نیشتەجێبوون



www.netewe.com

## چوارەم - پێویستییەکانی هەڵگرتنی چەک لەم قۆناغەدا:

لەراپرسییەکەدا پرسیاری ئەوەی ئایا لەم قۆناغەی ئێستادا پێویستدەکات هاووڵاتیان چەکهەڵبگرن ئاراستەی بەشداربووان کراوە. لەکۆی بەشدارانی راپرسییەکە ٢٩٢٧ کەس پێیانوایە «پێویست ناکات» واتە (٧٦٪) بەشداربووان لەو بڕوایەدان کە ئیتر کاتی چەکهەڵگرتن بەسەرچووەو بەهۆی سەقامگیری رەوشی هەرێمی کوردستانەوە پێویست ناکات چەکهەڵبگیردرێت. لەبەرامبەردا تەنیا ٦٧٣ کەس لەوبڕوایەدان «هەڵگرتنی چەک پێویستە» کە دەکاتە رێژەی (١٧٪)ە. هەروەها ٨٧ کەس بەرێژەی (٢٪) وڵامی پرسیارەکەیان نەداوەتەوە، ١٩٣ کەسیش بەرێژەی (٥٪) وڵامی نازانم یان دەستنیشانکردووە.

| هەڵگرتنی چەک پێویستە؟ | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| پێویست دەکات | ٦٤٣ | ٪١٧ |
| پێویست ناکات | ٢٩٢٧ | ٧٦٪ |
| نازانم | ١٩٣ | ٪٥ |
| بێ وڵام | ٨٧ | ٪٢ |
| کۆ | ٣٨٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٤)
پێویستی هەڵگرتنی چەک لەم قۆناغەی ئێستادا

پێنجەم: هەڵگرتنی چەک: لەکۆی ٣ هەزار و ٨٥٠ کەس لەوڵامی پرسیاری ئایا خودی کەسەکە یان یەکێک لەبنەماڵەکەی چەک هەڵدەگرێت؟ ١٣٦٥ کەس و بەرێژەی (٣٥٪) وڵامیان داوەتەوە، کە چەک هەڵدەگرن، بەڵام لەبەرامبەردا زۆرینەی بەشدارانی راپرسییەکە ئەوەیان رەتکردووەتەوە، کە خاوەنی چەک بن و لەکۆی بەشداربووان ٢ هەزار و ٤٨٨ واتە بەرێژەی نزیکەی (٦٥٪) رایانگەیاندووە کە چەکییان پێ نییەو خاوەندارێتی لە چەک ناکەن.

| هەڵگرتنی چەک لەلایەن بنەماڵەوە؟ | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٣٦٢ | ٪٣٥ |
| نەخێر | ٢٤٨٨ | ٪٦٥ |
| کۆ | ٣٨٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٥)
هەڵگرتنی چەک لەناو ماڵ و خێزاندا

شەشەم- هەبوونی چەک لەماڵەوە: لەکۆی بەشداربووانی راپرسییەکە ١٢٠٣ کەس واتە (٣١٪) کە لەماڵەوە چەکیان هەیە، (٦٩٪)ی دیکەش کە ٢ هەزار و ٦٤٧ کەس بوون بەگوێرەی گوتوویانە چەکیان لەماڵەوە نییە.

| هەبوونی چەک لەماڵەوە؟ | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢٠٣ | ٪٣١ |
| نەخێر | ٢٦٤٧ | ٪٦٩ |
| کۆ | ٣٨٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٦)
تایبەت بە هەبوونی چەک لە ماڵەوە

حەوتەم — هۆکاری هەڵگرتنی چەک: سەبارەت بەهۆکاری هەڵگرتنی چەک لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەشداربووان بەمشێوەیە وەڵامیان داوەتەوە. بەرێژەی (٣٥٪) رەوشی ئەمنی بەهۆکار دەزانن. (١٢٪) هۆکاری دوژمندارییان دەستنیشانکردووە، رێژەی (٢٢٪) هەڵگرتنی چەک بەحەزلێکردن دەزانن. بەرێژەی (٢١٪) هۆکاری پیشەی هەڵگری چەک بەهۆکار دەزانن، رێژەی (١٠٪) ی بەشداربووان وەڵامی پرسیارەکەیان نەداوەتەوە.

| هۆکاری هەڵگرتنی چەك؟ | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| نائەمنی | ١٣٤٢ | ٪٣٥ |
| حەز لەهەڵگرتن | ٨٥١ | ٪٢٢ |
| دوژمنداری | ٤٨٠ | ٪١٢ |
| پیشە دەخوازێت | ٧٧٨ | ٪٢١ |
| بێوەڵام | ٣٩٩ | ٪١٠ |
| کۆ | ٣٨٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٧)
تایبەت بەهۆکاری هەڵگرتنی چەک

هەشتەم- کاریگەری هەڵگرتنی چەک لەسەر سیستەمی دادوەری: رێژەی (٧٨٪)ی بەشداربووان کە دەکاتە زۆرینە، لەوبڕوایەدان هەڵگرتنی چەک لەلایەن هاووڵاتیانەوە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر سیستەمی دادوەری هەیەو بەرەو لاوازکردنی دەبات. نزیکەی (١٠٪)ی بەشداربووان بەپێچەوانەوە بیردەکەنەوەو پێیانوایە ئەو دیاردەیە سیستەمی دادوەری لاواز ناکات. رێژەی (١٢٪)یش نازانن کە ئایا هەڵگرتنی چەک سیستەمی دادوەری لاواز دەکات یاخود نایکات.

| چەك و سیستەمی داوەری؟ | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| لاوازی دەکات | ٣٠٠١ | ٪٧٨ |
| لاوازی ناکات | ٤٠٢ | ٪١٠ |
| نازانم | ٤٤٧ | ٪١٢ |
| کۆ | ٣٨٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٨)
تایبەت بەکاریگەری هەڵگرتنی چەک لەسەر سیستەمی دادوەری

نۆهەم- کاریگەری چەک لەسەر رێژەی تاوانی کوشتن بە پاساوی شەرەف: لەم راپرسییەدا بەزۆرینەی رەها بەشداربووان لەوبڕوایەدان کە بڵاوبوونەوەی چەک و هەڵگرتنی لەلایەن خەڵکەوە جا بۆ هەر مەبەستێک بێت کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەیە لەسەر رێژەی تاوانەکانی کوشتن لەسەر شەرەف. لە راپرسییەکەدا ٣ هەزار و ٥٥ کەس، واتە رێژەی (٧٩٪) پێیانوایە هەبوونی چەک لەناو کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی ئەو تاوانە. لەبەرامبەریشدا تەنیا ٣٠٧ بەشداربوو واتە رێژەی (٨٪) دەڵێن چەکهەڵگرتن لەلایەن هاووڵاتیانی مەدەنییەوە نابێتەهۆی بەرزبوونەوەی رێژەی کوشتن بەتاوانی شەرەف و هەروەها ٤٨٨ کەسیش واتە (١٣٪)ی بەشداربووان بە»نازانم» وڵامیان داوەتەوە.

| چەك و زۆربوونی تاوانی شەرەف؟ | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| کاریگەری دەبێت | ٣٠٥٥ | ٪٧٩ |
| کاریگەری نابێت | ٣٠٧ | ٪٨ |
| نازانم | ٤٨٨ | ٪١٣ |
| کۆ | ٣٨٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٩)
کاریگەری چەک لەسەر رێژەی تاوانی کوشتن بە پاساوی شەرەف

دەهەم- هەستی هاووڵاتیان لەکاتی بینینی چەکدا: تەنیا (٧٪)ی بەشداربووان کە ٢٨٥ کەسە گوتوویانە کە کاتێک چەک دەبینن هەست بە»ئارامی» دەکەن، لەبەرامبەردا (٧٠٪)ی بەشداربووانی راپرسییەکە، کە ٢ هەزار و ٦٩٥ کەسن پێیانوایە لەکاتی بینینی چەکدا هەست بە»نائارامی» دەکەن و ٨٧٠ کەس و بەرێژەی (٢٣٪) گوتوویانە هەست بە «هیچ» ناکەن.

www.netewe.com

| هەستی هاووڵاتی لە کاتی بینینی چەك؟ | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ئارامی | ٢٨٥ | ٪٧ |
| نائارامی | ٢٦٩٥ | ٪٧٠ |
| هیچ | ٨٧٠ | ٪٢٣ |
| کۆ | ٣٨٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٠)

هەستی هاووڵاتیان لەکاتی بینینی چەکدا

یازدەهەم: هەڵگرتنی چەک بووەتە دیاردە: لەکۆی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە ٢ هەزار ١٧٩کەس و بەرێژەی (٪٥٧) دەڵێن کە هەڵگرتنی چەک لەکۆمەڵگای هەرێمی کوردستان بووەتە دیاردە. ٧٩٠ کەس و بەرێژەی (٪٢١) پێیانوایە کە نەبووتە دیاردەو ٨٨١ کەس بەرێژەی (٪٢٢)ی دیکەش بە «نازانم»وەڵامیانداوەتەوە.

| هەڵگرتنی چەك بووەتە دیاردە؟ | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢١٧٩ | ٪٥٧ |
| نەخێر | ٧٩٠ | ٪٢١ |
| نازانم | ٨٨١ | ٪٢٢ |
| کۆ | ٣٨٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١١)

تایبەت بە بوون یان نەبوونی هەڵگرتنی چەک بەدیاردە

دوانزەهەم - هەستی هاووڵاتیان لەکاتی هەڵگرتنی چەک لەلایەن هاووڵاتی مەدەنییەوە: ڕێژەی (٪٣٠)ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پێیانوایە لەوکاتەی چەک بەدەست هاووڵاتیانی مەدەنییەوە دەبینن هەست بەترس و دڵەڕاوکێ دەکەن و بەرێژەی (٪٤٩) هەست بەبۆشایی یاسایی دەکەن و(٪٢١) بەشداربووانیش هەست بە نەبوونی ئەمنییەت دەکەن.

| بینینی چەک بەدەست هاووڵاتیانی مەدەنییەوە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ترس و دڵەڕاوکێ | ١١٦٢ | ٪٣٠ |
| بۆشایی یاسایی | ١٨٦٧ | ٪٤٩ |
| نائەمنی | ٨٢١ | ٪٢١ |
| کۆ | ٣٨٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٢)

هەستی هاووڵاتیان لەکاتی هەڵگرتنی چەک لەلایەن هاووڵاتی مەدەنییەوە

سێزدەهەم: بازرگانانی چەک لەهەرێمی کوردستان: هەر وەک لەخشتەی ژمارەی ١٣دا خراوەتەڕوو، ١٠٢٩ کەس لە بەشداربووان کە (٪٢٧) نموونەکەی لەخۆگرتووە، لەوبڕوایەدان کە کادیر و فەرمانبەرانی ناوەندە ئەمنییەکان کاری فرۆشتنی چەک لەهەرێمی کوردستان دەکەن. ٨٨٧ کەس و بەرێژەی (٪٢٣)ی دیکەش هێزەکانی پێشمەرگەو زێرەڤانی بەهۆکاری فرۆشتنی چەک لەهەرێمی کوردستان دەزانن. ١٢٨٨ کەس و (٪٣٣)ی دیکەش پێیانوایە لەهەرێمی کوردستان باندێکی مافیایی لەپشت بازرگانیکردن بەچەکەوەیە. ٦٤٦ کەس و بەرێژەی (٪١٧) دیکەش سەربازە کوردەکانی نێو سوپای عێراق بەهۆکاری بازرگانیکردن بەچەک دەزانن.

| بازرگانانی چەك لە کوردستان کێن؟ | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| کادیری ئەمنی | ١٠٢٩ | ٪٢٧ |
| هێزی پێشمەرگەو زێرەڤانی | ٨٨٧ | ٪٢٣ |
| باندی ماڤیایی | ١٢٨٨ | ٪٣٣ |
| ئەو کوردانەی لەناو سوپای عێراقن | ٦٤٦ | ٪١٧ |
| کۆ | ٣٨٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٣)

بازرگانانی چەک لە هەرێمی کوردستان

چواردەهەم- شوێنی هێنان و ڕەوانەکردنی چەک بۆ هەرێمی کوردستان: ٢٠٩١ کەس لەبەشدارانی ڕاپرسییەکە کە (٪٥٤)ی نموونەکەیە، لەوبڕوایەدان ئەو چەکانەی لەهەرێمی کوردستان بازرگانییان پێوەدەکرێت لەوڵاتانی دەوروبەرەوە بۆ هەرێمی کوردستان دەهێنرێن. (٪٢٧)ی دیکەش کە ١٠٣٧ کەسن دەڵێن ئەو چەکانە لەناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە دەهێنرێنە هەرێم. ٧٢٢ کەس و بەرێژەی (٪١٩)یش دەڵێن هێزە بیانییەکان کە لە عێراق سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان ئەو چەکانە ڕەوانەی هەرێم دەکەن.

| شوێنی ڕەوانەکردنی چەک؟ | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| وڵاتانی دەروبەر | ٢٠٩١ | ٪٥٤ |
| باشوور و ناوەڕاست | ١٠٣٧ | ٪٢٧ |
| هێزە بیانیەکان | ٧٢٢ | ٪١٩ |
| کۆ | ٣٨٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (١٤)

شوێنی هێنان و ڕەوانەکردنی چەک بۆ هەرێمی کوردستان

پانزەهەم- ئەرکی حکوومەتی هەرێم و هەنگاونان بەرەو نەهێشتنی ئەو دیاردەیە: (٪٨٥)ی بەشداربووان داوا لەحکوومەت دەکەن کە هەنگاوی جددی بۆ بنبڕکردنی دیاردەی چەکهەڵگرتن بگرێتەبەر. لەبەرامبەردا تەنیا٤٨٥ کەس کە ڕێژەی (٪١٢)ی بەشداربووان پێکدەهێنن بەپێویستی نازانن، حکوومەت هەنگاوی جیدی بگرێتەبەر. بەرێژەی (٪٣)ش واتە تەنیا ٩٨ی بەشداربوو بۆچوونی خۆیان بە «نازانم»دەربڕیووە.

| پێویستە هەنگاوی جیدی هەڵبگرێت؟ | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٢٦٧ | ٪٨٥ |
| نەخێر | ٤٨٥ | ٪١٢ |
| نازانم | ٩٨ | ٪٣ |
| کۆ | ٣٨٥٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارەی (١٥)

## ڕاسپاردەکان

١. پێویستە پەرلەمانی کوردستان، یاسای ژمارە ١٦ی ساڵی١٩٩٣ی تایبەت بەچەک لەهەرێمی کوردستاندا هەمواربکات، چونکە ئەو یاسایە بۆ بارودۆخی ساڵی ١٩٩٣ شتێکی گونجابوو، بەڵام لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا ناگونجێت، یان پرۆژەیاسای نوێ بۆ پەرلەمان بەرزبکرێتەوەو دوای پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانەوە حکوومەت بەجیدی کار بۆ چەسپاندنی بکات. لەوبارەیەوە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هاژە سلێمان، دەڵێ یاسای ژمارە ١٦-١٩٩٣ تایبەت بەچەک زۆر کەموکورتی هەیەو پێویستی بەهەموارکردن هەیە. چونکە بڕگەکانی ڕون نییەو لەگەڵ سەردەمی ئێستادا ناگونجێت. هاوکات ئەوەشی خستەڕوو ئەگەر ئەندامی پەرلەمانی کوردستان وادەی پەرلەمانتارێتی تەواببوو پێویست ناکات مۆڵەتی چەکهەڵگرتنی هەبێت.

٢. پێویستە هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەلایەن دەزگاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەیارمەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەنێو ماڵەکاندا بڵاو بکرێتەوە کە بەوهۆیەوە زەمینە بۆ نەهێشتنی عەقڵییەتی ڕاگرتنی چەک لەماڵەکاندا خۆشبکرێت. لەو بارییەوە چالاکڤانی بواری مافەکانی مرۆڤ عەلی کەریم، بەپێویستی دەزانێت بەرلەوەی مۆڵەتی چەک



www.netewe.com

لەپارێزگاکاندا بەکەسێک بدرێت، پێویستە کۆرسێکی بۆ بکرێتەوەو ماناو مەترسییەکانی چەکی بۆ شیبکرێتەوە.

٣. پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆکەمکردنەوەی دیاردەی چەکداری هاووڵاتیان لەهەرێمی کوردستان، بەپێی بریارێک چەکەکانیان بکرێتەوەو بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەک پێکبهێنرێت و بەوردی چاودێری داماڵینی چەک لەنێو ماڵەکاندا بکرێت. لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر عەبدولخالق تەلعەت دەڵێ:»چەندین داواکاریمان پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ کردووەو ئەوانیش بۆ حکوومەتیان ناردووە تا چەک لەهاووڵاتییان بکردرێتەوە، چەندین کەیسی وامان لابووە کە بۆکوشتنی یەکتر بیکەیسی بەکارهاتووە.

٤. سنوورەکانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی دەروبەرو و ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەچڕوپڕی کۆنترۆڵ بکرێت و ڕێگەنەدرێت چەک بهێنرێتە هەرێمی کوردستان.

٥. ئەو کادیر و فەرمانبەرانەی لەکاتی راپەڕاندنی کارەکانیان پێویستیان بەچەک هەیە، دوای کۆتاییهاتنی ئەرکەکانیان چەکەکانیان لێوەربگیردرێتەوەو لەشوێنی تایبەت دابنرێت. تەنیا لەکاتی دەوام بۆیانهەبێت چەکهەڵبگرن. زۆربەی بەشداربووانی سمینارەکە لەو خاڵەدا هاوڕابوون.

٦. شوێنی تایبەت بۆ فرۆشتنی چەک دابنرێت و لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە بەتوندی چاودێری بکرێت، بۆ ئەوەی بازاڕی رەشی بازرگانی چەک نەمێنێت. لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر دەڵێ، لەلایەن نووسینگەکانی ئاسایشەوە کۆنترۆڵی بازاڕی چەکفرۆشتن کراوە، بەڵام وەک ئاماژەیدا لەزۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیاشدا بازاڕی چەکفرۆشان هەیە. هەروەها گوتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان عەبدولباست فەرهادی دەڵێ، ئاسایش چاودێری بازاڕەکە دەکات، بەڵام بەدواداچوون نییە. ئەو بڵاوبوونەوەی زۆری چەک لەنێو هاووڵاتیان و بوونی ڕێژەی زۆری چەک لەشارەکانی هەرێمدا بەهۆکارێکی سەرەکی بەرزی ڕێژەی کوشتن دەزانێت.

WARVIN
Foundation for Women Issues (WFW)

٧. ڕێگا لەکۆمپانیاکانی هێنان و فرۆشتنی چەک بگیرێت کە بۆ یاری منداڵان دەهێنرێنە کوردستان، چونکە ئەوە دەبێتەهۆی ئەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵان بەجێبهێڵێت و لەداهاتوو خۆشەویستی و حەزیان بۆ چەک زۆر بکات.

**ئەنجام:**

١. ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی لەهەرێمی کوردستان چەکیان هەیە، بەوشێوەیە بمێنێتەوە کە ئێستا لەسەرووی ملیۆنێکەو ٧٩٪ی بەشداربووی ئەو راپرسییەش بوونی چەک لەنێو ماڵاندا بەهۆکارێک بۆ توندوتیژی دژ بە ژنان دەزانن، وڵاتەکەمان بەرەورووی پرسێکی مەترسیدار دەبێتەوە. هاوکات بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی چەکەوە کاری توندوتیژی بەرامبەر بەژنان بەردەوامی دەبێت و لەلایەکی دیکەشەوە ئەوا لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا کوردستان وەک وڵاتێکی میلیتاری وەسف دەکرێت.

٢. بەپێی ئەو راپرسییە ٣١٪ی هاووڵاتیانی هەرێم جەخت لەوەدەکەنەوە، چەکیان لەماڵەوە هەیەو هۆکارەکەش بۆ نەبوونی سەقامگیری باری ئاسایش دەگەڕێننەوە. لەکاتێکدا ٧٠٪ی بەشداربووان کاتێ چەک دەبینن هەست بەنائارامی دەکەن.

٣. لەو راپرسییەدا بەپێی بۆچوونی هاووڵاتیانی هەرێم ئەوانەی بازرگانی بەچەک دەکەن لەکەسانی نێو هێزی پێشمەرگەو زێرەڤانی و کوردەکانی نێو سوپای عێراقن، بەڵام خاڵێکی مەترسیدار بەلای ٣٣٪ی هاووڵاتیانی هەرێمەوە ئەوەیە، باندێکی مافیایی لەنێو هەرێمدا بازرگانی بەچەک دەکات. ئەو خاڵە بووە جێگەی تێبینی زۆری بەشداربووانی سمینارەکەو داوایان لە پەرلەمانکرد بەدواداچوون بۆ ئەوخاڵە بکرێت.

٤. پەیامی توندی ئیسلامی سیاسی لەهەرێمی کوردستان، گوتاری هەندێ لەو مەلایانەی بەتوندی هێرش دەکەنەسەر ژن، کەلتووری خۆسەپاندنی پیاو بەسەر ژندا، هۆکارگەلێکی دیکەن کە دەرگا بۆ کوشتنی ژنان بەچەک، دەکەنەوە.


٥. لەو راپرسیەدا دەردەکەوێت چەکهەڵگرتن لەهەرێمی کوردستان بووەتە دیاردە، چونکە ٥٧٪ی هاووڵاتیانی هەرێم چەکهەڵگرتن بەدیاردە دەزانن، لەکاتێکدا ٨٠٪ی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان داوا لە حکوومەت دەکەن کە هەنگاوێکی جیدی بۆ نەمانی چەک هەڵبگرێت. لەوبارەیەوە عەلی کەریم دەڵێ بەدڵنیاییەوە چەکهەڵگرتن لەهەرێمی کوردستان دیاردەیەو دەبێ لایەنی پەیوەندیدار بیر لەئالیەتێک بۆ سنوردارکردنی ئەو دیاردەیە بکاتەوە.

## تفەنگی ژێر کەپرەکان

بڕگەیەکی دیکەی ئەو سمینارە نمایشکردنی کورتە فیلمێکی دکیۆمێنتاری بوو بەناوی تفەنگی ژێر کەپرەکان بوو. دەرهێنەری ئەو فیلمە جەماڵ پێنجوێنی بوو و کاتی نمایشی فیلمەکەش ١٢ خولەک بوو. لەو فیلمەدا بازاڕی چەکفرۆشان لەهەولێر پیشاندراو بەپێی چەکفرۆشانیش دەیانگوت کەسانێک دێن بۆ پەرلەمانتار، وەزیر، دادوەر و بەرپرسان چەک دەکڕن. هەروەها کەسانێک پێشاندران چەکیان بۆ منداڵەکانیان دەکڕی. وێڕای ئەوەی لەفیلمەکەدا چەندین نموونەی ژن پیشاندرا کە بوونەتە قوربانی چەک و لەلایەن پیاوەکانیانەوە بەچەک گوللەبارانکرابوون.

www.netewe.com

# بیانوویەک بۆ پەڕاندنەوەی پشێوییەکانی عێرق و میسر بۆ هەرێمی کوردستان



پەخشان زەنگەنە*

سەبارەت بەو ڕووداوانەی لەم چەندهەفتەی دواییدا لەهەرێمی کوردستان ڕوویاندا لەوبڕوایەدام ئەمە شەڕی ئایدۆلۆژی نێوان عەلمانیەت و سەلەفیەت نییەو بەپلەی یەکەم ململانێیەکی سیاسییە لەنێوان دوو دیدو بۆچوونی جیا سەبارەت بەداهاتووی پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان و گەشەسەندنی بیروبۆچوونی سیاسییە لەهەرێمدا. پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کوردستان بەبۆچوونی زۆربەی لایەنەکان هەڵگری بەرنامەیەکی دیموکراتی و مەدەنییە کە ڕێزی مافی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین و تایبەتمەندییەکانی ئازادی ڕادەربڕین و کۆمەڵگەی شارستانی بگرێت و ئەمەش ڕاو دروشمی زۆرینەی لایەنەکانی ناو پرۆسەی سیاسی وڵاتە. لەبەرامبەریشدا پڕۆژەیەکی دیکە هەیە کە تەواو بەپێچەوانەی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستانەو لەوبڕوایەدام ئەمە پرسی ژن و پیاو نییە بەتەنیاو نە پرسێکی ئایدۆلۆژییە هەرچەندە پێویستە ئەوەش بزانین کە ئایدۆلۆژیا ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەداڕشتنی سیاسەتدا. هەڵبەتە من بەو مانایە ناڵێم، چونکە ئەمە تەنیا لەهەرێمی کوردستاندا نییەو ڕووداوێکی کتوپڕ نییە و ڕەگوریشاڵی دووری هەیە. نەتەنیا لەعێراق بەڵکو لەوڵاتانی دەوروبەریش و لەدەرەوەی عێراقیش ئەو ڕووداوانە هەن و هەستیانپێدەکرێت ئەوەتا دەبینین لەعێراقی ئەمڕۆدا ڕێگە لەئەدەب و هونەرو تەنانەت یارییەکانی سێرکیش دەگیردرێت و بەڕۆژی ڕووناک پەلاماری یەکێتی ئەدیبانی عێراق دەدرێت و لەگەڵ ئەمانەشدا توندوتیژی دژ بەمەسیحییەکانی عێراق چووەتە ئاستێکی مەترسیدارەو ئەو لایەنانەی لەپشت ئەو کردەوانەوەن دەیانەوێ عێراق بەرەو ئاسۆیەکی تاریکبینانە ڕاکێشن بەجۆرێک تاک هیچ دەسەڵاتێکی نەبێت و کاتێکیش دەسەڵات لەتاک زەوتکرا، ئەوا کۆمەڵگا ملکەچ و گوێڕایەڵ دەکرێت و بەداخەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پیلانە ئایان بەکاردەهێندرێت و شتەکان لەژێر پەردەی ئاییندا ئەنجامدەدرێن.

ئەمەش بەو مانایەی کە ئەو هێزەی لەپشت ئەو کردەوانەوەیە بەلایەنی بەرامبەری دەڵێ ئەگەر لەگەڵ مندا نەبیت و وەک من بیرنەکەیتەوە ئەوا «کافری» و هەمووشمان دەزانین بەگوێرەی ئایین کەسێک کافربێت سزاکەی چییە، جگە لەکوشتن چیدی نییە. لەئێستادا ئەو ڕەوتەی کە وابیردەکاتەوە تەنانەت پێشیانناخۆشە ئەم خەڵکە بەئازادی ئاهەنگ و خۆشی بگێڕێت و دژی هەر چەشنە بۆنەیەکی خۆش دەوەستنەوە بۆ نموونە: دژی ئەوەن لەسەریساڵدا خەڵک خۆشی بگێڕێت.

لێرەدا پێویستە هەڵوێستەیەک بکەین و هەموو ئەو کەسانەی کە خاوەنی بیرۆکەو ڕێچکەی نوێن دەبێ بکەونە خۆیان بۆئەوەی وتوێژێکی ژیرانەو لۆژیکییانە لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بکەن. ئێمە خەڵکەکەمان زۆرینەی موسڵمانەو بڕوای بەدیموکراسیەت هەیەو بڕوایان بەپێکەوە ژیان هەیە، بەڵام ئەو گروپەی هەڵگری ئەو بیرۆکانەن هەمیشە دەیانەوێ ئایین بۆ مەرامی سیاسی خۆیان بەکار بهێنن و بەهۆی ئایینەوە هەستی خەڵک بورووژێنن.

لەو چوارچێوەیەدا وشەی جێندەر جگە لەبیانوو بۆ پەڕاندنەوەی پشێوییەکانی بەغداو میسر بۆ هەرێمی کوردستان هیچی دیکە نەبوو.

ئێمە لەهەرێمی کوردستان ئەوە چەندین ساڵە وشەی جێندەر بەکاردەهێنین و ڕێکخراوی تایبەت بەجێندەر هەیەو بەفەرمی لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە مۆڵەتی یاسایی پێدراوەو کاردەکات، کەسیش لاری نەبووە. شتێکیش هەیە پێویستە ڕوونی بکەینەوە ئەویش ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێم ڤیتۆی وشەی جێندەری نەکردووە، بەڵکو سەرۆکی هەرێم یاساکەی ناردووەتەوە پەرلەمان و دەڵێ ئەو وشەیە ڕوونبکەنەوەو بەکوردی و عەرەبی بەرامبەرەکەی بنووسرێت و ئەمەش مانای ڤیتۆکردن ناگەیەنێت.

لێرەدا هیوادارم هەموو ئەوانەی بانگەشەی دیموکراتی دەکەن و خەمخۆری دیموکراتین لەم هەرێمەدا بکەونە خۆیان و کاربکەن بۆ بەرگریکردن لەدیموکراتییەت، چونکە دیموکراسیەتی پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی کراوەتە ئامانج و ئەوەی دەکرێت بەبیانووی بەکارهێنانی وشەی جێندەر پیلانێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوەو پێویستە ڕێگری لێبکرێت.

* ئەمینداری ئەنجوومەنی خانمان

www.netewe.com